مەولانا خالیدی نەقشبەندی

گەلێ پێویستــە بۆ ئینســان لــە ژینــا
بــە هیممــەت بێ لە دنیایــا و لــە دینــا
نەهێڵــێ ون ببــێ نــاوی ئەوانــەی
کە پێشەنــگ بوون لــە ڕێبــازی یەقینا
ئــەوی نــاوی ئــەوانی وا لەســەر دەم
ئــەژی و ئەمرێ لــەگەڵ (روح الامین) !

★ ★ ★

ط) کتێبی (التعریف بمساجد السلیمانیة و مدارسها)ی شێخ موحەممەدی قزلجی .

ی) لە کتێبی (المجد التالد في مناقب الشیخ خالد)ی (ابراهیم فصیح الحیدری)یش هەندێ مەعلووماتم دەس‌کەوتووە .

وەختی خۆی کە من ئەم مەعلووماتەم کۆکردوەتەوە ، شارەزای ئەو ڕێ و شوێنە تازەیە نەبووم کە ئەبێ ناوی کتێب، و لاپەڕەی و ساڵ و شوێنی لەچاپدانی بنووسرێ . بۆیە لەمڕووەوە داوای لێبووردن ئەکەم . بەڵام ئەبێ خوێندەواران دڵنیا بن لەوە کەوا هەرچیم لە کتێبێ وەرگرتبێ بەئەمانەتەوە وەرم‌گرتووە و ، هەرچیشم بە بیستن بیستبێ لە کەسانیوام بیستووە کە جێگای متمانە و باوەڕ بن .

مەولانا و بن و بنەچەی

ناوونیشان و ڕشتەی باوك و باپیر و تیرەی ئەم ذاتــە بەمجۆرەیــە : مەولانا ناوی خالید و کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسەینە و لە تیرەی جــافی مکایەڵی‌یە• دایکی مەولانا ناوی فاطمەیە و لە ساداتی پیر خدری‌یە• مکایەڵی تیرەیەکن لە جافی کۆچەری لە نەتەوەی پیر میکائیلن کە مەشهوورە بــە پیر میکائیلی شەش ئەنگووس (شەش پەنجە) ، کۆزی زستانەیان لە نــاحیەی قەرەداخی سەر بە شارستانی سولەیمانیی ئێستا بووە • بە هاوینانیش چوون بۆ کوێستانە تایبەتی‌یەکانی خۆیان لە کوردستانی ئێران ، بەڵام ئێستـــا خانەنشین بوون و گەرمیان و کوێستان ناکەن •

(پیر میکائیل) یەکێك بووە لە ئەولیا و صاڵحانی ڕۆژگار • ئەم ذاتە لە نەوەی خەلیفەی سێهەم حەزرەتی عوثمانی کوڕی عەففانە و لــە ٧٣٨ی هیجریدا کۆچی کردووە بۆ ناوچەی (جوانڕۆ)ی سەر بە شارستانی (سنە) لە کوردستانی ئێران و بۆ ڕێنموونی‌کردنی موسوڵمانان لە دێی (دەودان) کە دێ‌یەکە لەنزیك چەمی سیروان لە ناوچەی جوانڕۆ دانیشتووە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە و قەبری لەوێ‌یە • پاش خۆی بە ماوەیەك نەوەکەی هاتوون بۆ ناوچەی قەرەداغ و سەنگاو و لەوێ نیشتەجێ بوون •

سەردەمی منالّی و تازە پێگەیشتنی مەولانا

مەولانا لە ١١٩٣ی هیجری [١] لە شاری قەرەداغ لەدایكبووە • لە باوەشی باوكی و لە كۆشی دایكیا پەروەردە بووە • لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدا ناویانەتە بەر خوێندن و هەر لە قەرەداغ قورئانی خەتـم كردووە و كتێبە وردەكانی وەك تەصریفی زەنجانی و عەواملی جورجانی و كتێبی‌تریشی تا ئەگاتە (المحرر)ی فیقهی شافیعی خوێندووە • پاشان كە بەتەواوی پێ‌گەیشتووە و وای‌لی‌هاتووە بتوانێ دوور لە باوك و دایكی بژی ، ناردوویانە بۆ سولەیمانی و بە ئوسووڵی ئەو سەردەمە و تا ئەم‌دواییەش ، لە یەكێك لە مزگەوتەكانا بووە بە فەقێ و خەریكی خوێندن بووە •

ئەم ذاتە هەر بە منداڵی نیشانەی گەورەیی و بەختەوەری و هوشیاری و هەڵكەوتوویی بە ناوچاوانیەوە دیار بووە • زیرەك و بەئەدەب و دەم‌پاراو و ڕەفتار و گوفتار جوان بووە و چەشنی شیعر و ئەدەبی بووە • لەناو میرەكانی باباندا كە لەو سەردەمەدا حوكمڕانی ناوچەی سولەیمانی بوون بەحورمەت و قەدرەوە تەماشای‌كراوە و چ لەبەر بەهرەی خۆی و چ لەبەر ڕێ‌و شوێنی باوك و باپیر و هۆزەكەی بە خۆشەویستی ژیاوە • پاشانیش نامەی زۆر لەنێوان ئەو و ئەو میرانەدا هاتووە و چووە كە لەجێی خۆیدا ئەو نامانە بڵاو ئەكەینەوە •

خوێندنی مەولانا

جاران فەقێكانی كوردستان بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆیان بۆ هەركوێ حەزیان بكردایە ئەچوون بۆ خوێندن و لای هەر مەلایەك بە دڵیان

(١) لە كتێبەی شێخ ئەسعەد صاحێبدا نووسراوە ڕاستەكەی ئەوەیە مەولانا لە ١١٩٠دا لەدایكبووە .

بوایه ئەیانخوێند • بەمجۆرە بە هەموولایەکی کوردستانا ئەگەڕان و تا خوێندیان تەواو ئەکرد و ئیجازەیان وەرئەگرت ئەم شارە و شار و ئەم دێ و دێیان ئەکرد • ئیجازە نامەکەیان ڕشتەی ناوی ئەو مامۆستایانەی تیابوو کە زنجیرەی ئیجازەکەیانی ئەچووەوە سەر تا ئەگەیشتەوە سەر حەزرەتی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ • ئیجازەنامە بە بەڵگەیەکی بایەخدار دائەنرا بۆ دەرخستنی پایەی مەلا ئیجازە دراوەکە •

مەولانا خالیدیش ، وەك هەر فەقێیەکی سەردەمی خۆی ، بەم دەستوورە لە سەردەمی فەقێیەتیدا گەلێ مەدرەسەی دیوە و لای گەلێ لە زانا پایە بڵندەکانی سەردەمی خۆی خوێندوویەتی • ئەو مامۆستایانەی کە بۆمان دەرکەوتووە مەولانا لای خوێندوون ، وەك لە کتێبی (المجد التالد في مناقب الشيخ خالد)ی (ابراهيم فصيح الحيدری) و (التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها)ی شێخ موحەممەدی قزڵجی و (الشيخ معروف النودهی)ی شێخ موحەممەدی خاڵدا نووسراوە ، ئەمانەن :

سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجی مامۆستای مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشا لە گەڕەکی (سەرچیمەن) لە سولەیمانی • سەیید عەبدولڕەحیمی برای سەیید عەبدولکەریم • شێخ عەبدوڵلای خەرپانی • مەلا ئیبراهیمی بیارەیی • مەلا جەلالەددینی خورماڵی • مەلا مەحموودی غەزایی • مەلا صاڵحی تەڕەماری[1] • مەلا عەبدولڕەحیمی زیاری [2] • مەلا موحەممەدی باڵەکی کە مەشهوورە بە ئیبنو ئادەم • شێخ موحەممەد قەسیمی سنەیی کە ئیجازەشی لە خزمەتدا وەرگرتووە •

---

(١) تەڕەمار : دێیەکە لە ناوچەی (سورداش) لە شارستانی سولەیمانی .

(٢) زیارەت : دێیەکە لە نزیك (شەقڵاوە) ، مەلاکانی بە (مەلازادە) ناویان دەرکردووە .

ئـەوەی کە زانراوە ئەوەیـە مەولانـا (شرح شمسی) و (مطوّل) و (حکمة) و (کلام)ی لە سولەیمانی و دەوروبەری سولەیمانی خوێنـدووە • حاشیەی (جلال‌الدینی دوانی) لەسـەر (تهذیـب المنطـق)یشی لای مەلا عەبدولڕەحیمی زیـارەتی خوێنـدووە • عیلمی حیسـاب و هەندەسـە و ئوستورلاب و فەلەکیاتیشی لای شێخ قەسیم خوێندووە (٣) • شـەرحی (مختصر المنتهی)ی (اصول الفقه)یشی لە بەغدا خوێندووە (٤) •

بە هەرجۆر مەولانا لە هەموو عیلمە عـەقڵی و نەقڵیـەکانی ئـەو سەردەمەی خوێندنگا ئیسلامی‌یەکاندا ، وەك صەرف و نەحو و مەعانی و بەیان و بەدیع و وەضع و مەنطیق و ئادابی بەحث و موناظەرە و حیکمەت و هەیئەت و حیساب و هەندەسە و عەرووض و قافیە و ئـەدەب و لوغەت و شەرع و ئوصوولی فیقه و ئوصوولی دین و حەدیث و تەفسیر و تەصەووف، زۆر بەرز و هەڵکەوتوو خاوەن‌پایە بووە ، بەچەشنێ کە هەر ئیشـکال و ئاڵۆزی‌یەك پەیدابووبێ لە ناوچەکەدا لای ئەو چـارەی دۆزراوەتـەوە و زانایانی سەردەم دانیان بە بەرزیی پایەیدا ناوە •

ئیبراهیم فەصیحی حەیدەری نووسـیویە هەر شوێنێـکی گران و موشکیل لە تەفسیری بەیضاوی یا توحفەی ئیبنو حەجەر یا شەرح مەواقیف یا شەرح تەجرید یا شەرح مەقاصید یا شەرح مەطالیع و حاشیەکانی سەیید شەریف لەسـەر شـەرح مەطالیع یا حاشـیەکانی عەبدولحەکیم لەسـەر شـەرح شـەمسی یا شـەرح مـەواقیف یـا حاشـیەکانی شـەرحی موختەصەری مونتەها یا موحاکەماتی ئەحمەدی کوڕی حەیدەر لەسـەر شـەرحی جەلالی دەووانی لەسـەر عەقایدی عەضودی‌یە یا شـورووحی ئیشارات یا شورووحی تەذکیرە لە عیلمی هەیئەتدا یا لە غەیری ئەم کتێبانەدا

---

(٣) الفیض الوارد علی روضة مرثیة مولانا خالد ، تالیـف ابی الثناء محمود الآلوسي .

(٤) المجد التالد في مناقب الشیخ خالد ، تالیف ابراهیم فصیح الحیدري .

بوایە و پرسیار لە مەولانا بکرایە لەبارەیەوە ، بەئاسانی ڕوونی ئەکردنەوە و ئیشکالی پرسیارکەرەکانی نەئەهێشت بەجۆری کە زانایانی سەردەم لەو جۆرە تەقریر و ڕوونکردنەوەیە سەرسام ئەبوون • بەهۆی ئەم زانستە زۆرەیەوە لە هەموولایەکی کوردستانا لەناو ئەهلی عیلم و مەعریفەتدا شۆرەت و ناوبانگی پەیدا کردبوو • کە ئیجازەی مەلایەتیی لە مامۆستای گەورەی خۆی شێخ قەسیمی مەردۆخەیی سنەیی وەرگرت و هاتەوە بۆ خاکی بابان و گەیشتەوە شاری سولەیمانی ، لەناو مەلایانی وڵاتەکەدا پەنجەیان بۆ ڕائەکێشا • عەبدولڕەحمان پاشای بابان داوای لێکرد بە وەزیفەی دەرزوتنەوە لە مزگەوتێ لە مزگەوتەکانی سولەیمانی دامەزرێ ، بەڵام ئەو قوبووڵی نەکرد و بیانووی بەوە هێنایەوە کەوا شایستەی پایەی دەرزوتنەوەی فەقێیان نییە[5] ، تا سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجی مامۆستای خۆی لە ساڵی ١٢١٣دا بە دەردی تاعوون کۆچی دوایی[6] ئەکا ئەوسا مەولانا بە فەرمانی پاشا لە شوێنی مامۆستایدا بە وەزیفەی دەرز وتنەوە دائەمەزرێ و لە هەموولایەکەوە فەقێی لە دەور کۆئەبنەوە و دەست ئەکا بە دەرزوتنەوە پێیان ، بەجۆرێ کە لە هەموولایەکی وڵاتدا ناوبانگ دەرئەکا ، بەتایبەتی لە زانستی حیکمەت و کەلامدا • کاتێکیش کە کاری دەرزوتنەوەی نابێ ، خەریکی کتێب دانان ئەبێ و گەلێ حاشیەی بەقیمەت

---

(٥) وادیارە مەولانا زۆر مەلا چاك بووە و عیزەتی نەفسیشی زۆر بووە ، بۆیە لە شوێنی بێناوا دەرزی نەوتوەتەوە و تا ماوەیەکیش شوێنی گەورە و ناوداری دەست نەکەوتووە . لە سەیید ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی عازەبانیم بیست وتی : مەولانا بەرلەوەی بڕواتە مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشا کە ئێستا بە مزگەوتی شێخ بابەعەلی بەناوبانگە ، لە مزگەوتی ناوبازاڕا دەرزی وتوەتەوە کە عەزیز ئاغای مەسرەف لە سەردەمی ئەحمەد پاشادا تەعمیری کردوەتەوە .

(٦) مەولانا بە پارچە شیعرێکی فارسی ئەم مامۆستایەی خۆی لاواندووەتەوە و ڕستەی (کفاکم خالدا داری النعیم)ی بۆ کردووە بە مێژووی کۆچ کردنی .

لەسەر گەلێ کتێبی بایەخدار ئەنووسێ وەك لەمەولا لە باسی تەئلیفاتەکانیدا باسی ئەکەین •

مەولانا لەوماوەیەدا کە خەریکی دەرزوتنەوە بووە ، گەلێ بە عیززەتی نەفسو ئیستیغنا لە خەلکەوە ژیاوە و گەلێ لە دنیا و ئەهلی دنیا دووربووە و بە شێوەی ئینسانێکی قانیع و واریع ژیانی خۆی ڕابواردووە• هەمیشە وەکو کەسێك کە شتێکی زۆر بەنرخی ونکردبێ و بگەڕێ بیدۆزێتەوە ، موشتاق بووە بەختی یار بێ بگات بە مورشیدێکی ڕۆحیی خاوەن تەصەڕوف و هێز عیلمی تەصەوفی لێ وەربگرێ و لە چاڵی ماددە و دنیا خواهیی‌یەوە بگات بە پایەی بەرزی مەعنەوی و بە کەمالاتی ئینسانی و لە پێوەندی‌یە نەفسانی‌یەکان ئازاد ببێ •

کورتەیەك لەبارەی مامۆستاکانی مەولانا و ڕشتەی سەنەدی ئیجازەیانەوە

یەکەم : سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجی کە زانـایەکی بەرزی وڵاتی سولەیمانی بووە و مامۆستای چەند عالمی گەورە بووە وەکو مەلا ئیبراهیمی بیارەیی کە هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی بووە • ئەم ذاتە خۆی و ســەیید عەبدولڕەحیمی برای سەنەدی ئیجازەنامەیان ئەچێتەوە ســەر ســـەیید موحەممەدی کوڕی خضری حەیدەری •

دووهەم : شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی کوڕی سەیید ئیسماعیلی کوڕی سەیید موحەممەدی مەشهوور بە شێخ موحەممەدە کۆسە لە ســەییدەکانی تەکیەی قەرەداغ کە لە نەوەی ئیمام حەمزەی کوڕی ئیمام مووسای کاظـم بووە • ئەم شێخ عەبدوڵڵایە سەنەدی ئیجازەی ئەچێتەوە ســەر ســەیید موحەممەدی کوڕی خضری حەیدەری • ئــەم ذاتە لە عولوومی دینیدا لە

سەرامەدانی ڕۆژگار بووە و عومرێکی زۆری بە دەرزوتنەوەوە بردووەتە سەر • مەشهوورە یەکێ لە فەقێکانی مەدرەسەی ئەو پاش خوێندنی کتێبی موطەووەلی مەلا سەعدی تەفتازانی و ئیجازە وەرگرتن ڕۆیشتووە و لەسەر دەرزوتنەوە دامەزراوە و ژنی هێناوە • کوڕی ئەم فەقێیەیش هەروا لە خزمەتی شێخ عەبدوڵلادا موطەووەلی خوێندووە و ئیجازەی وەرگرتووە و چووە بووە بە مودەڕڕیس و ژنی هێناوە و کوڕی ئەویش پێگەیشتووە و هاتووەتە خزمەتی شێخ عەبدوڵلا موطەووەلی خوێندووە و ئیجازەی وەرگرتووە •

شێخ عەبدوڵلای خەرپانی لای میرەکانی بابان زۆر بە قەدر و حورمەت بووە و بەروبوومی دێی خەرپانی و گەلێ لە باخەکانی چەمی تەوێڵەی بۆ دیاری کراوە بۆ مەسرەفی خۆی و فەقێکانی مەدرەسەکەی و زۆر بە خۆشی و فەرەحی ڕایبواردووە • مەشهوورە یەکێ لە سانەکانی (لهۆن) لەو سەردەمەدا ویستوویەتی بە گەڕ و بیانووی ئیجارە یا چاودێریکردنەوە خەرپانی و باخەکانی چەمی تەوێڵە لە دەستی شێخ عەبدوڵلا دەربکا • بەمبۆنەیەوە مەلا جەلالی خورماڵی کە برادەری شێخ عەبدوڵلای خەرپانی بووە و یەکێ بووە لە زانا گەورەکان ئەم بەیتە فارسییەی بۆ نووسیوە :

از بهر تست مخصوص خرپانی و طویله
آگاه باش نستانندت بـه مکر و حیله

شێخ عەبدوڵلا بە زستان لە مزگەوتی ناودێی خەرپانی و بە هاوین لەسەر ئاو و باخی (هۆبە) لە سەرووی دێی خەرپانییەوە دەرزی وتووەتەوە • ئاو دێی خەرپانی هاوینان گەرمە ، بۆیە فەقیکان لە گەرمای ناودێ وەڕز بوون • یەکێ لە فەقێکان قەسیدەیەکی لە زەمی خەرپانیدا وتووە ئەمە بەیتێکیەتی :

گر جهنم بود چو خرپسانی
و قنـا ربنـا عذاب النار

شێخ عەبدوڵلا لەشی ساغ بووە و هێزی لەش و چاوی زۆر باش بووە • ئەگێڕنەوە چەند جار هەندێ لە فەقێکانی چوون کتێبی دەرزیـان لەبـەر حوجرەی باڵاخانەکەیدا کردووەتەوە و بـۆیان ڕاگرتووە ، ئەویش لەسەرەوە لە پەنجەرەی حوجرەکەیەوە کتێبەکەی خوێندوەتەوە •

سێیەم : مەلا جەلالی خورماڵی• ئەمیش یەکێ بووە لە زانا گەورەکانی هاوچەرخی شێخ عەبدوڵلا و نێوانیان زۆر خۆش بووە و گەلێ نامەی پڕ لە نوکتەیان لەنێواندا هاتووە و چووە • مەلا جەلال لەناو بابانەکاندا زۆر بەقەدر و حورمەت تەماشای کراوە و گەلێ باخات و زەوی‌وزاری لـــە خورماڵ و دێی زەڵم و چەمی بیـــارە دراوەتێ بۆ ناندانی فەقێـــکانی و تائێستاش باخێك لە چەمی بیارە هەیە پێی‌ئەڵێن (کۆگای مزگەوت) وەقفی مزگەوتی خورماڵ بووە • مەلا جەلال گەلێ جار هاوینان لە چەمی بیـــارە ڕایبواردووە و فەقێکانی لەگەڵ خۆی بردووەتە ئەوێ •

هەرچەند لە کتێبەکەی ئیبراهیم فەصیح و شێخ موحەممەدی خاڵدا باسی ئەوە نی‌یە کە مەولانا لای مەلا جەلالی خورماڵی خوێندبێتی ، بەڵام لە بناری هەورامان لەناو مەلاکاندا باوە کە مەولانا لە خزمەتی مەلا جەلالدا خوێندوویەتی • تەنانەت کاتێ کە مەولانا لە خورماڵ بووە ، مـەلا جەلال نەخۆش بووە و چەند ڕۆژێ نەهاتووەتە دەرەوە بـۆ مەدرەسە • مەولانا چەند شیعرێکی بۆ نووسیوە و تکای لێ کردووە تەشریف بێنێ بۆلایان • ئەمە چەند بەیتێکە لەو شیعرانە کە بە نازناوی (نووری) نووسـیونی چونـکە لەو سەردەمەدا نازناوی شیعریی (نووری) بووە :

میرزام وەفاتەن .. میرزام وەفاتەن
قەدەم ڕەنجە کەر ، وادەی وەفاتەن(١)
شەهەنشای شادیم مات ئاماتەن
بتپەرسا ئاسا ئەروام جە لاتەن (٢)
جە حوجرەی سەراو کەی مبی ڕاهی
هێند مەمدرۆ ماه جە بورج ماهی(٣)
قەدەم ڕەنجە کەر ئامان صەد ئامان
تۆز ئامانت شیفان پەی زامان(٤)
وەرنە ها تەمام نائیرەی دووری
وە کۆی نوورە کەرد سەرتاپای (نووری)(٥)

بەڵام من خۆم لە مەکتووباتی مەولاناوە بۆم دەرکەوتووە کەوا مەولانا لە خزمەتی مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا جەلالدا خوێندوویەتی • لەمەوە و لەوەوە کە مەولانا لە سەردەمی مەلا جەلالدا لە خورماڵ بووە ، دەرئەکەوێ ئەگەر هەر بۆ تەبەڕڕوکیش بووبێ ئەبێ هیچ نەبێ چەند دەرزێکی لای خۆیشی خوێندبێ •

---

(١) واتە : گەورەم ! وادەی وەفاکردنتە بە گفتەکەی خۆت کە بێیت بۆ لامان ، یاخود وادەی مردنمانە لەبەر دووریی تۆ ، دەسا فەرموو ئازاری پێی خۆت بدە و وەفا بە گفتەکەی خۆت بکە و بێ بۆ لامان .

(٢) واتە : شاهەنشای شادمانیی من ماتی نەهاتنی تۆیە ، منیش وەك بتپەرست گیانم لای تۆیە و یادت ئەکەمەوە .

(٣) واتە : کەی لە ژوورەکەی خۆتەوە کە کەوتووەتە سەر سەرچاوەی ئاوەکە ، ئەکەویتە ڕێ و دێیی بۆ لامان ؟ من سەرم سوڕ ماوە تۆ ئەوەندە لە جێی خۆتدا نەجوولێیی .. هەرگیز مانگ ئەوەندە لە برجی ماسیدا خۆی ڕاناگرێ. (سەرنجی پێوەندی [سەراو] و [ماسی] بدە) .

(٤) واتە : ئازاری پێی خۆت بدە و بێ بۆ لامان ، چونکە تۆزی بەری پێت کە دێیی بۆ لامان ئەبێ بە مایەی چاكبوونەوەی زامەکانی دڵمان .

(٥) واتە : ئەگینا ئەگەر نەیەیت ، ها ئەوەندەت زانی ئاگری دووری سەرتاپای (نووری)ی سووتاند و کردی بە کۆی نوورە ..

ئێستاش لە مزگـەوتی خورماڵدا حوجرەیەك هەیە مەشـهوورە بە حوجرەی مەولانا و ئەڵێن مەولانا لەو حوجرەیەدا ژیـاوە • بـەڵام من لاموایە ئەم حوجرەیە هیی ئەو سەردەمەیەتی کە بۆ ئیرشاد چـووە بـۆ هەورامان و لە خورماڵ دانیشتووە ، نەك هیی سەردەمی فەقێیەتی ، چونکە کەم وائەبێ فەقێیەك حوجرەی تـایبەتیی خۆی هەبێ بۆ خوێندن و بـە جیا لە فەقێکانیتر بژی •

ئەم مەلا جەلالە چەند کوڕێکی بووە ، لەناو ئەم کوڕانەیـدا نـاوی مەلا موحەممەد و مەلا مصطەفا و مەلا موحەممەد ئەمینیان دیارە • پاشان کە مەولانا دەستی کردووە بە ئیرشاد ، ئەم مەلا مصطەفایە و کوڕەکانیتری مەلا جەلال و هەروەها مەلامصطەفای برای مەلا جەلالیش لەسەر دەستی مەولانادا تەریقەتیان وەرگرتووە •

وەك لە مەکتووباتی مەولانا خۆیەوە دەرئەکەوێ مەلا جـەلال لـە ١٢٣١ی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە • لە خوالێخۆش بوو شـێخ عەلائەددینی عوثمانیم بیستووە ئەیفەرموو مەلا جەلال لـە چەمی بیـارە بووە نەخۆش کەوتووە و کۆچی دوایی کردووە و جەنازەکەیان بردووەتەوە بۆ خورماڵ و لە گۆڕستانی خورماڵدا ناشتوویانە •

چوارەم : شـێخ موحەممەد قەسـیمی کوڕی شـێخ ئەحمـەدی مەردۆخەیی ، مامۆستای مزگەوتی دارولئیحسانی سنە کە زانایەکی گەورەی کوردستانی سەردەمی خۆی بووە • ئەم ذاتە برای شـێخ موحەممـەد سەعیدی باوکی شێخ قادرە کە شەرحی لەسەر کتێبی (تهذیـب الکلام) نووسیوە • کاتێ کە مەولانا لە هیندستان ئیجازەی ئیرشادی ئەدرێتێ و ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئەگاتە شاری سنە ، شێخ موحەممەد قەسیمی مامۆستای تەمەسسوکی پێئەکا و ئەبێ بە خەلیفەی و ئاخری عومری لـە

تەصەووف و ئیرشاددا صەرف ئەکا تا لە ١٢٣٦ی هیجرەتدا کۆچی دوایی ئەکا •

پێنجەم : مەلا ئیبراهیمی بیارەیی کە ئەویش ئیجازە دراوی سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجی بووە و عالمێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و لە دەوروبەری ١٢٥٠ی هیجرەتدا لە بیارە کۆچی دوایی کردووە •

شەشەم : مەلا موحەممەدی باڵەکی کە مەشهوورە بە ئیبنو ئادەم • ئەم ذاتە عالمێکی زۆر گەورە و هەڵکەوتوو و موئەللیفێکی خاوەن قەڵەم بووە • وا مەشهوورە لە هەموو عیلمێکی عەقلی و نەقلیدا تەئلیفی هەیە • بەداخەوە ئەو کتێبانەی لەچاپنەدراون و نـازانم ئـاخۆ چەندیـان لای نەوەکانی و لای مەلایانی ناوچەی باڵەکایەتی ماون و چەندیان فەوتاون• ئـەم ذاتـە ئیجازەی لە خزمەتی مەلا عەبدوڵلای بایەزیددا وەرگرتووە ، ئەویش لە خزمەتی صیبغەتوڵلا ئەفەندیی حەیدەریدا ئیجازەی وەرگرتووە و وەك خواڵیخۆشبوو شێخ موحەممەدی قزڵجی نووسیویە لە دەوروبەری ١٢٣٠ی هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە •

ئەم مەلا موحەممەدی ئیبنو ئادەمە مامۆستای مەلا موحەممەدی خەتێ بووە • ئەمیش مامۆستای حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی و مەلا عومەری خەیلانی بووە کە لە ڕەواندز مەدرەسەی بووە • مەلا عومەریش مامۆستای حاجی عومەر ئەفەندیی باوکی مەلا ئەفەندیی هەولێر بووە • ئەمانە هەموو لە کەڵە مەلاکانی کوردستان بوون لە سەردەمی خۆیاندا ڕەحمەتی خوایان لێ بێ •

حەوتەم : مەلا صاڵحی تەڕەمـاری کە ئیجـازەی مـەلایەتیی لـە صاڵح ئەفەندیی حەیدەری وەرگرتووە کە ئەویش ئیجازەی لە ئیسماعیل ئەفەندی حەیدەری و ئەویش لە صیبغەتوڵلا ئەفەندیی حەیدەری وەرگرتووە•

هەشتەم : مەلا عەبدولڕەحیمی زیارەتی کە ئەویش ئیجازەی هەر لــە صیبغەتوڵلاّ ئەفەندی وەرگرتووە •

سەنەدی ئیجازە نامەی عالمانی بنەماڵەی حەیدەری ئەچێتەوە ســەر باپیرە گەورەی خۆیان ، زانای بەناوبانگ حەیدەری یەکەم • ئەم ذاتە گەلێ تەئلیفاتی بەنرخی هەیە وەکو حاشیەی لەسەر (اثبات الواجب)ی جەلالەددینی دەووانی و لەسەر شەرح عەقایدی جەلال لەسەر عەقایدی عەضودییــە و گەلێ تەئلیفی نایابی‌تر •

ئەم ذاتە لە نەوەی شــێخ صەفی‌بوددینی ئەردەبیلی‌یە کــە باپیرەی پادشاهانی صەفەویی ئێرانە • پاش ئەوەی کە صـــەفەوی‌یەکان بە ڕەسمی ئیعلانی مەذهەبی شیعەیان کرد ، بنەماڵەکەیان کۆچیان کرد بۆ کوردستانی عوسمانی • حەیدەری یەکەم کە هاتە کوردستانی عوسمانی ئیجازەی مەلایەتیی لای شێخ عومەری باڵەکی وەرگرت کە قەبری لە دێی (زینوێ شێخ)ە •

بنەماڵەی حەیدەری کە هاتنە کوردستانی عوسمانی لە بەشی باکووری شارستانی هەولێری ئێستا نیشتەجێ بوون و دەستیان‌کرد بە بڵاوکردنەوەی زانست و خزمەتی موسوڵمانان و ڕێگا پیشان‌دانیان • حەیدەری یــەکەم لە ١٠٧٠ی هیجرەتدا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە • ئەم بنەماڵەیــە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ لە کوردستانا خزمەتی علیم و دینیان کردووە • دەیــان زانای گەورە و هەڵکەوتوویان تیا پەیدابووە و فەقێ لــە هــەموولایەکی کوردستان و وڵاتانی دەوروپشتەوە لە تورك و عەرەب هاتوونە لایــان خوێندوویانە و ئیجازەی مەلایەتی‌یان لا وەرگرتوون • ئەم بنەماڵەیە دەیان تەئلیفی بایەخداریان نووسیوە • مێژووی ئەم بنەماڵەیە و خزمــەتی بــە زانست و ئایین لە کوردستانا پێویستی بە تەئلیفێکی تایبەتی هەیە •

بچینەوە سەر باسی ئیبنو ئادەمی مامۆستای مەولانا •

شێخ موحەممەدی خاڵ لە کتێبەکەیدا کە لەبارەی شێخ مارفی نۆدێوە نووسیویە ئەڵێ : ئەم ذاتە موحەممەدی کوڕی ئادەمی کوڕی عەبدوڵڵایە لە دەوروبەری ١٧٤٧ی میلادیدا لە دێی (ڕۆستێ) لە ناحیەی (باڵەك) لەدایكبووە و لە خزمەتی باوکیدا خوێندوویەتی کە ئەویش زانایەکی پایە بەرز بووە و وردە حاشیەی لەسەر هەندێ کتێب نووسیوە • ئەنجا چووەتە خزمەتی مەلا عەبدوڵڵای بایەزید بۆ خوێندن و لای ئەو ئیجازەی وەرگرتووە و وەك پێشتر باسمانکرد ئەم مەلا عەبدوڵڵایەش فەقێی صیبغەتوڵڵا ئەفەندی بووە •

ئیبنو ئادەم سەفەری ئەملا و ئەولای زۆر بووە• لە ١١٩٢ی هیجرەتدا چووە بۆ سابلاخ بۆ فێربوونی فارسی • ئەمەش پاش چەند ساڵ مەلایەتی بووە • کە گەڕاوەتەوە چووەتە ڕەواندز و لە سەردەمی موحەممەد پاشادا لەوێ بووە بە مەلا و دەستی بە دەرزوتنەوە و کتێب دانان کردووە • موحەممەد پاشایش زۆر بەحورمەت لەگەڵی جووڵاوەتەوە • پاشان لەبەرئەوە کە ناکۆکی کەوتووەتە نێوان ئەو و موحەممەد پاشاوە ، ڕەواندزی بەجێهێشتووە و چووەتە دێی (دێڵزە) و لەوێ ماوەتەوە تا لە ١٢٥٢ی هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە و لە (کەونە خانووان) نێژراوە • ئیبنو ئادەم لە ڕەواندز فەقێی زۆر چاکی هەبوە و لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە کە مەولانا و مەلای خەتێ و مەلا عەلیی وەسانی لەمانە بوون •

ئیبنو ئادەم یەکێك بووە لە مەلا هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی • ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە کتێبی (عنوان المجد)دا نووسیویە ئەڵێ : یەکێك لە گەورەترینی ئەو عالمانە کە لە سەردەمی منالیی خۆمدا بە خزمەتیان گەیشتووم لای باپیرم ، هەرە زانای زەمان (علی الاطلاق) ، پایەبەرز بەسەر هەموو زانایانی عێراقدا ، خاوەنی تەئلیفاتی هەڵژمێراو و

تەقریراتی سوودبەخش ، مامۆستای هەموان لە هەموو شتێکدا ، مەولانا موحەممەدی کوڕی ئادەمی کوردە ، گۆڕی پڕ بێ لە نوور ، کە مەولانا خالید لە خزمەتیا خوێندوویە و زۆر لە زانایانی عێراق لای خوێندوویانە و باپیری زانام سەیید ئەسعەد صەدرەددینی حەیدەری و مەولانا مەلا یەحیای مزووری و مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی کە لە مەلا گەورەکانی عێراقن ، دانیان بە عیلم و فەضڵیدا ئەنا و لە پایەی فەخرەددینی ڕازیدا بوو و زیاتر لە صەد کتێبی لە عولوومی عەقلی و نەقلیدا نووسیبوو و شەرحی لەسەر (اثبات الواجب)ی جەلالی دەووانی کردبوو کە لە وردترین کتێبەکانی عیلمی کەلامە و ، تەنها پشت بە زانستی خۆی شەرحی کردبوو بێئەوەی تەماشای هیچ کتێبێکیتری عیلمی کەلامی بۆ بکا .

ئەم ذاتە بەشی زۆری کتێبەکانی لە دێی (ڕۆستێ) تەئلیف کردووە . ئەمەش لیستەی ناوی ئەو کتێبانە :

١ ــ مشكاة المنقول في اربعة فنون : النحو والصرف والعروض والمنطق . لە ساڵی ١٢٠٥دا دایناوە ، نوسخەی بە خەتی خۆی ماوە .
٢ ــ مصباح الخافية في شرح نظم الكافية في النحو .
٣ ــ تعليقات على شرح السيوطي على الفية ابن‌مالك في النحو .
٤ ــ تعليقات على حواشي الفوائد الضيائية لعصام‌الدين الاسفرايني .
٥ ــ تعليقات على حواشي الفوائد الضيائية لعبدالغفور اللاري .
٦ ــ تعليقات على الچارپردي على شرح الشافية في الصرف .
٧ ــ كتاب في الوضع والبيان والآداب .
٨ ــ تحرير البلاغة .
٩ ــ شرح تحرير البلاغة .

١٠ــ تعليقات على المطول للتفتازانى و على حواشيه للسيد الجرجانى وحسن چلبي وعبدالحكيم •

١١ــ حاشية على شرح مقدمة التلخيص •

١٢ــ مرآة المأمول في المنطق •

١٣ــ ميقات المعقول في شرح مرآة المأمول في المنطق •

١٤ ــ مرآة المعقول المشتمل على الميزان في المنطق والهندسة والحساب والهيئة والحكمة الطبيعيه والالهيات والكلام ، ثم شرح الميزان والهندسة والهيئة والحساب •

١٥ــ شرح رسالة الحساب لبهاءالدين العاملي •

١٦ــ شرح اشكال التاسيس في الهندسة •

١٧ــ مفتاح المغيب في العمل بالربع المجيب •

١٨ــ تذكرة الاحباب في العمل بالاسطرلاب •

١٩ــ تعليقات على الچغمينى للقاضى زاده الرومى في الفلك •

٢٠ــ شرح على زيج الغ بيگ •

٢١ــ روزنامه (التقويم) •

٢٢ــ مفتاح التنجيم في شرح التقويم •

٢٣ــ تشريح السيارات في الفلك •

٢٤ــ تعليقات على شرح الروزنامة الجديدة والقديمة •

٢٥ــ شرح فرائض المنهج في الفقه •

٢٦ــ مجالس النواميس في الوعظ •

٢٧ــ سلسلة الذهب •

ئــەم کتێبــەی دوایی مێژووی ژیانی خۆیــەتی لە ســاڵی ١٢٣٤ی هیجرەتدا دایناوە ، باسی خۆی و ئەو دەرد و مەینەتەی تیایە کــە بەهۆی کێشەی نێوان خۆی و میری گەورەی ڕەواندزەوە چەشتوویەتی • ئەم کتێبە

کتێبێکی بایەخدارە ، دانەیەکی لە کتێبخـانەی جارانی عەبباس عەززاویدا هەیە کە ئێستا کەوتووەتە دەست کتێبخانەی ئاسار • کتێبەکانی تریشـی هەندێکیان لای نەوەکانی ماون لە ناوچەی ڕەواندز •

ئیبنو ئادەم دوازدە کوڕی بووە ، هەندێکیشیان لە زانستدا سەرامەد بوون و کتێبیشیان داناوە • ئێستاش نەوەی لە دێی ڕۆستێ هەن •

ئیبنو ئادەم ئارەزووی شیعر وتنیشـی بووە و نازنـاوی شـیعریی (واجم)ە •

لە مەلا عوسمانی شەقلاوەم بیستووە کە وەختێ خۆی لای مـەلا عەبدوڵڵای کوڕەزای ئیبنو ئادەم خوێندوویەتی ئەیـوت لەناو بنەماڵەی ئیبنو ئادەمدا مەشهـووره کاتێ کە مەولانـا فەقێ بووە و لای ئیبنو ئادەم خوێندوویە ، ئیبنـو ئادەم هەمووجارێ پێی‌وتووە : خالید تۆ فەقێیـەکی تێگەیشتوویت و ئەبێ بە مەلایەکی چاك ، هەرچەند لە سیمات وادەرئەکەوێ ئارەزووی تەریقەت و شێخیەتیشـت هەبێ و لام‌وایـە ئەبێ بـە شێخی ئیرشـاد • بەڵام من ئێسـتا پێت‌ئەڵێم نـەوەك لەوکـاتەدا تـەرجیحی شێخایەتی‌یەکەت بدەی بەسـەر مەلایەتی و دەرز وتنەوەکەتدا ، چونـکە لە دنیادا لە فەضیلەتی زانست بەرزتر نی‌یە •

بگەڕێینەوە سەر باسی مەولانا :

هۆزی مکایلی هاوینان ڕۆیشتوون بۆ کوێستانی هەورامانی بەشـی ئێران و لە (قەڵاخـانی) و دەوروبـەری (کانیی حـەوش و بارانی) هاوینـەکەیان بەسەربردووە • مەولانا کە بە منالی ئولفەتی لەگەڵ ئـەو ناوچەیە گرتووە ، لە سەردەمی فەقێ‌یەتیشـدا چووە بۆ ئەو ناوە و لەوێ خوێندوویەتی ، بەڵام نازانین لای چ‌مەلایەك لەوناوە خوێندوویەتی •

هەروا پاش ئەوەش کە دەستی کردووە بە ئیرشاد چووەتەوە بۆ هەورامان و لە حەوش و بارانی ژیاوە • بە زوبانی مەولاناوە ئەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : « لە هەواری کەراویە دۆڵەوە تا بەندەنی قەلاخانی بەهەشتی سەرزەوەی یە » •

دایکی مەولانایش لە یەکێ لەو هاوێنە گەشتانەی هۆزی مکایەلیدا مردووە و قەبری لە قەبرستانی (داری بەرمەڕان)ە لە نزیکی بیارەوە •

باسی سەفەری مەولانا بۆ حەج و زیارەتی ئارامگای پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ

وەکو لە کەسانی خاوەن مەعریفەت و شارەزا و خەبەردارەوە بە ئێمە گەیشتووە مەولانا هەر لەوکاتەوە کە فامی پەیداکردووە و ئاوزاویەتی ، نیشانەی بلیمەتی و هەڵکەوتوویی و دووری لە دنیا پەرستی و حەز لە هیممەتی بەرز و پایەی بڵندی پێوە دیار بووە • بە دڵ پێوەندی لەگەڵ پیاوانی خوا بووە و ئارەزووی لێ بووە تووشیان بێ و لەگەڵیاندا هەڵسێ و دانیشێ و لە بەرەکەتیان بەهرەمەند بێ • بەتایبەتی پاش تەواوکردنی خوێندن و دەستکردنی بە دەرزوتنەوە ئەم سۆزە زیاتر لە دڵیدا پەرەی سەندووە •

لەسەر ئەم بناغەیە ئارەزووی بەجێهێنانی فەرزی حەج و زیارەتی ئارامگای پێغەمبەر (د) لە دڵیدا جێگیر ئەبێ و بڕیاری سەفەر ئەدا • لە ساڵی ١٢٢٠دا ئەکەوێتە ڕێ بۆ زیارەتی مەککە و مەدینە و لە ڕێگەی مووسڵەوە ئەڕوا تا ئەگاتە دیمەشقی شام • پاش حەسانەوە ئەچێتە خزمەتی مامۆستای عیلمی حەدیث شێخ موحەممەدی کەزبەری و بۆ بەرەکەت

ئیجازەی ڕیوایەتی ئەحادیثی شەریفەی لێ وەرئەگرێ • هەروا ئەڕوا بــۆ زیارەتی شێخ موصطەفای کوردی کە ئەویش هەر لە دیمەشق بــووە و ئیجازەی ڕیوایەتی حەدیث لەویش وەرئەگرێ و ئیجــازەی تەریقــەتی قادری‌یشی پێ‌ئەدا

لەپاش ئەمە ئەکەوێتە ڕێ بۆ مەدینەی مونەووەرە • لە ڕێگادا بەدەم سۆز و شەوقەوە چەند قەسیدەیەکی فارسی دائەنێ • وا لێرەدا یەکەم بەیتی ئەو قەســیدانە ئەنووسمەوە :

(١) ساربانا رحم کن بر آرزومندان زار
وعده شد نزدیك ، نبود بعد از این جای قرار

(٢) چون منش بیخود کن از ذوق خودی بهر خدای
دل ز جا شد تا بکی محمل نمی‌جنبد ز جای

(٣) این نه بس یثرب که وصفش چشم شخص عالم است
مردمش فخر جهان سالار آل آدم است

(٤) السلام ای چهره‌ات شمع شبستان وجود
السلام ای قامتت سرو بهارستان جود

(٥) ای پناه عاصیان سویت پناه آورده‌ام
کرده‌ام بی‌حد خطا و التجا آورده‌ام

(٦) سرور عالم من دل داده حیران توام
واله و سرگشتهٔ سودای هجران توام

(٧) حق آنانی که تا در قید هستی بوده‌اند
دم بدم در جستجوی خواهشت افزوده‌اند

کە لە مەدینەش نزیك ئەکەوێتەوە و کێوەکــانی دەوری شــاری لێ دەرئەکەوێ قەسیدەیەکی‌تر ئەڵێت کە ئەم بەیتە سەرەتاکەیەتی :

عجایب نشأه‌ای زین دامن کهسار می‌آید
تو گویی با نسیم صبح بوی یار می‌آید

لەپاش ئەم قەسیدەیەش چەند قەسیدەیەکی‌تری لە مەدحی پێغەمبەردا وتووە ، ئەنجا قەسیدەیەکیشی بۆ مەدحی خولەفای ڕاشیدین و ئەصحابەی موهاجیرین و ئەنصار وتووە کە ئەمە یەکەم بەیتیەتی :

به بزم قدسیان چون نکته از فضل بشر رانم
نخستین از مهاجر وانگه از انصار می‌آید

هەروا بەم سۆز و شەوقەوە ئەگاتە مەدینەی مونەووەرە و زیارەتی ئارامگای پێغەمبەر (د) ئەکا و پاشان ئەکەوێتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی یەکێ لە ئەولیا بەڵکو لە بەرەکەتی ئەو وەلی‌یەوە بگاتە ئەو مەبەستەی خۆی • لەم گەڕانەیدا بە خزمەتی پیاوچاکێکی یەمەنی ئەگات • پاش سەلام و دەست ماچ‌کردن داوای ڕێ‌پیشاندان و دڵ ڕوون‌کردنەوەی لێ ئەکات •

ئەگێڕنەوە ئەڵێن ئەم پیاوچاکە بە مەولانای وتووە بچۆ بۆ مەککە • ئەگەر کەسێکت دی لە دەوری کەعبە کردەوەیەکی ناپەسەندی لێ دەرکەوت پەلەپەل مەکە بۆ ئینکارکردنی کردەوەکەی و دەربڕینی ناڕەزایی لێی ، بەڵکو ئەمە خوایە بە مەبەستی خۆت بگەیت •

کە مەولانا ئەگاتە مەککە سبەینی‌یەکی ڕۆژی جومعە ئەچێ بۆ بەیت • لەپاش بەجێ‌هێنانی ئادابی زیارەت لە بەرابەری کەعبەدا دائەنیشێ و دەست‌ئەکا بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و (دلائل الخیرات) • لەوکاتەدا چاو هەڵ‌ئەبڕێ کابرایەك ئەبینێ پشتی داوە بە دیواری کەعبەوە و ڕووی‌کردووەتە ئەم ، ئەکەوێتە دڵیەوە کەوا ئەو پیاوە کابرایەکی بێ‌ئەدەبە چونکی پشتی لە کەعبە کردووە و ڕووی کردووەتە ئەم • لەم خەیاڵاتەدا ئەبێ کابرا بانگی لێ‌ئەکا ئەڵێ : تۆ نازانی کەوا حورمەتی ئینسان لای خودا لە حورمەتی کەعبە زۆرترە ، ئیتر بۆچی ڕەخنە لەوە ئەگری کەوا من پشتم لە کەعبە و ڕووم لە تۆیە ؟ ئاخۆ لە مەدینەی مونەووەرە

ئامۆژگاری‌یان نەکردی ؟

مەولانا بە بیستنی ئەم قسانە گومانی لەوەدا نامێنێ کە ئـەم پیاوە یەکێکە لە دۆستانی خودا و خۆی بەم جۆرە کردەوانە ئەشارێتەوە • ئەڕوا دەسـتی زیارەت ئەکا و داوای لێبووردن و بەخشینی لێ ئەکا و تـکای لێ ئەکا کە ڕێگای پیشـانبدا و دڵی ڕووناك بکاتەوە • ئەویش لە وەڵامدا پێی ئەڵێ : فوتووحاتی تۆ لەم وڵاتەدا نی‌یە و بە ئیشارە تێی‌ئەگەیەنێ کەوا لە هیندستانەوە ئیشارەتێکی بۆ دێ و فوتووحاتی ئەو لەوێ‌یە •

مەولانا دڵنیا ئەبێ لەوە کە کاری ئەو لە حیجاز نی‌یە • لـەپـاش بەجێهێنانی ئاداب و مەناسیکی حەج[1] ئەگەڕێتەوە بۆ مەدینە[2] و لەوێوە بۆ شام و بۆ عێراق و لە سولەیمانی لەسەر شێوەی جارانی دەست ئەکاتەوە بە دەرس‌وتنەوە لەگەڵ خواپەرستی‌یەکی زیاتر لە جاراندا • بەڵام هـەر چاوەڕوانی ئیشارەتەکە ئەبێ کە لەسەر فەرموودەی پیاوچاکەکەی مەککە لە هیندستانەوە بۆی بێت •

لەودەمەدا ڕۆژێ دەروێشێك خۆی ئەکا بە مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشادا کە مەولانا لەوێ دەرزی وتوەتەوە • ئـەم دەروێشـە خەڵـکی هیندستان و لە مریدەکانی قوطبی زەمانە شاه عەبدوڵڵای دیهلەوی (قدس

---

(١) مەولانا کە مەککە بەجێ‌دێڵێ قەسـیدەیەکی ماڵاوایی بۆ ئەڵێ ئەمە سەرەتاکەیەتی :

وا حسرتا جدا شدم از خانهٔ خدا
از غصه وقت گشته شود دل ز هم جدا

(٢) کاتێکیش کە مەدینە بەجێ‌دێڵێ ماڵاوایی لە پێغەمبەریش ئەکا بـە قەسیدەیەك کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

ای جلوه‌گاه ایزد دادار ، الوداع
وی قدوه‌گاه احمد مختار ، الوداع

سره) ئەبێ ، ناوی دەروێش موحەممەد و لەقەبی میرزا ڕەحیمولڵا ئەبێ • لەگەڵ مەولانا ئەبێ بە ئاشـــنا و دۆستی و هەمووڕۆژێ گفتوگۆی لەگەڵ ئەکا • هانی‌ئەدا کە بەیەکەوە بڕۆن بۆ هیندستان بۆ خزمەتی شاه عەبدوللای دیهلەوی بۆ تەریقەت وەرگرتن لەسەر دەستیدا • مەولانا دێتە سەر قسەی و بڕیارئەدا بکەوێتە ڕێ بۆ هیندستان •

چوونی مەولانا لەگەڵ دەروێش موحەممەددا بۆ دیهلی

مەولانا هەواڵی نیازی سەفەری خۆی بۆ هیندستان لەناو فەقێکانی و لەناو دۆســـتان و برادەرانیا بڵاوئەکاتەوە • هەرچەند بەســـەریا دێن و هەوڵ‌ئەدەن پەشیمانی بکەنەوە سوودی نابێ • مەولانا ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەکەوێتە ڕێ و ســـولەیمانی بەجـێ‌ئەهێڵـێ و بـە ئێـرانا لـە ڕێگای موکریانەوە ئەڕوا تا ئەگاتە تاران • لەوێ چەند جار لەگەڵ موجتـەهیدە بە ناوبانگەکانی شـیعە کۆئەبێتەوە و ئەکەوێتە گفتوگۆ • بەتایبـەتی لەگەڵ موجتەهیدێکی ناوداریان کە ناوی میرزا ئیسماعیلی کاشی بووە و لە هەموو عولوومی عەقلی و نەقلیی ئیسلامی شارەزا بووە ئەکەوێتە مونـاظەرەوە • مەولانا میرزا ئیسماعیل بۆڕ ئەدا و پاشانیش بە شێوەی موجامەلە هەندێ موغالەطەی لەگەڵ ئەکا ، لەوانە ئەوە بووە کە پێی‌ئەڵێ لەبارەی عیصمەت و بێ‌گوناهیی پێغەمبەرانەوە ئەڵێی چی ؟ میرزا ئەڵێ پێغەمبـەران هـەموو مەعصووم و بێ‌گـوناهن • مەولانا ئەڵێ مادەم وایـە ئـەی بۆچی خوا ئەفەرموێت : « عَفَا اللهُ عنكَ لِمَ اذِنتَ لَهم » واتـە : خوا لێـت خۆش بێ ، بۆ ڕێگات دان ؟ خۆ تۆ ئەزانی عەفو واتەگەیەنێ کە لەپێش عەفوەکەدا تاوانێك کرابێ ؟ موجتەهیدەکەیش وەڵام ئەداتەوە ئەڵێت : ئەو ئایەتە قســـە لەگەڵ پێغـەمبەر ناکات بەڵــکو لەگەڵ ئەبووبـەکریەتی • مەولاناش ئەڵێ : جا مادەم خوا خەبەری داوە کەوا ئەبووبـەکری عەفـو

کردووه ، ئەی ئێوه ، کۆمەڵی شیعه ، بۆ عەفوی ناکەن ؟ لێـرەدا میرزا ئیسماعیل شەرم دایئەگرێ و بێدەنگ ئەبێ • مەولانا ئەم باسەی خستووەته ناو ئەو قەسـیدە عەرەبیەیەوه که پاش گەیشـتنی به دیهلی دایناوه و سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە :

کَمُلَتْ مَسافَةُ کَعبةِ الآمالِ
حمداً لِمَنْ قدْ مَنَّ بالاکمالِ

پاش ماوەیەك مەولانا تاران بەجێدێڵێ و ئەچێ بۆ شاری (بەسطام و خەرقان و سەمنان و نیشاپوور) و زیارەتی قەبری شێخ بایەزیدی بەسطامی ئەکا و به قەسیدەیەکی فارسی مەدحی ئەکا که ئەمه سەرەتاکەیەتی :

یا رب بحق تربت سلطان بایزید
یا رب بقاطعیت برهان بایزید

پاشان ئەڕوا بۆ شاری (طووس) له خوراسان بۆ زیارەتی ئارامگای ئیمام عەلی ڕەضای کوڕی ئیمـام مووسای کاظم و به قەسـیدەیەك که سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە تەعریفی ئەویش ئەکات :

این بارگاه کیست که از عرش برتراست
وز نور گنبدش همه عالم منوراست

هەروا له ماڵاواییشدا له ئیمام عەلی ڕەضا قەسیدەیەکیتر ئەڵێت که ئەمه سەرەتاکەیەتی :

(خالد) بیا و عزم سفر زین مقام کن
بر روضهء (رضا) بدل و جان سلام کن

لەوێشەوه ڕوو ئەکاته (جام) و زیارەتی ئارامگای شێخ ئەحمـەدی

نامیقی جامیش ئەگات • ئەنجا ئەچێ بۆ شاری (هەرات) لـە ولاتـی ئەفغان و چاوی بە زانایانی ئەو شارە ئەکەوێ کە یەکێکیان شێخ عەبدوللای هەراتی بووە کە پاش گەڕانەوەی مەولانا بووە بـە مرید و بە خەلیفەیشی وەکو لەمەولا باسی ئەکەین •

لە هەراتیشەوە ئەڕوا بۆ (قەندەهار) و (کابول) و دارولیعلمـی (پیشاوەر) و چاوی بە مەلا و زاناکانی ئەم شارەی دوایی ئەکەوێ،ئەوانیش پرسـیاری گەلێ موشـکیلات و گیروگرفتی لێ‌ئەکەن ، ئەمیش وەلامی هەمووی ئەداتەوە • ئەوە ئەبێ بە مایەی ڕێز و قەدر لێ گرتنێکی زۆری •

لە پیشاوەرەوە ئەڕوا بۆ (لاهوور) و لەوێوە ئەچێ بۆ شارۆچکەیەك کە خواناسی گەورە شێخ ئەنائوللای دیهلەوی هاوڕێی شـاە عەبدوللای دیهلەوی لەوێ نیشتەجێ بووە •

مەولانا خۆی نووسیویە ئەڵێ : شەو لە میوانخانەی شێخ ئەنائوللادا خەوەدی ، لە خەوما شێخ ئەنائوللا گازێکی لە ڕوومەتم گرت و ویسـتی بە دان ڕامکێشـێ بۆ لای خۆی ، بەلام بۆی ڕانەکێشرام • کە سبەینێ چوومە خزمەتی شێخ ئەنائوللا بێ‌ئەوەی من هیچم وتبێ فەرمووی خالید ! بڕۆ بۆ لای برام شاە عەبدوللای دیهلەوی• بەجۆرێکیش تێی گەیاندم کەوا فوتووحی من لە خزمەتی ئەودا ئەبێ • لەم قسـانەی شـێخ ئەنائوللاوە تێ‌گەیشتم کەوا هیممەتی خۆی بەکارهێناوە بۆئەوەی بمکا بە مریدی خۆی، بەلام بۆی ڕێ‌نەکەوتووە چونـکە هیممەت و جاذیبەی شـێخ عەبدوللا بەهێزتر بووە

هەروەها مەولانا خۆی نووسیویە : جا لەو شارۆچکەیە دەرچووم و ڕووم‌کردە دیهلی • بە ماوەی سالێك گەیشتمە ئـەوێ • چل ڕۆژ بەرلەوەی بگەمە بەرەوە نیسبەت و نەشئەی بەرەکەتی شێخ عەبدوللام بۆ ئەهات •

شێخ عەبدوڵڵا خەبەری دابوو بە هاوڕێ تایبەتی‌یـەکانی خۆی کەوا من بەڕێوەم بۆلای و بۆ خزمەتی ئەو ئەڕۆم .

بەمجۆرە مەولانا ئەڕوا تا ئەگاتە دیهلی و قەسـیدەیەکی عەرەبی لە باسی سـەفەرەکەی و لە مەدحی شـاه عەبـدوڵڵادا دائـەنێ کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

كَمَلَتْ مسافةُ كعبةِ الآمالِ
حمداً لِمَنْ قد مَنّ بالإكمالِ

پاش حەسانەوە مەولانا بۆ سـبەینێی ئەو شەوە کە ئەگاتە (جیهان ئاباد) ، کە ڕێـکەوتی ڕۆژی جومعەی کردووە بە خزمەتی شێخ عەبدوڵڵا ئەگات و شێخ ئادابی تەریقەتی نەقشبەندیی پێ فێر ئەکات . مەولانـا دەست‌ئەکات بە سولووك و بەجێ‌هێنانی ئادابی تەریقەت و هەندێ خزمەتی زاویەیش ئەگرێتە ئەستۆی خۆی . وا مەشهوورە ئـەم خزمەتە بریتی بووە لە سـەقایی کردن و ئاودان بە هەژارانی ئەو شوێنە . بەمچەشـنە مەولانا ڕۆژبەڕۆژ ئەبێ بە جێگای تەوەججوهاتی شێخ عەبدوڵڵا ، بەجۆرێ کە لـە ماوەی پێنج مانگدا مەقامی حوضوور و موشـاهەدەی بۆ پەیدا ئەبێ و سـینەی ئەبێ بە طووری تەجەللی‌یات و ئەنواری حەق بـە جۆرێ کە مورشیدی گەورە مژدەی ئەداتێ بـە گەلێ مژدەی کەشـفی و ئـەوەندە لە حوزووری شێخ عەبدوڵڵادا خۆشـەویست ئەبێ وەك لەپێشـترین خۆشەویستێکی لە دڵیدا جێ ئەگرێ .

بەمشێوەیە مەولانا بەردەوام لە بەرزبوونـەوەدا ئەبێ و مەقـامی (فەنـا) و (بەقا)ی بۆ ڕێ ئـەکەوێ و بـە هەموو جـۆرێ ئیستیحقـاقی ئیجازەی ئەبێ . وەکو لە هەندێ نامەی شاه عەبدوڵڵادا نووسـراوە کە مەولانا ئەگاتە ئەم پایەیە شاه عەبدوڵڵا بە ئیشارەتێکی ڕۆحانی لەلایـەن

حەزەراتی گەورە گەورانی ئەولیاوە لە جەماعەتی نەقشبەندی (قدس الله اسرارهم) ئیجازەی ئەدا لە هەر پێنج تەریقەتە بەناوبانگەکەدا کە بریتین لە (نەقشبەندی) و (قـادری) و (سـوهرەوەردی) و (کوبرەوی) و (چەشتی) • هەروا ئیذنی ئیرشادیشی ئەدا و ڕێگای ئەدا بۆ ئیجازەدانی حەدیث و تەفسیر و تەصەووف و ئەحزاب و ئـەوراد و ئەدعیە و غەیری ئەمانە•ئەم ئیجازە پێدانەی لەپاش ماوەی ساڵێ ئەبێ لە گەیشتنی بە خزمەتی مورشیدی خۆی • هەروا فەرمانی پێ ئەدات کە چاوی بە عالمی گەورە مودەڕڕیس و واعیظی صۆفی شێخی پیر ساڵ مەولانا عەبـدولعەزیـزی حەنەفیی نەقشبەندیی هیندیش بکەوێ کە کتێبی (تحفهء اثناعشریه)ی لە بەرپەرچدانەوەی ڕافزیەکاندا داناوە کە وێنەی دانەنراوە • ئەویش بە خزمەتی ئـەگات و ئیکرام و ئیحتیرامێکی زۆری ئـەگرێ و ئیجازەی عیلمیی بۆ هەموو عیلمەکان ئەداتێ و ئیجازەی ئەدا کەوا ڕیوایەتی کتێبەکانی صیحاح و غەیری ئەوانیش بکات و ئیجازە نامەی بۆ ئەنووسێ و لە ئیجازە نامەکەدا بەمجۆرە ناوی ئەبا «صاحب الهمة العلية في طلب الحق » •

پاش ئەمانە شاه عەبدوڵڵا ئەیەوێ تەوەججوه لـە مەولانا بکات و عالمی ڕەببانی شێخ ئەبوسەعیدی هیندی و وەلیی خواناس شێخ بەشارەتوڵڵا بانگ ئەکا و مەولانا لەنێوانیانا دائەنیشێنێ و لە یەککاتدا ڕووئەکـاتە هەر سێیان و ڕووی دەم ئەکاتە مەولانا و لێیئەپرسێ : چیت چاو پێ ئەکەوێ ؟ مەولانا ئەفەرموێت : ئەبینم ڕۆحانیەتی سوڵطانولئەولیا حەزرەتی عەلیی مورتەضا (کرم الله وجه) وا بەسەر شـانتەوە • لەویادا شـاه عەبدوڵڵا فەیض و بەرەکەتێکی زۆر ئەڕێژێ بەسەر حەزرەتی مەولانادا کە ئەنجامەکەی لە پاشەڕۆژدا دەرکەوت بە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بە گەلێ لای وڵاتی موسوڵمانانداا •

گەڕانەوەی مەولانا بۆ کوردستان

پاش ئەوەی مەولانا ساڵێ لە خزمەتی شـاه عەبدوڵڵای دیهلەویدا ئەمێنێتەوە و بە فویووضاتی ئەو ئەگا بە پایەی کەماڵ و ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی لێ وەرئەگرێ ، شـاه عەبدوڵڵا ئەمری پێ ئەفـەرموێت کـە بگـەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەس بکا بە ڕێگا پیشان‌دانی ئەوانەی بەدوای ڕێگای خواناسـیدا ئەگەڕێن • مەولانا بە شـاه عەبـدوڵڵا ئەڵێ کەوا کوردستان پڕە لە مەلای پایە بەرز و بەحورمەتی وەکوو بەرزنجەیی‌یەکان و حەیدەری‌یەکان و کەسانی‌تر لە خانەدانەکانی عیلم و فەضڵ و حورمەت و پایەی دینی و دنیایی • ئەویش ئەفەرموێت تۆ بڕۆ خەریکی ئیرشادکردنی خۆت بە ، ئەوانە هەموو خزمەتت ئەکەن ، پیاوە هەرە گەورەکانی دنیایش دەست و پێت ماچ ئەکەن • مەولانایش ئامادەیی خۆی بۆ بەجێ‌هێنانـــی فەرمانەکانی شاەعەبدوڵڵا پیشان ئەدات • ئەنجا شاه عەبدوڵڵا لێی ئەپرسێت: ئیتر چیت ئەوێ ؟ مەولانایش ئەفەرموێ : دینم ئەوێ و دنیایشم ئەوێ بـۆ بەهێزبوونی دین • شاه عەبدوڵڵا ئەفەرموێت : « برو همەرا بشما دادم » واتە : بڕۆ ، وا هەموویم دایتێ •

پاش ئەمە مەولانا ئەکەوێتە ڕێ بێتەوە بۆ کوردستان • شاه عەبدوڵڵا بە خۆی و مریدەکانی تا ماوەی چوار میل بەڕێی ئەکەن و پێشی ئەفەرموێت یەکێ لە ئەولیای گەورە لە شارێ لەم هیندستانەدا هەیە بڕۆ زیارەتی بکە و سـەلامی ئێمەشی پێ بـگەیەنە و داوای دوعای خێری لێ بـکە • کـە گەیشتیشیتەوە سولەیمانی بڕۆ زیارەتی ئارامگای حەزرەتی غەوث بکە لـە بەغدا ، جا خوا حافیظیی لێ ئەکا و ڕەوانەی ئەفەرموێت و پێی ئەفەرموێت : « خالد برو » واتە : خالید بڕۆ • کـە مەولانا ئەگاتە ئەو شارە کـە ئەو پیـاوە گەورەیەی تیابـووە ئەچێ بۆ زیارەتی و سـەلامی مەولانای پێ

ئەگەیەنێ و داوای دوعـــای خێری لێ ئەکا ، ئەویش بـــە خۆشـــەویستی وەڵامی ئەداتەوە و دوعای خێر بـــۆ ئەویش و بـــۆ مەولانایش ئـــەکات و پێی ئەڵێ : « خالد برو به بغـداد فتوح شـما در انجاست » واته : خالید بڕۆ بۆ بەغداد ، دەروو لەوێ لە تۆ ئەکرێتەوە •

بەمجۆرە مەولانا هیندستان بەجێ‌دێڵێ و ئـــەکەوێتەڕێ بـــۆ بەندەری (مەسقەط) و لەوێوە ئەڕوا بۆ (شـــیراز) و (هەمەدان) و ئـــەگاتە هەر شوێنێ ئامۆژگاریی خەڵکی تیا ئەکا و ڕاســـتیی‌یان بـــۆ ڕوون‌ئەکاتەوە • تەنانەت لە هەمەدان هەندێ لە شـــیعەکان نیازی کوشـــتنی ئەکەن ، بەڵام پێیوە نابێ و خوا ڕزگاری ئـــەکا ، جا لەوێوە ئەڕوا بـــۆ (ســـنە) و چەند ڕۆژێ لەوێ ئەمێنێتەوە و باسی سولووك و حاڵی خۆی ئەکا و موسوڵمانان بانگ‌ئەکا بۆ وەرگرتنی ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی • زانای گەورە شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخەیی کە وەختی خۆی مامۆســـتای مەولانا بووە خۆی تەســـلیم ئەکا و ئادابی تەریقەتی لەســـەر دەستدا وەرئەگرێ و ئەبێ بـــە مریدی •

ئەوجا لـــە ســـنەوە ئەکەوێتە ڕێ بـــۆ ســـولەیمانی و لـــە ۱۲۲٦ی هیجرەتدا ئـــەگاتە ئەوێ[1] • زانایان و پیـــاوماقووڵانی شـــار دێن بـــە پێشوازی‌یەوە و بەخێر هاتنەوەی لێ ئەکەن و خۆشی‌و شـــادمانی ئەکەوێتە ناو دۆستان و برادەران و خزمانی •

پاش ماوەیەك حەسانەوە لـــە سولەیمانی ، مەولانا بەپێی فەرموودەکەی شاه عەبدوڵڵا تەشـــریفی دێ بـــۆ بەغدا و لـــە بارەگای حەزرەتی غەوث

---

(۱) گەیشتنەوەی مەولانا بۆ سولەیمانی ڕێـــکەوتی فەرمانڕەواییی خالیـــد پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای کردووە ، بەڵام پاش چەند مانگێ خالیـــد پاشا چووە بۆ بەغدا و عەبدولڕەحمان پاشا بووەتەوە بە ســـەرۆك لـــە وڵاتەکەدا تا ساڵی ۱۲۲۸ •

دائەبەزێ و پێنج مانگ لەوێ لە حوجرەیەکدا ئەمێنێتەوە •

مەولانا لە ١٢٢٦دا بەشێوەی مورشیدێکی خاوەن پایە و بەحورمەت ئەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و دەس ئەکا بە ئیرشادی موسوڵمانان بۆ تەریقەتی نەقشبەندی[٢] • خەڵکێکی زۆر لە زانایان و مەشایخ و ناودارانی وڵات و میران و دەسەڵات بەدەستان و موسوڵمانانی‌تر بە شەرەفی مریدی و مەنسوبیی ئەو موشەڕڕەف ئەبن • گەلێکی‌تریش لە دەرەوەی سولەیمانی‌یەوە دێن بۆ خزمەتی و تەریقەت لەسەر دەستیدا وەرئەگرن • ناوبانگ و شۆرەتی بە وڵاتدا بڵاو ئەبێتەوە • یەکێ لەوانە کە بووە بە مریدی حەزرەتی شێخ عوثمان سیراجوددینی هەورامیی تەوێڵەیی بووە کە پێش گەڕانەوەی مەولانا لە هیندستان لە مزگەوتی حەزرەتی غەوث لە بەغدا نیشتەجێ و خەریکی خوێندن و خواپەرستی بووە و ئەوکاتە بە (فەقێ عوثمان) بەناوبانگ بووە • فەقێ عوثمان هەر لە سەردەمی خوێندندا بەدوای مورشیدێکدا گەڕاوە کە تەریقەتی لەسەر دەستدا وەربگرێ و ڕێگای لای خودای پێ بدۆزێتەوە • بۆیە هەر کە لە بەغدا مەولانای ناسیوە ، تەمەسسوکی پێ کردووە •

مەولانا کە لە سولەیمانی بووە بە هاوین چووە بۆ هەورامان و سەردەمی گەرمای لە هەواری (قەڵاخانی) و (حەوش و بارانی) بەسەر بردووە کە زووتر لە سەردەمی منالّی و لە سەردەمی فەقێیەتیدا ئامۆشۆی بۆ ئەو ناوە بووە و شارەزای بووە • هەرچەند چووە بۆ هەورامان خەڵکێکی زۆر لە هەموولایەکی کوردستانی ئێرانەوە هاتوون بۆلای و تەریقەتیان لەسەر دەستیدا وەرگرتووە • لەم سەفەرانەی هەورامانیدا شێخ عوثمان سیراجوددینیش کە هێشتا هەر بە (فەقێ عوثمان) مەشهوور بووە لە

(٢) ئەم گەڕانەوەیەی مەولانا بۆ سولەیمانی ڕێکەوتی فەرمانڕەوایی عەبدوڵرەحمان پاشای کردووە •

خزمەتیدا بووە و خەریکی سـولووکی تەریقەت بـووە ۰ هەروەها لە یەکێ لەم سـەفەرانەیدا مەلا موصطەفای کوڕی مەلا جەلالی خورماڵیش بووە بە مریدی ۰ گەلێ پیاوی ناوداری‌تری ئێران و ناوچەی هەورامانیش چوونەتە خزمەتی و تەریقەتیان لا وەرگرتووە ۰

کە ناوبانگ و شۆرەتی مەولانا لە هەموولایەکەوە بـڵاو ئەبێتەوە و مرید و مەنسووب لەم‌لا و لەولاوە دائەبارێن بەسـەریدا ، ئەوانـەی کە سوود و قازانجیـان لەگەڵ بوونی مەولانادا لە سولەیمانی یەك‌نەکەوتووە ئەبێ بە ناحەزی و دەس‌ئەکەن بە قسە بڵاوکردنەوە لەدژی و گەلێ شـتی ناڕەوا و نادروسـت بەدەمیەوە هەڵئەبەستن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم جۆرە قسانە ڕوو لە زیادی و زۆربوون ئەبێ ۰ مەولانا هەرچەند حیلم و حەوسـەڵە پیشان‌ئەدا و بە چاکە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە ئەکا بەڵکو ئەمە خوایە بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و گەلێ‌جاریش دوعای خێریان بۆ ئەکا کە خوا چاکیان بکا ، هیچی سوودبەخش نابێ ، ناچار بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئاژاوە و فیتنە ، بەتایبـەتی لەو سەردەمەدا کە ناوچەی بابان پڕبووە لـە پشێوە بەهۆی هەرای نەبڕاوەی نێوان خالید پاشای کوری ئەحمەد پاشا و عەبدولڕەحمان پاشای کوڕی مەحموود پاشای گەورەوە ، مـەولانا بڕیار ئەدا لە سـولەیمانی نەمێنێتـەوە تا ئەم ناکـۆکی‌یە نەبێ بە هۆی بەڵا و موحیبەت بۆ موسوڵمانان و نیازی سەفەری بەغدا ئەکا ۰

سەفەری دووهەمی مەولانا لە سولەیمانی‌یەوە بۆ بەغدا

کە ناحەز و بەدنیهادان بوختان و قسـەی پڕوپووچی زۆریان بەدەم مەولاناوە بڵاوکردەوە و ، قسـەکانیش ئەگەیشتنەوە بە فەرمـانڕەوای

ڕۆژ ، مەولانا لە دانیشتنی سولەیمانی ماندوو بوو • بۆیە بڕیاری کۆچ‌کردنی دا و لە ساڵی ١٢٢٨ی هیجرەتدا سولەیمانیی بەجێ‌هێشت و کەوتە ڕێ بۆ بەغدا • مەولانا لە سەردەمی ویلایەتی سەعید پاشای کوڕی سولەیمان پاشای گەورەدا گەیشتە بەغدا و لە مەدرەسەی (ئەحسائیة) کە ئەکەوتە کەناری دەجلە لە بەری ڕەسافەوە لە گەڕەکی ڕەئسولقەریە و ئێستا پێی ئەڵێن (تەکیەی خالیدییە) دائەنیشێ و زانایان و پیاو ماقووڵان و خەڵکی‌تر لە هەموولایەکەوە دێن بۆ لای و تەریقەت لەسەر دەستیا وەرئەگرن و دەست ئەکەن بە سولووك •

لەبارەی دامەزرانی حەزرەتی مەولاناوە لەم مەدرەسەیەدا ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە کتێبی (المجد التالد)دا نووسیویە : لە نزیکی ماڵی ئێمەوە مەدرەسەیەك هەبوو پێیان‌ئەوت (ئەحسائیة) وەختی خۆی عەبباسی‌یەکان دروستیان کردبوو • ئەگێڕنەوە حەزرەتی غەوثیش سەردەمێ لەو مەدرەسەیەدا گۆشەگیر بووە و ڕیاضەتی کیشاوە ، پاشان گواستوویەتیەوە بۆ (بابولئەزەج) • ئەم مەدرەسەیە بەدرێژایی ساڵ کۆن بووە و ڕووخاوە • کە مەولانا دێتە بەغدا ئەسعەد حەیدەریی باوکم و سەیید عوبەیدوڵلای مامم و جاسم بەگی شاوی کە خاڵۆزای باوکم بووە هەوڵیان‌داوە و بەیارمەتیی سەعید پاشای والی مەدرەسەکەیان ئاوا کردووەتەوە ، جا عەرزی حەزرەتی مەولانایان کردووە کە تەشریفی لەو مەدرەسەیەدا دانیشێ و خەریکی ئیرشاد و تەدریس بێ تیایدا ، ئەویش قوبووڵی ئەفەرموێت و مەدرسەکە ئەبێ بە جێگەی ئیرشاد کردنی و گەلێ کەس سوودی تیا لێ وەرئەگرن • پاش کۆچی مەولاناش بۆ شام خەلیفەکانی و خەلیفەکانی ئەوانیش هەر لەو مەدرەسەیەدا ئیرشادیان کردووە و تا ئەمڕۆیش ئیرشادی هەر تێدا بەردەوامە •

ئیبراهیم فەصیح درێژە بە قسەکانی ئەدا و ئەڵێ : ڕۆژێکیان سەعید

پاشا بە خۆی و دەست و دائیرەیەوە دێ بۆ زیارەتی مەولانا • کە ئەگاتە تەکیە و تەماشای مەولانا و مریدەکانی ئەکات کە هەموو لە زانایانی بەرز بەرز بوون لە حاڵەتی تەبیعی دەرئەچێ و ئەکەوێ بەسەر پێی مەولانادا • کە دێتەوە سەر خۆی داوای دوعای خێر لە مەولانا ئەکا • مەولانایش دوعای ئەنجام چاکیی بۆ ئەکات و بەشێوەی ئامۆژگاری پێی‌ئەڵێ ئاگاداربە سبەینێ هەرکەسێ پرسیاری لە حاڵ و کردەوەی خۆی لێ ئەکرێ ، بەڵام تۆ پرسیارت لە کردەوەی خۆت و هەموو ئەوکەسانە لێ ئەکرێ کە لەژێر فەرماتتدان و خراپەی ئەوانیش لەسەر تۆ ئەژمێررێ چونکە لە سایەی تۆوە ئەتوانن خراپە بکەن•کەواتە پێویستە ئاگات لە خۆت بێ چونکە ڕۆژیکی‌وا بەڕێوەیە دایك لەتاو سەختیی ئەوڕۆژە ئاگای لە منالی شیرەخۆرەی خۆی نامێنێ و دووگیان بەرەکەی لە تاواندا ئەخا و خەڵکت وا دێتە بەرچاو کە سەرخۆش بن ، سەرخۆشیش نین بەڵام بێهۆشی ترسی ئازار و سزای خوان چونکە ئازار و سزای خوا زۆر سەختە • ئیبراهیم فەصیح ئەڵێ لەم‌ماوەیەدا کە مەولانا ئەم ئامۆژگاری‌یانەی بۆ سەعید پاشا ئەکرد ، ئەو بە دەنگی بەرز ئەگریا و ناڕەحەتیی حاڵی خۆی دەرئەبڕی ، تا مەولانا هەستا و چوو دەستی خستە سەر ملی والی و ئەویش ئارام بووەوە و دامرکایەوە ، جا مەولانا چووە ژوورەوە بۆ ناو ماڵی خۆی کە دەرگای لەسەر تەکیە بووە و والی‌یش چووەوە بۆ جێی خۆی ، پاشان مەولانا بەیانی ڕاستیی ئیمان و باوەڕی والیی فەرموو •

پاش‌ئەوە کە مەولانا لە بەغدا دائەمەزرێ ، زانایان و پیاو چاکانی وڵاتان لە هەموولایەکەوە ڕووی تێ‌ئەکەن بۆ تەریقەت لێ وەرگرتن و بۆ سوود وەرگرتن لە عولوومی ظاهیری و باطینی لای ئەو • یەکەم‌کەس لە زانایانی بەغدا کە پایەی خەلیفەیی لەسەر دەستی ئەودا وەرگرتووە سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری بووە • هەروا گەلێ مەلای گەورەی عەرەب و

تورك و كورد هاتوون بۆ لای داخلی تەریقەتی نەقشبەندی بوون •

گەڕانەوەی جاری دووهەمی مەولانا لە بەغداوە بـۆ سولەیمانی

تا ئەم ماوەیە وەزعی سولەیمانی گۆڕا و مەحموود پاشـای كوڕی عەبدولڕەحمان پاشا بوو بە فەرمانداری ولاتی بابان و نێـوانی بەغدا و سولەیمانی باش بوو • جا مەحموود پاشا بە سەفەر هات بۆ بەغدا و چوو بۆ زیارەتی مەولانا لە تەكیەی خالیدییە • كە پایەی حورمەت و ئیرشـادی مەولانای لە تەكیە دی و چاوی پێ‌كەوت كە چۆن گەلێ پیاوی گەورە و زانای بەرزی ولات لە خزمەتی مەولانادان و حالی بوو كەوا ئەمانە هەموو دان بە گەورەییی مەولانادا ئەنێن ، زۆر بە دڵ گەرمی و ئارەزووەوە تكای لێ كرد كە بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و چاو لە عاجزی و ناڕەحەتی‌یەكانی پێشوو بپۆشێ بۆئەوەی خەلكی ولاتەكە زیاتر سوود لە نوور و بەرەكەتی وەرگرن • مەولانایش لەبەر پێوەندی دەروونی بە نیشـتمانەوە و لەبەر خۆشەویستیی خەلكی ولاتەكە تكاكەی پەسەند كرد و گەڕایـــەوە بۆ ســولەیمانی •

لە هیچ بەلگەیەكدا مێژووی ئەم گەڕانەوەیەی مەولانام بۆ سولەیمانی نەدیوە ، بەلام دیارە یا سالی ١٢٣١ یا ١٢٣٢ بووە چونكە تا سالی ١٢٣٠ هەر سەعید پاشا والیی بەغدا بووە • لە ١٢٣٠دا عەزل كراوە و بەیارمەتیی مەحموود پاشا داوود پاشا بووە بە والیی بەغدا و بەسرە و شارەزوور • لە سالانی ١٢٣١ و ١٢٣٢دا نێوانی مەحموود پاشا و داوود پاشا خۆش بووە و مەحموود پاشا توانیویەتی بێ بۆ بەغدا • ئەم نێوانە خۆشی‌یە لە سـالی ١٢٣٣دا تێكچووە •

هەرچۆن بێ مەولانا هاتەوە بۆ سولەیمانی و مەحموود پاشـایش بە ڕاسـتی خزمەتێکی زۆری کرد و ئەم خانەقا گەورەیە کە ئێستا هەیە لە سولەیمانی بە ناوی مەولاناوە ، ئەو بۆی دروستکردووە • مـەولانا لەم خانەقایەدا ئەحەسێتەوە و پاشا هەندێ موڵکی باشیشی وەك دێی(کەماڵان) و چەند دێیەکی‌تر لەسـەر خانەقا وەقف ئەکا بۆ ژیانـدنی هـەژاران و دانیشتوانی •

مەولانا دەستئەکا بە ئیرشاد و ڕێگا پیشاندانی موسوڵمانان و ، پیاوانی کارامە و ڕاسـتی پەرسـت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای وڵاتانی ئیسلامەوە ڕووئەکەنە سولەیمانی بۆ وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەسـتی مەولانادا و بۆ کەڵك وەرگرتن لـە زانست و ڕۆحانی‌یەتی ، وەکو شێخ ئیسماعیلی شیروانی و شێخ حافظی ئۆرفەلی و شێخ ئەحمەدی ئاگرەبۆزی و شێخ فەیزوڵلای ئەرزرۆمی • زاناکانی بەغدایش کە بووبوون بە مریدی ، ئەهاتن بۆ خزمەتی بۆ سولەیمانی • تەنانەت سەیید عوبەیدوڵلای حەیدەری هەر لەگەڵ مەولانا خۆیدا هاتووە بۆ سولەیمانی و لەوێ ماوەتـەوە لای لە خانەقادا •

لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆر بە نـووری دەروونی پیرۆزی مەولانا نوورانی ئەبن و تەنانەت لە حەرەمەینی شەریفەین و قودسی پیرۆز و شام و حەڵەب و شارانی عێراقەوە لە عەرەب و کورد ، هەروا لە شەمدینان و ماردین و عینتاب و ئۆرفە و دیاربەکر و وڵاتی ڕۆم و هیند و ئەفغان و داغستان و ماوەرائەننەهر و میسـر و عومان و هەنـدێ وڵاتی ڕۆژاواوە مرید دەسـتە دەسـتە ئەهاتن بـۆ لای و ، لەوپەڕی وڵاتی مەڕاکیشـەوە پیاوچاکی بەناوبانگ شێخ موحەممەدی مەغریبی هات بۆ لای بۆ سولووك کردن و ملی بۆ کەچ کرد • ئەمە هەمووی سەرەڕای زانایانی بەناوبانگی وەکو سەیید ئەسعەد صەدرەددینی حەیدەری و سەیید صیبغـەتولـلای

حەیدەری و سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری و مەلا یەحیای مزووری و مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی و مەلا عەبدوڵڵای جەلی و شێخ عوثمان سیراجوددینی تەوێڵەیی و مەلا موصطەفای خورماڵی کە هەموو بە گیان و دڵ فەرمانیان لێ وەرگرتووە • تەنانەت ئەگێڕنەوە سەیید ئەسعەد صەدروددینی حەیدەری کە موفتیی بەغدا بووە وتوویە ئەگەر مەولانا فەرمانم پێ بدا کاسەیێ شیر لەسەر سەرم دانێم و بە بازاڕی بەغدادا بگەڕێم بەو شیرەوە ، فەرمان بەرداریی ئەکەم • بەشی زۆری مەنسووبەکانی مەولانا لە زانایانی پایەبەرزی ئاینی بوون و ، کەسیتری وەك مەولانا لەناو پیرانی تەریقەتدا هەڵنەکەوتووە ئەو هەموو مەنسووبەی لە ڕیزی مەلا پایە بەرزەکاندا بێ •

مەولانا وەك خەریکی ئیرشادی موسوڵمانان بووە لەسەر ڕێ و شوێنی تەریقەتی نەقشبەندی ، هەروەها چ لە بەغدا و چ لە سولەیمانی دەرسی عولوومی دینیشی وتوەتەوە ، دەرسی تەفسیری قورئان و حەدیثی شەریف و فیقهـ و تەصەووفی بەدەوام بووە و ، هاوینانیش تەشریفی بردووە بۆ هەورامان و لە گەلێ شوێنا لە شوێنە خۆش و ئاودارەکان تا گەرما بەسەر چووە ، وەختی بەسەر بردووە •

بیستوومە مەولانا لە یەکێ لەو هاوینەخۆرییانەی هەورامانیدا لە سەرچاوەی (حەوش و بارانی) چەند هۆدەیەك خانوویشی بۆ خێزان و دەست و پێوەندەکانی کردووەتەوە کە زیاتر مریدەکانی بە شانی خۆیان بەردیان بۆ بردووە • یەکێ لەوانەی لەم بەردگواستنەوەیەدا بەشدار بوون شێخی سیراجوددین بووە کە ئەوکاتە هێشتا بە (فەقێ عوثمان) ناسراوە • ئەو وەستا بەنایە کە خانووەکەی بۆ مەولانا کردووەتەوە ، داوای لێ کردووە چاوی میهرەبانی و لوطفی لە فەقێ عوثمانەوە بێ •

کۆچ کردنی مەولانا بۆ جاری سێهەم بۆ بەغدا و دوا سەفەری لە بەغداوە بۆ هەورامان و کۆچی یەکجاریی لەوێوە بۆ شام

مەولانا نزیکەی شەش ساڵێك لە سولەیمانی مایەوە [1] ، لە ئاخر و ئۆخری ئەو ماوەیەدا سەرنج ئەدا وەزعی سولەیمانی بەش بەحاڵی ئەو و مریدەکانی باش نی یە ، بەتایبەتی جەنگ و ئاشووبێکی زۆریش لەناو بابانەکان خۆیاندا هەر بەردەوام بووە ، ئیتر بەجارێ دڵی لە سولەیمانی و دانیشتن لە سولەیمانی بێزار ئەبێ و لە سەبەینێی ٢٥/١٠/١٨٢٠دا کە ڕێکەوتی ١٢٣٦ی هیجرەتی کردووە لەگەڵ حەرەمەکانی [2] ڕێگای بەغدا ئەگرێتەبەر و ماڵ و عەلاقە و پێوەندو مریدەکانی لە سولەیمانی بەجێ ئەهێڵێ و شێخ عەبدوڵڵای هەراتی ئەکا بە جێ نشینی خۆی و لەسەر خانەقای دائەنێ . ئەم شێخ عەبدوڵڵای هەراتی یە خەلیفەی مەولانا خۆی بووە و لە سەفەری هیندستاندا ناسیویەتی و پاش ئیجازەی ئیرشاد وەرگرتن و گەڕانەوەی مەولانا بۆ کوردستان ، لەوێوە هاتووە بۆ خزمەتی و بووە بە مریدی و گەیشتووە بە پایەی خەلافەت .

---

(١) واتە پاش گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆ سولەیمانی ، شەش ساڵی تیا ماوەتەوە . پێش ئەمجارەش دوو ساڵی تر لە سولەیمانی بووە ، ئەمە تێکڕا کردیە هەشت ساڵ .

(٢) ڕێچ ئەڵێ مەولانا لەمکاتەدا چوار ژنی بووە لە سولەیمانی دەرچوون لەگەڵی . بەڵام ئێمە تێکڕا ئاگاداری سێ ژنین لە ژیانی مەولانادا .

که ئه‌گاته به‌غدا ئه‌چێته‌وه ته‌کیه‌ی خالیدییه که جێگای جارانی بووه و چاکتر له‌وسا خه‌ریك ئه‌بێته‌وه به ئیرشادی موسوڵمانان و په‌روه‌رده کردنیان و ده‌رس‌وتنه‌وه‌وه به فه‌قێ و ، زانایانی گه‌وره له ده‌وری کۆئه‌بنه‌وه و والیی به‌غدا داوود پاشا که له ۱۲۳۰ یه‌وه بووبوو به والی و هێشتا له‌و پایه‌دا مابوه‌وه حورمه‌تێکی زۆری ئه‌گرێ و خزمه‌تێکی زۆری ئه‌کا و ته‌کیه‌ی خالیدییه‌ی بۆ ئاوه‌دان ئه‌کاته‌وه • مه‌نسووبه‌کانیشی له هه‌موولایه‌که‌وه دائه‌بارێنه‌وه به‌سه‌ریدا و ئه‌که‌ونه‌وه وه‌رگرتنی ده‌رس و ئامۆژگاری‌یه‌کانی •

زانایانی شام و موسوڵمانانی ئه‌و ناوچه‌یه چاوه‌ڕوانی سوود وه‌رگرتن له به‌ره‌که‌تی ئه‌م ذاته ئه‌بن ، چه‌ند جار داوای لێ ئه‌که‌ن خه‌لیفه‌یه‌کی بنێرێ بۆ لایان بۆ ڕێگا پیشاندانیان ، مه‌ولاناش شێخ ئه‌حمه‌دی هه‌ولێری ئه‌نێرێ که خه‌لیفه‌یه‌کی ته‌واو و خاوه‌نی ته‌صه‌ڕوفاتی ڕۆحی و پیاوێکی ده‌م و ده‌ست و دڵ خاوێن و به‌ئه‌ده‌ب بووه • ئه‌م ذاته که ئه‌گاته شام و نیشانه‌ی ته‌وه‌جوهاتی ده‌رئه‌که‌وێ ، زیاتر له جاران زانایانی ئه‌و وڵاته ئومێده‌واری فه‌یض و به‌ره‌که‌تی مه‌ولانا ئه‌بن و په‌ی‌ده‌رپه‌ی نامه‌ی بۆ ئه‌نووسن که ته‌شریفی بڕوا بۆلایان تا دوور و نزیك له‌و وڵاته به هاتنی شادمان بین و عولوومی ئیسلامی له‌وێ له جاران زیاتر گه‌شه بکا ، به‌ڵام مه‌ولانا به‌پێی (الامور مرهونة باوقاتها) و (اذا اراد الله شيئا هيأ اسبابه) چاوه‌ڕوانی ئه‌وه ئه‌بێ ئه‌سبابی سه‌فه‌ری بۆ ڕێ‌بکه‌وێ و جوابی جوانی پێویست بۆ ئه‌وانه ئه‌نووسێته‌وه که بانگیان کردبوو بچێ بۆ وڵاتی شام •

له‌م‌لایشه‌وه مه‌ولانا له‌به‌ر پێوه‌ندی ده‌روونی به وڵاتی خۆی و به‌و خه‌لیفه و مریدانه‌یه‌وه که له‌پاش خۆی به‌جێی‌هێشتبوون و ، به‌هۆی گه‌رمای به‌غدا و ئولفه‌تی خێزانیه‌وه به هه‌وای کوێستانه‌وه و ، بۆ زۆربوونی

سالیکانی ڕێگای حەقیقەت لە کوردستاندا ، هەموو ساڵێ هاوینان بەغدای بەجێ ئەهێشت و ئەچوو بۆ هەوارەکەی خۆی لە هەوراماں و بەمجۆرە ساڵانی ١٢٣٦ و ١٢٣٧ و ١٢٣٨ی ڕابوارد • لە ساڵی ١٢٣٨دا کاتێك لە هەوار ئەبێ لە هەوراماں ، نامە و داخوازیی لە خەڵکی شامەوە بۆ دێ و لەسەر داوای ئەوان بڕیاری چوون بۆ شام ئەدا •

هەر لەم سەردەمەدا لە کوردستانیشەوە بەهۆی پایە بەرزبوونەوەی مەولانا و بەهۆی ئەوەوە کە موسوڵمانان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ڕووی تێ ئەکەن و لە هیندستان و ئێران و ئەفغانستان و تورکیا و عەرەبستانەوە سەرەڕای کوردستان خۆیشی دێنە لای و سوود لە بەرەکەتی وەرئەگرن ، هەروا لەبەرئەوە کە بۆ هەموان ڕوون ئەبێتەوە کەوا مەولانا پیاوێکی گەورە و خاوەن فەیز و بەرەکەتە و تازەکەرەوەی موسوڵمانەتییە ، مەحموود پاشای بابان لەسەر داوای گەورە پیاوانی وڵات ئەچێ بۆ هەوار بۆلای مەولانا و زیارەتی ئەکا و تکای لێ ئەکا بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و بە یەکجاری تیا نیشتەجێ بێ •

بەڵام لەسەر بناغەی حەدیثی پیرۆزی « لا يُلدَغُ المؤمنُ من جُحرٍ واحدٍ مرّتينِ » و ، لەبەر زیرەکی و تێگەیشتنی دامەزراوی مەولانا خۆی و ، لەبەر دڵسۆزیی لەئەندازە بەدەری بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ، حەزکردنی لە ئارامیی وڵات و ، بۆئەوەی نەبێ بە بەهانەی هەندێ شتی ناڕەوا و نەگونجاو لەگەڵ کەرامەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، هیچ گوێی بە ڕجا و تکای پاشا نەدا و عوزری بۆ هێنایەوە و بێدەنگ و سەدا هەر لە کوێستانەوە بە ڕێگەی (دەیروززوور)دا تەشریفی چوو بۆ شام و لە ساڵی ١٢٣٨ی هیجرەتدا گەیشتە شاری شام (٣) •

---

(٣) لەبەرئەوەی کە مەسەلەی کۆچکردنی دواجاری مەولانا لە سولەیمانی بووە و ئەبێ بەهۆی قسەلێکردنی گەلێ کەس و جاروباریش کەسانی

. . . .

بێئاگا بە ئارەزووی خۆیان لە مەسەلەکە ئەدوێـن و زیاد و کەم لـە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەدا ئەکەن و ڕاستی ئاوەژوو ئەکەن بەجۆرێ کـە ئەبێ بە مایەی ئازاردانی دڵی گەلێکی‌تر ، ویستم بۆ دەربڕینی ڕاستی باسی غەوغا و ئاژاوەی خەڵك بەرابەر بە مەولانا لەم پەراوێزەدا بنووسم و لەسەر مەعلوماتی واقیعی و عیلمی و بـەراوردکاریی بەڵـگەکان ڕاستەقینەی ئەو کارەساتە و هۆکانی دەربخەم .

مەشهوورە کە مەولانا کاتێ ئیجازەی ئیرشادی لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵلای دیهلەویدا وەرگرت و لە هیندستانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و هاتەوە سولەیمانی و دەستی‌کرد بە ئیرشـاد و تەبـەعەی زۆر بوون ، مەرحووم شێخ مەعرووفی نۆدی بوو بە ناحەز و دژی و بوو بە هـۆی دەرچوونی لە سولەیمانی و کۆچ‌کردنی بۆ بەغدا .

ئەمە ئەوەیە کە لەناو خەڵکدا مەشهوورە . بـەڵام ئەبێ هوشیـار و ئاگادار بین ئەو ڕووداوە هەروا بەوجۆرە و بەوهۆیەوە نەبوە بەکورتی ، بەڵـکو گەلێ ئەسـبابی واقیعی لەو مەسـەلەیەدا هـەن بوون بەهۆی کۆچ‌کردنی مەولانا . جارێ با پێشان ئەم ڕاستی‌یانە بخەینە بەرچاو :

یەکەم : ئەو تەریقەتە کە مەولانا ئیرشادی خەڵکی بۆ ئەکرد ، تەریقەتی نەقشبەندی بوو . ئەم تەریقەتە هەرچەند لە زەمانی کۆندا بووە و لـە کوردستانیشدا نیشانەی بووە ، بەڵام لەو چەرخەدا وەکو تەریقەتێکی ناسراو لە کوردستاندا نەبوە و لەناو خەڵکدا ناوبانـگێکی نەبـوە . لـە تەریقەتی نەقشبەندیدا ئەدەب‌کردنی مرید لە مورشید زۆر بەقیمەتە . زوربەی مریدەکان لـە بەرابەری مورشیدەکانیانەوە وەکو خزمـەتکار بەرابەر بە گەورەی خۆیان ڕائەوەستن . ئەم حـاڵەتە ئەگەر لەسـەر ئیعتیباراتی فیز و تەکەببور بێ گوناهێکی نابار و ناهەموارە و دین قوبووڵی نـاکات .

یەکێ لە ئادابەکانی تەریقەتی نەقشبەندی ڕابیطەکردنی مورشیـدە ، واتە مرید چاو بەیەکدا ئەنێ و ڕۆحانی‌یەتی مورشیدەکەی خـۆی بـە خەیاڵ حازر ئەکات و وائەزانێ هەمیشە بەرەکەت و پیرۆزی لەلایـەن خواوە ئەگات بە ڕۆحانی‌یەتی پێغەمبەر و لەلای ئەویشەوە ئەگات بـە ئەرواحی ئەولیا و مورشیدیش لە ئەولیایە و لە ڕۆحی ئەویشەوە ئەگات بە دڵی مریدە خاوەن ڕابیطەکە .

ئەم ڕابیطەیە هەرچەند لە نوصووصی هەر چـوار مەذهەبـەکەی ئیسلامدا دەلیل و بەڵگە لەسەر ڕاستی و دروستیی هەیە ، بەڵام خەڵکی

. . . .

هەڕەمە و ئەو مەلایانەی لەم ڕاستییە بێئاگان ، باش تەماشای ناکەن و ئینکاری ئەکەن و جارجاریش زۆر بەتوندی بەرەنگاری ئەوەستن .

یەکێتر لە ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی تەوەجوهـکردنە کە واتـە مورشید لـە بەردەمی مریدا دائەنیشـێ و هەردولایـان چاو ئـەبڕن بەیەکدا و مورشـید ڕووی دڵی خۆی ئەکاتە دڵی مریدەکەی بۆئەوەی ئـەو نوور و بەرەکەتەی لـە دڵی خۆیدایە بگات بە دڵی ئـەو و بـەو نوور و بەرەکاتە دڵی لە خەیاڵی خراپ پاك بکاتەوە ، وەك چۆن زەڕەبین بەرابەر بە ڕۆژ ئەگیرێت و بەهۆی نووری ڕۆژەوە کاغەز ئەسووتێنێ ، بەوجۆرە مورشیدیش تەئسیر ئەخاتە ناو دڵی مریدەکەیەوە . ئەمەیش هەروەها لەناو خەڵکا نەبیسراو بووە و خەڵك ئولفەتیان پێوە نەگرتووە و بووە بەهۆی ئەوە کە هەندێ لە مەلایانی بێئاگا ئینکاری بکەن .

یەکێ لە ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی (ذیکری سیڕڕی)یە ، واتـە سالیك بە خەیاڵ بە شـێوەیەکی تایبەتی کەلیمەی (الله) بەسـەر دڵدا ڕابوێرێ و هەناسـەی خۆی بگرێ و بەتەنها ئەو کەلیمەیە بەسـەر دڵیـدا بهێنێ تا دڵی نوورانی ئەبێ و فێری ذیکری سیڕڕی ئەبێ و گەلێ نیشانەی نوورانییەتی و بۆنی خۆش لەناو دڵیدا پەیدا ئەبێ . ئەمەیش هەر لەلای تێکڕای مەلایان نەزانراو و ئولفەت پێوە نەگیراو بووە و لایـان وابـووە هەر ذیکرێك خاوەنەکەی بە گوێی خۆی نەیبیسێ بێئیعتیبارە .

دووهەم : هەرکەسێ وردبێتەوە ئەزانێ یەکێ لـە هۆ بەهێزەکانی ئاشووب و هەرا لە هەرلایەك حەسوودییە . واتـە : کەسێ ئەبـینێ هاومالێکی ئەگات بە پایە و مایەیەکی دنیایی وەکو دارایـی یا شـان و شکۆ یا وەزیفە یا پایەکی دینی وەکو پێشەوایی و خەڵك شوێنی ئەکەون، کابرای حەسوود ئاگری تێئەچێ و ئەکەوێتە هەوڵدان یـا ئـەویتر ئەفەوتێنێ یا هەرایەك ئەنێتەوە یا خۆی ئەدا بە قەڵبەیەکدا .

گەلێ لە مەلایانی ناوچەی سولەیمانی کە لە خوێندندا هاوڕێی مەولانا بوون و خۆیان لەو بە باشتر تەماشا کردووە ، لە وەزعی مەولانا و لـە پایەی بەرزی لای میرانی بابان و خەڵکی شار و دەوروپشتی ناڕەحـەت بوون ، بەڵام دەستیان نەڕۆیشتووە هیچ بکەن . یەکە زانای عیلـم و تەریقەتیش لەو ڕۆژەدا لە ناوچەکەدا شێخ مەعرووفی نۆدێ بـووە کە مەلایەکی گەورە و مورشیدێکی پایەبەرز بووە و بەهۆی عەشرەت و تایەفەیەوە زۆر خاوەن دەست بووە ، چوونەتە لای فیتنەییان کردووە و هەرشتێ کە بە عەیبیان زانیوە کردوویانە بە چەند قات و وایان نیشانداوە

که ئەم مەولانایە هاتووە دین تێکبدا و ئاشووب بنێتەوە و شتی ناڕەوا دابمەزرێنێ . ئەویش لەبەر ئامۆشۆ نەکردنی‌مەولانا و دڵسافیی خۆی و سوێندخواردنی ئەوکەسە درۆزنانە ئاڵۆز بووە و بە واجبی ئایینیی خۆی زانیوە لەسەر ئوسووڵی حەدیثی پیرۆزی پێغەمبەر کە ئەفەرموێت «من رأی منکم منکرا فلیغیره بیـده ، فان لم یسـتطع فبلسـانه ، فان لـم یستطع فبقلبه » واتە هەرکامێکتان شتێکی ناپەسەندی دی ، بـا بـە دەست بیگۆڕێ و ئەگەر نەیتوانی با بە زمان بیگۆڕێ و ئەگەر هەر نەیتوانی با بە دڵ بیگۆڕێ » تێکۆشاوە و لەدژی مەولانا جووڵاوەتەوە . سەرەنجام کە ڕاستیی بۆ دەرکەوتووە پەشیمان بووەتەوە و شێخ حوسەینی قازی و چەند سەیدێکی‌تری ناردووەتە لای مەولانا بۆ عوزر هێنانەوە .

سێهەم : تاقمی لەو جۆرە مەلایانە ئاشووبگێڕتر ئەوکەسانە بوون کە ئیددیعای شێخیەتی و پایەی ئیرشادیان کردووە و لەڕاستیدا خاوەنی ئەو پایەیە نەبوون . ئەمانە بەجارێ ئاگریان تێ‌بەربووە و هەستیان بـە ماڵوێرانیی خۆیان کردووە چونکە مەولانا خاوەنی پایـەیەکی بـەرزی ئایینیی‌وا بووە ئەوان نەیانتوانیوە بە هیچ جۆرێ پیا بگەنەوە . مەولانـا کەسێ بووە بەڕاستی پێڕەویی شەرعی کردووە و کەسێ ئینسـافی بووبێ نەیتوانیوە پێچەوانەی شەرعی لەسەر ئیسپات بکات . هەرکەسێکیش چووبێتە تەریقەتەکەیەوە لە ماوەیەکی کەمدا حاڵی گۆڕاوە و دڵ و گیانی نوورانی بـووە .

زوربەی ئەوانەی کـە چوونەتە تەریقەتەکەی مەولاناوە مەلای گەورە گەورە و لە خانەدانی پایەبەرز بـوون وەك شێـخ قەسـیمی گـەورەی تەختەیی و شێخ عەبدولقادری شەمزینانی و مەلا موصطەفای کوڕی مەلا جەلالی خورماڵی و مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی جەلیـی کۆیی و مەلا یەحیای مزووری و شێخ ئیسماعیلی هەنارانیی بەرزنجەیی و شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵوویی بەرزنجەیی و ئەم‌جۆرە کەسانە کە بەهۆی شوێن‌کەوتنیانەوە بۆ مەولانا عالەمەکە بەجارێ سەرگەردان بووە و سەرسام بوون لەمە کە ئەبێ مەولانا چۆن پیاوێ بێ کەسانی وەك ئەمانە ببن بە مرید و مەنسووبی .

بەم‌چەشنە کەرتە شێخەکان بەجارێ ئاگریان تێ‌چووە و چارەیـان نەماوە مەگەر هاتوچوو کردن و پەنابردنە بەر شێخ مەعرووفی نۆدێ و بوختان و درۆکردن لە خزمەتیدا وەك پێشتر باسم‌کرد .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بە بیر و ڕای من هۆی هەرە گەورەی

. . . .

کۆچی مەولانا لە سولەیمانی ئەمانە نەبوون کە باسمان‌کردن . بەڵکو ترسی مەحموود پاشای بابان بووە . برا و ئامۆزاکانی پاشا و هەروا گەلێ لە پیاوماقوولانی بابان لەگەڵ مەولانا جۆرە پێوەندی و مەنسووبی‌یەتێکیان بووە و خۆشیان ویستووە . هەرکاتێ مەولانا ئیشارەتێکی کردبێ هەموو ئەمانە لە بەردەستیدا بوون . بۆیە مەحموود پاشا زۆر لەوە ترساوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مەولانا داوا بکا لێیان شوێنی پاشا نەکەون و لەگەڵ کەسێکی‌تر بن و زانیویە ئەمانە دەس‌بەجێ فەرمانەکەی مەولانا بەجێ‌دێنن . لەبەرئەوە حەزی لە مانەوەی مەولانا نەبوە لە سولەیمانی و هەمیشە ویستویە جێی پێ لەق بکا .

ئەگەر مەسەلە ئەمە نی‌یە ، ئەی پاشا بۆ نەهاتووە ئەنجومەنێکی مەلا گەورەکان پێکەوە بنێ بۆ موناقەشە و موجادەلە لەگەڵ مەولانا و لێکدانەوەی ئەو ڕەخنانەی لە مەولانایان گرتبوو ؟ بۆچی خۆی وەك سەیران‌کەر تەماشای ڕووداوەکانی ئەکرد؟ ئەی بۆچی پاش کۆچی یەکەمی مەولانا لە سولەیمانی کە حاڵی بوو مەولانا چۆن پیاوێکە و بوونی لە ناوچەکەدا مایەی شەرەف و شان و شکۆیە بۆ هەموان ، چوو تکای لێ کرد و هێنایەوە ، کەچی دیسانەوە یارمەتیی نەدا و پارێزگاریی نەکرد تا بەجارێ مەولانا دلگران بوو لە وڵاتەکە و غەریبیی ئیختیار کرد ؟

ڕاستەکەی مەولانا خالید ئەوەندە خاوەن فویووضات و ڕێژەن بووە لە مەلایەتی‌دا تەنانەت کەسانی بێ‌قابیلەتیش بەشێکیان لە بەهرەی ئەو دەسگیر ئەبوو . ئەوانەش کە قابیلەت‌دار بوون لە خزمەتیا ئەبوون بە مەلای گەورە و شایان و لێهاتوو . لە عولوومی مەعنەوی و ڕووناك‌کردنەوەی دڵ و دەروونیشدا سوودێکی زۆریان لێ وەرئەگرت بەجۆرێ کە لە ماوەیەکی کەمدا ئەبوون بە ڕێنموونی‌کەری خەڵکێکی زۆر. لەمڕووەوە خەڵکێکی زۆر لە مەولانا خڕئەبوونەوە و هەمیشە لە دەوروپشتی مەولانادا جەماوەرێکی زۆر لێشاوی کردبوو .

هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە کاتێ کە مەولانا لە بەغدا بووە لە سەردەمی والی‌یەتیی داوود پاشادا ، خەلیفە لە ئەستەمووڵەوە نامەیەکی نهێنی ئەنێرێ بۆ بەغدا و ئەپرسێ ئاخۆ ئەم هەموو خەڵکەی دەوری مەولانا لەبەرچی و بەهۆی چی‌یەوە لێی کۆبوونەتەوە ؟ ئاخۆ تەماعی دنیایی مەولانا چۆنە و لە دنیادا بەتەمای چی‌یە ؟ ئەویش لە وەڵامی خەلیفەدا ئەنووسێتەوە ئەم ذاتە مەظهەری فویووضاتی ئیلاهی و مەناری ئەنواری خودایە و جاذیبەی ڕۆحیی لە پایەیەکدایە چۆن میغناطیس ئاسن

. . . .

ڕائەکێشێ ، ئەویش وا دڵ و دەروونی ئینسان داگیر ئەکا و ڕوونی ئەکاتەوە و بەرەو لای خودای ئەبا و ئەیخاتە سەر ڕێی طاعەت و پێڕەوی کردن لە سوننەتی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ . ئارەزوویشی لە ماڵی دنیا وەکو ئارەزووی شازادەیەکی لاوە لە کاتی تێریدا لە پارچە کولێرەیەك کە سەگێکی گڕوێ بە لیکی دەمی تەڕی کردبێ .

هۆیەکیتری نەمانەوەی مەولانا لە ولاتی خۆماندا ئەوەیە وەك بەراوردکراوە پیاوی گەورەی کوردەواری ئەگەر کەنار نەبێ لە خەڵك ، واتە لە کێوێ یا لە شیوێ یا لە پەنایەکدا نەبێ و بیەوێ لەناو کۆمەڵی شارەوانیدا بژی دەوامناکا ، چونکە لای ئێمە وا بووە بە باو قەدری کەسانی خزمەتگوزار و گەورەی خۆمان ناگرین مەگەر ئەوکەسە خاوەن عەشرەت و دەسەڵاتێکیوا بێ خەڵك لێی بترسن ، بەڵکو ئەگەر خاوەن عەشرەت و دەسەڵاتیش بێ هەر هەراسان ئەبێ لە خەڵکی ولاتەکە و ، چەند جار ئەم ڕاستییە بەراورد کراوە . تەنانەت شێخ مارفی نۆدێ خۆیشی کە بە بەربەرەکانێکەری مەولانا دانراوە ، ویستی لە کوردستان کۆچبکا و داوای ئیزنی لە سوڵتانی ئەستەموڵ کرد ، بەڵام سوڵتان ئیزنی نەدا . کاك ئەحمەدی شێخی کوڕیشی زۆر زۆر لە ولاتی خۆی وەڕس بووەو تەنها لەبەر عەشرەتەکەی ماوەتەوە کە نەیانهێشتووە ولاتی سولەیمانی بەجێبهێڵێ . مەولانا خالیدیش هەروا وەڕس بوو سولەیمانیی بەجێهێشت .

مەبەستم لەم درێژە پێدانە ئەوەبوو هۆی دەرچوونی مەولانا لە سولەیمانی گەلێ شتی زۆر لە نێوان تێکچوونی ئەوو شێخ مارفی نۆدێ موهیمتر بووە . ئەوو شێخ مارف پاشان ئاشتبوونەتەوە و نێوانیان چاكبوەتەوە ، بەڵام ئەو هۆ موهیممانە ئەوساش بوون و ئێستاش وێنەیان بۆ ڕووداویتر هەیە و گەرد و تۆزی تەبیعەتی ولاتی خۆ نەناس تا دنیا دنیایە تەواو نابێ .

★ ★ ★

وا من لێرەدا بیر و ڕای خۆمم لەبارەی هۆی کۆچکردنی مەولاناوە لە کوردستان بۆ شام نووسی . ئاشکرایە لەمبارەوە زۆر شت نووسراوە و ئەم شتانە لەو کتێبانەدان کە بۆ لەسەرکردنەوەی مەولانا یا لەدژی مەولانا نووسراون . لەم مەیدانەدا قسەی کەسێکیتریش هەیە شایانی ئەوەبێ ئاگاداری بین . ئەم قسەیە قسەی گەڕاڵی ئینگلیز (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ)ی نوێنەری کومپانیی هیندی ڕۆژهەلاتی ئینگلیزییە کە لە بەغدا

دانیشتووە و لەو سەردەمەدا گەشتێکی لە بەغداوە کردووە بۆ سولەیمانی و کوردستانی بەشی ئێران .

کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ لەو سەردەمەدا کە مەولانا سولەیمانیی بۆ دواجار بەجێ‌هێشتووە لەوێ بووە ، هەروا لە سەردەمی بردوی شان و شکۆ و پێوەندیشی لەگەڵ میرانی بابان هەر لەوێ بووە . ئەم پیاوە لە سەردوو حاڵەتەکەدا باسی مەولانا ئەکا . ئێمە بە نیازی ئەوە نا کە قسەی ئەم پیاوە بکەین بە بەڵگە ، هەرچەند مەشهوورە (والفضل ما شهدت به الاعداء) و دیاریشە کابرایەك کە بە نیازی پێچەوانەی سوودی وڵاتانی ئیسلام و موسوڵمانان هاتبێتە ئەم وڵاتە ، بە دۆستی پێشەوایەکی موسوڵمانانی وەك مەولانا خالید دانانرێ ، بەڵکو هەر بۆ ئاگاداری‌یەکی وردتر و ڕوونتر ، لە دوادواییی بیر و ڕا تایبەتی‌یەکەی خۆمەوە لەمەڕ کۆچی مەولانا کە پێوەندێکی تەواوی بە پێوەندیەوە [پێوەندی مەولانا] بە میرەکانی بابانەوە هەیە ، زوربەی ئەو بڕگانە وەرئەگێڕمە سەر کوردی کە ڕیچ لە کتێبەکەیدا لەبارەی مەولاناوە نووسیونی ، وەك لیوا بەهائەددین نووری وەری‌گێڕاوەتە سەر عەرەبی .

ڕیچ لە لایەکی کتێبەکەیدا ئەڵێ :

« موسوڵمانێکی دەست لە دنیا داشتووی گەورە لە سولەیمانی ئەژی ، ناوی شێخ خالیدە ، بەڵام کوردەکان لایان‌وایە سووکی‌یە بۆی لە (حەزرەتی مەولانا) بەولاوەی پێ بووترێ . موسوڵمانەکان قسەکانی لە پلەی حەدیث ای پێغەمبەر إدا دائەنێن . ئەم شێخ خالیدە لە خێڵی جافە، تەریقەتی نەقشبەندیی هەیە ، لە دیلهی لەسەر دەستی سۆفیی بەناوبانگ سوڵتان عەبدوڵلادا چووەتە سەر ئەم تەریقەتە . دوازدە هەزار مریدی لە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبدا هەیە . کوردەکان هەموو بە وەلیی دائەنێن . زۆریشیان لە ڕیزی پێغەمبەری خۆیانیدای ڕێز ئەکەن . عوثمان بەگ پێی‌وتم ئەویش و پاشایش و بەڵکو هەموو سەرکردە کوردەکانیش مریدی ئەون . شێخ خالید هیچ نەبێ لەگەڵ وەلیی موسوڵمان شێخ عەبدولقادر [مەبەست حەزرەتی غەوثە _ و] ی بەناوبانگدا لە یەك پلەدان » .

[كلوديوس جيمس ريج ، رحلة ريج في العراق عام ۱۸۲۰ ، الجزء الاول، نقلها الى العربية بهاءالدين نوري ، ص ۹۸ ، بغداد ۱۹۵۱] .

ڕیچ لە لایەکی‌تری کتێبەکەیدا شتێکی‌تر ئەگێڕێتەوە نیشانەیەکی گەورەی پایەی مەولانایە لای میرانی بابان . ڕیچ ئەڵێ :

« .. کە سەرەنجام ، پێش ماوەیەکی کەم ، مەحموود پاشا بڕیاریدا خۆی بدا بە دەست تورکەکانەوە ، لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوثمان و

گەیشتنە شامی مەولانا

کە مەولانا ئەگاتە شام کۆمەڵێکی زۆر لـە زانایان و ئەدیبان و پیاو ماقووڵان و کاربەدەستانی گەورەی دەوڵەت و خەڵکیتری بەپێشوازییەوە ئەچن و قەدر و حورمەتێکی زۆری لێ ئـەگرن و ، هەندێکیش لە ئەدیبان پارچە شیعر و غەزەل و قەسیدەی جوان جوان لە تەعریف و ستایش‌کردنیدا

سولەیمانی برای چوون بۆ لای شێخ خالید ، پیاوی لەخواترسی گەورەی ئەو سەردەمەی سولەیمانی . هەر سێ [عەبدوڵڵا پاشـا و عوثمان و سولەیمان] سوێندیان خوارد کە ملکەچ بن بۆ مەحموود پاشا . لەبەرئەوەش کە بەدووریان نەئەزانی میری کرماشان هەوڵبدا دڵی یەکێکیان ڕابکێشێ بۆ لای خۆی و هانی بدا لەدژی پاشا بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ تورکەکان، دەستیان نایە سەر شمشێر و سوێندیان خوارد بە قورئان و تەڵاقیان خوارد کەوا هەرکامێکیان نامەیەکی لە تورکیا یا لە ئێرانەوە بۆ هات، لە ماڵی شێخ خالیددا هەڵیپچڕێ بە حوزووری هەرکەس کە هەر چواریان بڕیاری لەسەر بدەن .. » .

[سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ١٠٣]

بۆ جاری دوایش ڕیچ باسی مەولانا ئەکاتەوە و ئەڵێ :

« ٢٥ی تەشرینی یەکەم .

« ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەناوبانگ هەڵات . لەگـەڵ ئەوەش کـە هەڵاتنەکەی لەپڕ و بـە نهێنی بوو ، توانی هەر چوار ژنەکەی لـەگەڵ خۆی بەرێ . هێشتا نەزانراوە بەرەو کوێ ڕۆیشـتووە . چەنـد ڕۆژێ لەمـەوبەر کوردەکان لە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی عەبدولقادر [مەبەستی حەزرەتی غەوثە ـ و]دا دایانئەنا . پاشا عادەتی وابوو لە بەردەمیا ڕائەوەستا قلیانی بۆ تێئەکرد، کەچی ئەمڕۆ پێیئەڵێن کافر و ، داسـتانی زۆر لەبـارەی فیز و کافـری و زیندیقییەوە ئەگێڕنەوە» . ئەنجا ئەڵێ : « لەبارەی هۆی هەڵاتنیـەوە قسـەی جۆرجۆر ئەکرێ . هەندێ ئەڵێن دەستی کردبوو بە ئاژاوەنانەوە لەنێوان پاشا و براکانیدا کە ویستبوویان لای پاشا لەگەڵی ڕووبەڕوو ببنەوە .. هەندێکیکەش ئەڵێن دەستی کردبوو بە دانانی بناغەی مەزەبێکی نوێ و ئەیویست خۆی بکا بە گەورەی دنیایی وڵاتەکە . بێگومان زۆر شتی لەبارەوە وتراوە و شتی زۆر لەوە زیاتری دراوەتە پاڵ کە لەڕاستیدا بشێ بدرێتـە پـاڵی . مـەلاکان و سەییدەکان و لە سەرووی هەموویانەوە شێخ مارف ، هەموو ڕقیانە لە شێـخ خالید کە کاتێ کە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو هەمووی بەزاندبوون ... » .

[سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ٢٢٧ ــ ٢٢٨]

ئەنووسن[١] ، ئەوانەی کە بەدوای سولووکی ڕێگەی حەقیقەتدا ئەگەڕێن بەجارێ سنگی خۆیان ئەکەنەوە بۆ داخل‌بوون بە طەریقەت و بۆ سولووك لە خزمەتیدا ، هەروەها بۆ کەڵك وەرگرتن لە زانستی زۆری لە مەیدانی هەموو زانستە ئیسلامی‌یەکاندا ؛ چونکە مەولانا وەك خەریکی طەریقەت و سولووك و تەصەووف بووە ، لە هەمان‌کاتدا مەدرەسەیەکی گەورەشی بووە خزمەتی زانست و دینی تیا کردووە و فەقێ لـە هەموولایەکی ولاتانی ئیسلامەوە بۆ خوێندنیش ڕوویان تێ‌کردووە ، بەم‌جۆرە کەسێ تەماشای حەڵقەی دەرسی مەولانای کردبێ وای‌زانیوە بوخاری‌یە زیندوو بووەتەوە بۆ ڕیوایەتی ئەحادیثی شەریفە ، یا شافیعی‌یە خەریکی تەفریعاتی ئەحکامی فیقهە ، کەسێکیش لە حەڵقەی سـولووکیدا دانیشتبێ وای‌زانیوە ئیمامی ڕەببانی‌یە خەریکی ئیرشادی سالیکانە .

مەولانا کە عێراقی بەجێ‌هێشت و لە شامدا نیشتەجێ بوو ، شێوەکەی لەوە ئەچوو پادشـایەك قەرارگای حوکوومەتەکەی و پێتەختی ولاتەکەی بگوێزێتەوە ، چونکە کە کەمێك تەماشـای وەزعی نامەنووسـینی نێوان مەولانا و خـەلیفە و مریدەکانی ئـەکەین و وەڵام یا نـامەکانی مـەولانا ئـەخوێنینەوە وامان دێتـە پێش چاو کە پادشـایەك فەرمان بـۆ والی و سەرلەشکرەکانی خۆی لەم‌لا و لەولای ولاتەکەی دەربکا .

کەسـانی وەك شێخ عوثمان سیراجوددین لـە بیارە و تەوێڵە لـە هەورامانی بەشی عێراق و ، مەولانا مەلا ئەحمەدی کۆڵەسارەیی لە ولاتی بێڵـەوار لەنێـوان سـنە و کرماشـان و ، شـێخ موحـەممەد قەسـیمی مەردۆخـەیی لـە سـنە و ، شـێخ طاهـای نـەهریە لـە

---

(١) وەك شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خانی و شێخ شـاهێنی عەتتار و شێخ مووسای سیباعی و شێخ موحەممەدی جوملەی حەنەفیی دیمەشقیی خەلوەتی و کەسانی‌تریش .

ولاتی نەهریّ و ، شـێخ ئـەحمەدی سـەردار لـە سـاداتی بەرزنجە لە سەرگەڵوو و ، شـێخ مەلا عەبدوڵلای جەلی لە کۆیە و ، شـێخ طاهیری بامەڕنی لـە دەوروبەری ئاکریّ و ، خـەلیفەکانی بەغدای وەکو شـێخ عوبەیدوڵلای حەیدەری ، ئـەمانە هەموو لە شـوێنی خۆیانا هـەریەکی نوێنەرێکی بەقەدر و قیمەتی مەولانا و ئاوێنەیەکی بالانمای ئەو بوون • لە هەمان‌کاتا هات‌وچووی هەمیشەی مریدەکانی بە نامەی خەلیفەکانیەوە بـۆ پرسیار بۆ چارکردنی گیروگرفتە ماددی و مەعنەوی‌یەکانیان و بۆ داواکردنی زیادە تەوەججوهات و بـۆ دەرمان‌کردنی دەردی ئەوانەی کـە گیرۆدەی زەمانە و برینداری تەنگو چەڵەمەی جۆربەجۆر بوون ، وەك هات‌وچووی پۆستەی ئەم سەردەمە بەردەوام بووە •

ئەو نامانەی کە مەولانا بۆ دەوروپشتی نووسـیون بە عەرەبی یا بە فارسی کە لەو سەردەمەدا بە فارسی نووسـین لە ولاتی باباندا باو بووە ، بەشێکی زۆر لە ئەحواڵی خەلیفە و مرید و مەنسووبەکانی مەولانا نیشان ئـەدەن •

سەفەری مەولانا بۆ قودس و سەفەری دووهەمی بۆ حەج و زیارەتی ئارامگای پێغەمبەر (د)

مەولانا پاش دامەزران‌و حەسانەوەی لە شام ، بە نیازی رێ‌پیشاندانی موسوڵمانان و بە مەبەستی زیارەتیش سەفەرێکی قودس ئـەکا و لەوێیش کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان و پیاوماقووڵانی ئەو ناوچەیە و لـە خەلکی‌تر تەمەسسوك لەسەر دەستیدا ئەکەن و ئەبن بە مریدی • وەك لـە نامەکانی مەولاناوە دەرئەکەویّ لە ناوچەی فەلەستینیش خەلیفەی هەبوە •

که له قودسەوە ئەگەڕێتەوە بۆ شام تا ساڵی ١٢٤١ی هیجرەت سەفەری هیچ کوێی نابێ و هەر خەریکی ئامۆژگاری‌کردنی موسوڵمانان و دەرزوتنەوە بە فەقێیان و تەریقەت دادانی ئەوانە ئـەبێ کە ئـارەزووویان لە تەریقەت و سولووك بووە • لە ساڵی ١٢٤١دا بە نیازی زیارەتی مەدینەی مونەووەرە و ئارامگای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێ) و لەوێیشەوە بۆ حەج لـە شامەوە ئەکەوێتە ڕێ • لەوێ کۆمەڵێکی زۆر لە موسوڵمانان بەتایبەتی لە زانایانی خاوەن پایە و لە پیـاوماقووڵان کە هاتبوون بۆ حـەج بە خزمەتی مەولانا ئەگەن و تەریقەت لەسەر دەستیدا وەرئەگرن • مەولانا پێـش ئەم سەفەرەش لە مەککە خەلیفەی بووە •

کۆچی دوایی مـەولانا

پاش بەجێهێنانی ئادابی زیارەت و جێبەجێ‌کردنی پێویستی‌یـەکانی حەج ، مەولانا ئەگەڕێتەوە بۆ شام و لەسەر ڕێ و شوێنی عـادەتیی خـۆی خەریکی بڵاوکردنەوەی شەریعەت و تەریقەت ئەبێ تا لە ساڵی ١٢٤٢دا ، واتە ساڵێك پاش گەڕانەوەی لە سەفەری حـەج ، لە شـەوی چوارشـەممەی یازدەی مانگی (ذی القعده)دا تووشی نەخۆشیی تاعوون ئەبێ و لە شـەوی جومعەی سیازدەی هەمان مانگدا ، لەنێوان نوێژی شێوان و خەوتناندا ، وەفات ئەکا •

پاش شۆردن و کفن‌کردنی ، ئەو شەوە خەلیفە و مرید و مەنسووبەکانی تا سبەینێ قورئانی لەسەر ئەخوێنن • سبەینێ جەنازەکەی ئەبەن بۆ مزگەوتی (یەلبەغا) و خەڵکێکی زۆر حازری نوێژەکەی ئەبن و شێخ عەبدولڕەحمانی کەزبەری گەورەی زانایانی شام پێش‌نوێژی‌یان ئەکات • پاشان جەنازەکەی هەڵئەگرن بـۆ ئارامگای یەگجـاریی بەسەر بەرزاییی (قاسیوون)ەوە و دیسانەوە نوێژی لەسەر ئەکەنەوە و ئەمجارە شێخ موحەممەدی ئیبنوعابیدین پێش‌نوێژی‌یان ئەکات •

وەسیەتی مەولانـا

مەولانا لەپێش وەفاتیدا بە چەند ڕۆژێ لای هەندێ لە خەلیفەکانی دەری بڕیوە کەوا نزیکە بە ویصالی لەگەڵ دۆستی ڕاستەقینە کە ذاتی خوایە ، شـــاد ببێ .

هەروەها چەند ڕۆژێ لەپێش وەفاتیدا ، شێخ موحەممەد ئەمین ئیبنو عابیدین کە زانایەکی زۆر گەورە و خەلیفەی مەولانا بووە لە خەویدا ئەبینێ کـــە حەزرەتی عوثمانی کوڕی عەففان وەفاتی کردووە و جەنازەکەی هێنراوە بۆ تەکیەی مەولانا بۆ شۆردن و کفن کردن و نوێژ لەســـەرکردنی . ئیبنو عابیدین سبەینێ خەوەکەی ئەگێڕێتەوە بۆ مەولانا . مەولاناش ئەفەرموێت لەوانەیە ئەوە من بم کە لـــە نەوەی حەزرەتی عوثمانم و ئـــەو جەنازەیەش جەنازەی من بێ و بەم زوانە بمرم .

مەولانا هێشتا کە ساغ بووە سەیید ئیسماعیلی غـــەززی کە زڕبرا و خەلیفەی بووە ، بانگ ئەکا . هەروا چەند کەسێکیش لە خولەفا و مەنسووبین بانگ ئەکا و ئەیانکا بە شاهید کەوا لەپاش وەفاتی خۆی شێخ ئیسماعیـــلی هەنارانی خەلیفەی موطڵەقی بێ بۆ ڕێپیشاندانی موسوڵمانان و بەســـەر هەموو خەلیفە و مریدەکانیا فەرمانڕەوا بێ و ، وەصییش بێ بەسەر مـــاڵ و مناڵەکەیەوە بـــۆ خزمەت کردن و بەڕێوەبردنیان لە هەموو بابەتێکەوە تـــا بمێنێ و ، پاش ئەویش شێخ عەبدوڵڵای هەراتی و پـــاش ئەویـــش شـــێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی [1] . مەولانا ئەفەرموێت مادەم ئیسماعیل هەبێ ،

---

(١) ئەمەی نووسیم لە (المجـد التـالد)ی ئیبراهیـم فەصیـح حەیـدەریم وەرگرتووە . ئیبراهیم فەصیح خۆی و باوك و باپیرە و مامی خەلیفە و مەنسووبی مەولانا بوون و ، هەمیشە یەکێکیان لای مەولانا بووە یا نامە لەنێوانیانا هاتووە و چووە و ئاگایان لە ساغی و نەخۆشی و وەصیەت و ئامۆژگاریی مەولانا بووە .

من وەکو مردبم وایە ٠ هەروەها وەصیەت ئـەکا کە هـەموو مولـکەکانی کوردستانی بۆ شێخ مەحموود صاحێبی برای بن ٠ جارێکیتریش هەمـوو خەلیفەکانی ولاتی شامی کۆئەکاتەوە و ئەم وەصیەتەیان بەناوا ڕائەگەیەنێ و فەرمانیان ئەداتێ کە یەك بن و یەك دڵ بن و یارمەتیی یـەکتر بدەن لـە ڕێگای ئیسلامەتی و موسوڵمانەتیدا ٠ هەروا وەصیەت ئەکا کە سێیەکی ماڵی بۆ هەژاران بێ ٠

جێنشینەکانی مەولانـا

لەسەر وەصیەتی مەولانا لەپاش سپاردنی بە خاك ، شێخ ئیسماعیلی هەنارانی لە تەکیەدا دائەنیشێ و خەریکی ڕێپیشاندانی موسوڵمـانان و خزمەتی ماڵی مەولانا ئەبێ ، بەلام ئەویش هەر پاش وەفاتی مەولانـا بـە

بەلام خاوەنی (روض البشر في اعيان دمشق في القرن الثالث عشر) کە شێخ موحەممەد جەمیلی شەطیی حەنبەلی‌یە و مەنسـووبی مەولانـا نەبوە و نزیکەی هەشتا و پێنج سـاڵ پاش وەفاتی مەولانـا کتێبـەکەی داناوە ، ئەلێ مەولانا لە نەخۆشیی وەفاتیا چوار کەسی بەم ڕیزە دیاری کردووە : (١) سەیید ئیسماعیلی هەنارانی (٢) شێخ موحەممەد ناصیح کە یەکێك بووە لە خەلیفە گەورەکانی (٣) شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی (٤) سەیید ئیسماعیل ئەفەندیی غەززەیی کە خەلیفە و ژنبرای بووە و ، ناوی شێخ عەبدوللای هەراتی لەناوا نی‌یە ٠

شێخ موحەممەدی خالیش لە (الشيخ معروف النودهي)یەکەیدا ئەلێ : وەصیی سێهەم کە مەولانا دایناوە شێخ موحەممەد ناصیح بووە و ناوی شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی ناهێنێ ٠ ئەشلێ بەلام شێخ موحەممەد ناصیح لەپاش وەفاتی سەیید ئیسماعیلی هەنارانی بـە چەنـد ڕۆژێ وەفاتی کردووە ، بۆیە شێخ عەبدوللای هەراتی لە ناسـاغیی وەفاتیدا شێخ عەبدولفەتتاحی داناوە بە جێگەداری خۆی ٠ کەوابێ ئەبێ شـێخ عەبدولفەتتاح بـە فەرمانی مەولانا نەبووبێ بە جێگەداری ، بـەڵکو بە فەرمانی شێخ عەبدوللای هەراتی بووبێ بە وەصی و لە تەکیەی مەولانادا دانیشتبێ ٠

بیست‌وچوار ڕۆژ گرفتاری تاعوون ئەبێ و کۆچی دوایی ئەکا و لە پشتی قەبری مەولاناوە دەفن ئەکرێ .

شێخ ئیسماعیل کە نەخۆش ئەکەوێ زوو نامە ئەنووسێ بەدوای شێخ عەبدوڵڵای هەراتیدا کە لەوکاتەدا لە سولەیمانی بووە بۆئەوەی بێت بۆ شام و تەکیەکە وەربگرێ ، ئەویش پاش وەرگرتنی نامەکە دەستبەجێ دێت بۆ شام و لە تەکیە دائەنیشێ و دەست‌ئەکا بە ڕێپیشاندانی موسوڵمانان و خزمەتی خێزانی مەولانا .

شێخ عەبدوڵڵاش ماوەیەك لە تەکیەدا خەریکی ئیرشاد ئەبێ ، پاشان وەفات‌ئەکا . ئەمیش لەسەر وەصیەتی مەولانا (١) لە نەخۆشیی وەفاتیا هەموو کاروبار ئەسپێرێ بە شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی . شێخ عەبدوڵڵا لە ١٢٤٥ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە و لە بەرابەری قەبری شێخ ئیسماعیلەوە لە (قاسیوون) لە شام نێژراوە .

شێخ عەبدولفەتتاحیش زۆر بە دڵسۆزی‌یەوە دەست‌ئەکا بە ئیرشاد و خزمەت‌کردنی موسوڵمانان و سەرپەرشتی‌کردنی کاروباری ماڵ و منالی مەولانا . تا لە ساڵی ١٢٥٩ی هیجرەتدا ، لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی عوسمانیدا ، ڕێوشوێنی کاری ئیرشاد و دەرس‌وتنەوەی عولوومی دینی ئەگۆڕێ و فەرمانی سوڵتانی دەرئەچێ کە شێخ مەحموود صاحێب ببێ بە مورشیدی تەکیەی خالیدییە لە شام و ئەو جێگەکەی شێخ عەبدولفەتتاح ئەگرێتەوە . شێخ عەبدولفەتتاحیش پاش شام دێتە بەغدا و لە تەکیەی خالیدییەی بەغدا دەست‌ئەکا بە ئیرشاد و پاشان لە ١٢٨٣ی هیجرەتدا لە

---

(١) ئەمە لەسەر بناغەی ئەوەیە کە ئیبراهیم فەصیح نووسیویە کە مەولانا لە وەصیەتەکەیدا شێخ عەبدولفەتتاحیشی کردبێ بە وەصی ، ئەگینا ئەبێ هەر لەبەر سوودی گشتیی موسوڵمانان دانرابێ .

ئەستەموول کۆچی دوایی ئەکا و لە گۆڕستانی (ئەسکۆدار) ئەنێژرێ •

شێخ مەحموود صاحێبیش لە مانگی ڕەجەبی ١٢٨٣دا لە شام کۆچی دوایی کردووە • سەیید ئیسماعیلی غەززەییش لـە ١٢٤٧دا کۆچی دوایی کردووە و لە (قاسیوون) نێژراوە •

باسی کەس‌وکار و ژن و مناڵی مەولانا

مەولانا چەند ژنێکی هێناوە • یەکەم : خزمی خۆی و کچی یووسف ئاغای مکایەڵی بووە ، پاش وەفاتی مەولانا بـە ماوەیەك کۆچی دوایی کردووە • دووهەم : ژنێکی عەرەبی بەغدایی بووە • ئەم ژنەی کاتێ هێناوە کە لە هیندستانەوە گەڕاوەتەوە بۆ سولەیمانی و پاشان لەوێوە چووە بـۆ بـەغدا و پێنج مانگ لە مزگەوتی حەزرەتی غەوث ماوەتەوە • سـێهەم : ژنێکی عەرەبی خەڵکی غەززەی فەلەستین و خوشکی سـەیید ئیسـماعیلی غەززی بووە کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی خۆی •

ئەوەی من بیزانـم ئەوەتـە مەولانـا تا سەفـەری یەکەمیشـی لـە سولەیمانی‌یەوە بۆ بەغدا بە ماڵەوە ، دایکیشی لە ژیانا بووە و ، دوو برای بووە گەورەکەیان ناوی حەمەخان (موحەممەد خان)بووە و بچووکەکەیان ناوی (مەحموود) بووە کە مەشهوورە بە (مەحموود صاحێب) [1]• ئەم برا بچووکەیان تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانادا وەرگرتـووە و سـولووکی لا کردووە و بووە بە خەلیفەی و یەکێکیش بووە لە خەلیفە بەهرەدارەکانی• مەولانا هەروا خوشکیشی بووە •

مەولانا لە ژنی یەکەمی کە کچی یووسف ئاغا بووە چوار کوڕی بووە

---

(١) ڕیچ باسی برایەکی‌کەشی ئەکا کە ناوی (یۆسف بەگ) بووە و فەرمانڕەوای (پژدەر) بووە و پاش کۆچی‌مەولانا پەنای بردووەتە بەر عەباس میرزا و گوایە عەباس میرزا کردوویە بە فەرمانڕەوای (سەردەشت) • [ڕیچ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٨] •

(عەبدولڕەحمان) و (بەهائوددین) و (شەهابوددین) و (نەجموددین) • لە خوشکەکەی سەید ئیسماعیلی غەززییش کچێکی بووە کە ساڵێك پێش وەفاتی مەولانا لە شام لەدایك‌بووە •

کوڕەکانیشی ، شەهابوددینیان کاتێ کە مەولانا لە ١٢٣٨دا کۆچ‌ئەکا بۆ شام ، لە ڕێگەدا لە شاری ئۆرفە لە ماڵی یەکێك لە خەلیفەکانی میوان ئەبن ، نەخۆش ئەکەوێ و وەفات ئەکا • مەولانا خۆی کە ئەگاتە شام باسی مەرگی ئەم کوڕەی بۆ خەلیفەکانی ئەکا و ، ئەو خەلیفەیەشی کە خەڵکی ئۆرفە بووە و مەولانا و هاوڕێکانی لەکاتی مردنی کوڕەکەیدا میوانی ماڵی ئەوان بوون ، لەوکاتەدا لە خزمەتی مەولانادا بووە لە شام • عەبدولڕەحمانیش لە تەمەنی شەش ساڵی و بەهائوددینیش لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە شام لە مانگی شەووالدا بەر لە باوکیان هەر بەو تاعوونە کە باوکیان وەفاتی پێ کردووە ، کۆچی دوایی‌یان کردووە و لە گۆڕستانی (قاسیوون) نێژراون •

نەجمەددین دوا منالی مەولانایە • کە مەولانا وەفات‌ئەکا حەرەمی یەکەمی دووگیان ئەبێ • پاش وەفاتی مەولانا بە چەند مانگێك ئەم حەرەمەی نیازی سەفەری سولەیمانی ئەکا [٢] و شێخ ئەحمەدی خەطیبی هەولێری لەگەڵی ئەڕوا • حەرەمی مەولانا لە ڕێگادا منالەکەی لێ ئەبێتەوە ، کوڕ ئەبێ ناوی ئەنێن نەجمەددین • کە شێخ مەحموود صاحێب لە سولەیمانی خەبەری هاتنی حەرەمی مەولانا ئەبیسێ بە پێشوازیەوە ئەچێ و بەحورمەت

---

(٢) نەمدیوە کەس باسی هۆی ئەم سەفەرەی ئەم حەرەمەی مەولانای نووسیبێ • بەڵام بە بیری خۆم وائەزانم ئەم حەرەمەی مەولانا بۆیە ویستوویەتی بگەڕێتەوە چونکە زۆر دڵتەنگ بووە و ویستوویەتی کەمێك لەو پەرێشانی‌یە دەرچێ و ، لەوانەشە ترسابێ ئەویش تاعوون بیگرێتەوە و سکەکەیشی بفەوتێ ، هەروەها بۆئەوە شتێکی لەو موڵك و ماڵەی مەولانا دەسگیر بێ کە بە وەصیەتی مەولانا خۆی کەوتبوە دەستی شێخ مەحموود صاحێب لە سولەیمانی •

لەگەڵ هاوڕێکانیا ئەیباتە سولەیمانی • هەرچی موڵك وماڵێکی مەولانـاش بووە کە پێی‌بەخشیبوو نەذری ئەکا لە نەجمەددینی کوڕی مەولانا و پـاش ماوەیەك لەگەڵ شێخ ئەحمەددا حەواڵەی شامیان ئەکاتەوە •

کە نەجمەددین ئەبێ بە دوو ساڵان دایکی سەفەرێکی بەغدا ئـەکا و لەگەڵ خۆیی ئەبا • لەمسەفەرەدا شێخ عەبدوڵلای هەراتی‌یشیـان لـەگەڵ بووە • پاش ماوەیەك لە بەغداشەوە ئەچن بۆ هـەولێر و لە هەولێـرەوە ئەگەڕێنەوە بۆ شـام •

نەجمەددین لەسەر دەستی شێخ عەبدولفەتتـاح و شـێخ مەحمـوود صاحێبدا پێ‌ئەگا و [3] تەریقەت وەرئەگرێ و پاشان ژن دێنێ و نەوەی لێ ئەکەوێتەوە و کوڕێکی کە ناوی شێخ موحەممەد بووە پاش خۆی بـووە بە شێخی ئیرشاد [4] • شێخ نەجمەددین لە ١٢٧٠دا لە شـام کۆچی دوایی کردووە •

باسی ئەوانەی مەولانایان لاواندووەتەوە پاش وەفات‌کردنی

کۆچی دوایی مەولانا وەك کۆست‌کەوتنێکی ئێجگار گران بـووە

---

(٣) ئیبراهیم فەصیح حەیدەری ئەڵێ نەجمەددین کە گەورە بووە سەفەرێکی بەغدای کردووە و لەو سەفەرەیدا میوانی ماڵی حەیدەری‌یەکان بـووە • لەکاتی ئەم سەفەرەیدا شێخ عوثمان سیراجوددینیش لە هەورامانـەوە هاتووە بۆ بەغدا بۆ سەرلێدانی و بەجێ‌هێنانی حەققی وەفا بەرابـەر بە مەولانای مورشیدی. ئیبراهیم فەصیح ئەگێڕێتەوە کە خۆیشی ئەوجارە شێخی سیراجوددینی دیوە و شێخ دوعای خێری بۆ کردووە •

(٤) شێخ موحەممەد جەمیل شەطی لە (روض البشر)ەکەیدا ئەڵێ : ئێستا کە ١٣٢٤ی هیجری‌یە سێ تاقمی نەقشبەندی لە دیمەشق هەن ، تاقمی شێخ موحەممەد ئەفەندی و تاقمی ئەسعەد ئەفەنـدیی کـوڕی شـێخ مەحموود صاحێب و تاقمی ئەولادی شێخ موحەممەدی خانی کە ئیجازەی ئیرشادیان لە شێخ عەبدوڵلای هەراتی وەرگرتووە •

لای مرید و مەنسووب و خەلیفەکانی و لای کۆمەڵانی موسوڵمانانیش لــە هەرلایەك ناوبانگی ئەوی پێ گەیشتبێ • زۆریان بەتەمابوون لەسەر دەستی ئەودا چ لە مەیدانی خوێندنی عولوومی دینی و چ لە مەیدانی وەرگرتنــی طەریقەت و سولووك‌کردن و تەصەووفدا بە پایەی بڵند بگەن • بۆیە کۆچی دوایی مەولانا زیانێکی گەورە بووە لە هەموو ئەوانە کەوتووە •

کە مەولانا وەفات ئەکا هەواڵی وەفات کردنی بە هــەموو وڵاتــانی ئیسلامدا لە عەرەبستانەوە بیگرە تا ئەگاتە تورکیا و کوردستان و هیندستان بڵاوئەبێتەوە و ، لە هەموولایەك مەجلیسی تەعزیەی بۆ دائەنێن و مەلایانی گەورە لە هەموو لایەك بە کۆمەڵ نوێژی مردووی نادیــار (الصلــوة علی الغائب)ی لەسەر ئەکەن • زۆری‌تریشــیان مەرثییە و لاواندنەوەی جوانی بە شیعر بۆ ئەڵێن •

یەکێ لەمانە شێخ موحەممەد ئــەمینی ئیبنوعابیدینە کە قەسیدەیەکی ناسکی لە لاواندنەوەیدا وتووە سەرەتاکەی بەمجۆرە دەست پێ‌ئەکات :

اي ركنٍ منَ الشريعةِ مالا
فرايناهُ قد امالَ الجبـــالا

قد رُزِئنا بأوحدِ العصرِ علماً
وبهاءً وبهجــةً وكمـــالا

شێخ داوودی بەغدایی ئەم قەسیدەیەی تەشطیر کردووە ، واتە لەنێوان هەردوو نیوە بەیتێکیدا بەیتێکی داناوە و لە پێینی نامیلکەی (سَلُّ الحسامِ الهندي ، لنصرةِ مولانا خالدٍ النقشبندی)دا چاپ‌کراوە •

یەکێکی‌تریان سەیید جوادی سیاهپۆشە کە بە قەسیدەیەکی حەفتا و شەش بەیتی لاواندوویەتیەوە ، ئەمە سەرەتاکەیەتی :

خذينَ الهوَى خفَّ الخليطُ المُعاضِدُ
واطلالُ احبابٍ هوَيْتَ هوامِدُ

زانا و تەفسیرنووسی گەورە سەید مەحموودی ئالووسی شەرحێکی دوور و درێژی لە ٢٦٤ لاپەڕەدا لەسەر ئەم قەسیدەیە نووسیوە لە سەرەتای موحەڕڕەمی ١٢٤٥ی هیجرەتدا تەواوی کردووە [١] •

یەکێکی‌تریشیان ئەدیبی مەشهوور عەبدوللەطیفی ئیبنولچادرچی‌یە ، قەسیدەیەکی لەسەر ڕەویی قەسیدەکەی سیاهپۆش و لە هەمان بەحر بۆ لاواندنەوەی داناوە ، ئەوەندە بەرزە ئالووسی لە (الفیض الوارد)ەکەیدا ئەڵێ چەند پلە لە قەسیدەکەی سیاهپۆش جوانترە ، بەڵام قەسیدەکەی سیاهپۆش بڵاو بووەتەوە و هینەکەی ئەم ون بووە •

یەکێکی‌تریش لەوانەی مەولانایان لاواندووەتەوە شێخ ئیسماعیلی هەنارانی‌یە کە پاش خۆی بوو بە جێ‌نشینی • ئەمیش قەسیدەیەکی بیست و حەوت بەیتی بۆ وتووە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

ما للجبالِ الراسیاتِ تمیلُ
ما للبدورِ یُری بهنَّ أفولُ

ما للظلامِ یَجُرُّ ذیلَ ردائهِ
فوقَ الضیاءِ فلم یَنَلْهُ مقیلُ

ڕشتەی ئیجازەی مەلایەتیی مەولانا

ڕشتەی ئیجازەی مەلایەتیی مەولانا چەند لقی هەیە،کە زوربەیان بەسراون بە بنەماڵەی حەیدەری‌یەوە • مەولانا خوێندنی لای شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخی تەواو کردووە و ئیجازەی لا وەرگرتووە ، بەڵام هەروەها بە ئوسووڵی فەقێ چاکەکانی کوردستان و بە هیوای بەرەکەت و پیرۆزی ، ئیجازەی لای مەلا موحەممەدی ئیبنو ئادەم و مەلا صالحی تەڕەماری و مەلا

(١) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٢٧٨ی هیجرەت ، ڕێکەوتی ١٨٦١ی میلادیدا ، لە چاپخانەی (کەستەلی‌یە) لەچاپدراوە •

عەبدولڕەحیمی زیاری و سەیید عەبدولڕەحیمی بەرزنجی و سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجیی برای و شێخ عەبدوڵلای خەرپانی‌یش وەرگرتووە.

هەرچی ڕشتەی ئیجازەی شێخ موحەممەد قەسیمە ، ئەوە بەمجۆرەیە :

شێخ موحەممەد قەسیم ئیجازەی مەلایەتیی لای مەلا عەبدولقادری گۆرانی وەرگرتووە ، ئەمیش لای شێخ وەسیمی گەورە کە مامی باوکی شێخ موحەممەد قەسیم بووە ، ئەمیش لای حاجی مەلا زەکەریای گۆرانی، ئەمیش لای شێخ موحەممەدی مەدەنی ، ئەمیش لای شێخ ئیبنوحەجەری هەیتەمی (خاوەنی توحفەی بەناوبانگ لە شەرعدا) ، ئەمیش لای ئیمام شێخ زەکەریای ئەنصاری، ئەمیش لای شێخ عەلی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی، ئەمیش لای ئیبنو عەططار ، ئەمیش لای ئیمام یەحیای نەوەوی ، ئەمیش لای ڕەسلانی ئیردەملی ، ئەمیش لای خاوەنی شامیلی بچووك ، ئەمیش لای خاوەنی حاوی ، ئەمیش لای ئەبولقاسیمی ڕافیعی ، ئەمیش لای ئەبولفەضل شێخ موحەممەدی کوڕی یەحیا ، ئەمیش لای ئیمامی غەزالی ، ئەمیش لای ئیمامولحەرەمەین ، ئەمیش لای موحەممەدی جووەینیی باوکی ، ئەمیش لای قەففالی مەروزی ، ئەمیش لای ئیبنوسورەیج ، ئەمیش لای عەلیی ئەنماطی ، ئەمیش لای ئیبراهیمی مەزەنی ، ئەمیش لای ئیمام موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی ، ئەمیش لای موسلیمی کوڕی خالیدی زەنگی ، ئەمیش لای عەبدولمەلیکی کوڕی عەبدولعەزیز ، ئەمیش لای عەطائی کوڕی ڕەباح ، ئەمیش لای عەبدوڵلای کوڕی عومەر ڕەحمەتی خوا لە هەموانیان بێ ، ئەمیش لای حەزرەتی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ ، ئەمیش لە ڕێگای حەزرەتی جوبرەئیلەوە لە خواوەندی گەورەو توانای وەرگرتووە .

ڕشتەکانی‌تری ئیجازەی مەولانا هەموو ئەچنەوە سەر حەیدەری‌یەکان. وا بەجیا تا ئەگەنەوە سەر حەیدەری‌یەکان یەکەیەکەیان باس‌ئەکەین . لە

حەیدەری‌یەکانیشەوە تا ئەوپەڕ هەموویان بە یەك زنجیرە ئەگێڕێنەوە :

ڕشتەی ئیجازەی مەلا موحەممەدی ئیبنو ئـادەم بەم‌جۆرەیە : مەلا عەبدوڵڵای بایەزیدی ، صـیبغەتوڵڵا ئەفەندیی حەیدەری [1] • ڕشـتەی ئیجازەی مەلا صاڵحی تەڕەماریش بەم‌جۆرەیە : سەیید صاڵحی حەیدەری ، سەیید ئیسماعیلی حەیدەری ، صیبغەتوڵڵا ئەفەندیی حەیدەری • ڕشـتەی ئیجازەی مەلا عەبدولڕەحیمی زیاریش بەم‌جۆرەیە : مەلا مصطەفای زیاری، سـەیید صـیبغەتوڵڵا ئەفەندیی حەیدەری • ڕشـتەی ئیجازەی سـەیید عەبدولکەریم و سـەیید عەبدولڕەحیمی بەرزنجی و شـێخ عـەبدوڵڵای خەرپانی‌یش بەم‌جۆرەیە : سـەیید موحەممەدی کوڕی سـەیید خضـری حەیدەری کە مەشهوور بووە بە (ئەخرەس) ، سەیید صیبغەتوڵڵا ئەفەندیی حەیدەری •

سەیید صیبغەتوڵڵا ئەفەندییش لەگەڵ سەیید ئیسماعیلی حەیدەریی برای ئیجازەیان لای باوکیان وەرگرتووە کە سەیید ئیبراهیمی حەیدەری‌یە[2] • ئەمیش ئیجازەی لای سەیید حەیدەری حەیدەریی باوکی وەرگرتووە، ئەمیش لای سەیید ئەحمەدی حەیدەریی باوکی[3] ، ئەمیش لای سەیید حەیدەری حەیدەریی باوکی، ئەمیش لای سەیید موحەممەدی حەیدەریی باوکی ، ئەمیش لای سـەیید حەیدەر پیروددینی حەیدەریی باوکی ، ئەمیـش لای سـەیید بورهانوددین ئیبراهیمی حەیدەریی باوکی ، ئەمیش لای خواجە عەلائوددینی حەیدەریی باوکی ، ئەمیش لای سەیید صەدروددینی حـەیدەریی باوکی ،

---

(١) صیبغەتوڵڵا ئەفەندی حاشیەیەکی لەسەر تەفسیری بەیضاوی نووسیوە.

(٢) سـەیید ئیبراهیمی حەیـدەری تەفسیرێکی قورئانی نووسیوە بە زمانی ئەهلی شەرع و ئەهلی تەصەووفەوە .

(٣) ئەم ذاتە کتێبێکی هەیە بە ناوی (موحاکەمات) لەسەر شەرحی جەلالی دەووانی لەسەر عەقایدی عەضودیە لە عیلمی کەلامدا .

ئەمیش لای سەیید شـێخ صەفیبوددین ئەبولفەتح ئیسـحاقی ئەردەبیلیی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ ئەمینوددین جوبرائیلی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ صالحی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ قوطبوددینی باوکی ، ئەمیش لای سەیید صەلاحوددین ڕەشیدی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ موحەممەد حافظی باوکی ، ئەمیش لای سەیید عیوەضی باوکی ، ئەمیش لای فەیرۆز شاهی خوارەزمیی باوکی ، ئەمیش لای سەیید موحەممەد شـاهی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شەرەف شاهی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ موحەممەدی باوکی ، ئەمیش لای شێخ حەسەنی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ موحەممەدی باوکی ، ئەمیش لای سەیید ئیبراهیمی ئەدهەمی باوکی ، ئەمیش لای شێخ سـەیید جەعفەری باوکی ، ئەمیش لای شـێخ سـەیید موحەممەدی باوکی، ئەمیش لای شێخ سەیید ئیسماعیلی باوکی ، ئەمیش لای سەیید شێخ موحەممەدی باوکی، ئەمیش لای شێخ سەیید ئەحمەدی ئەعرابیی باوکی ، ئەمیش لای ئیمام ئەبوو موحەممەدولقاسمی باوکی ، ئەمیش لای ئیمام ئەبولقاسم حەمزەی باوکی ، ئەمیش لای ئیمام مووسای کاظمی باوکی، ئەمیش لای ئیمـام جـەعفەری صـادقی باوکی ، ئەمیـش لای ئیمـام موحەممەدولباقری باوکی ، ئەمیش لای ئیمام عەلی زەینولعابیدینی باوکی، ئەمیش لای حەزرەتی حوسەینی باوکی ، ئەمیش لای حەزرەتی عەلیی باوکی، ئەمیش لای حەزرەتی پێغـەمبەر (د) و ، ئەمیش لـە ڕێـگای حـەزرەتی جوبرەئیلەوە لە خواوەندی گەورە و توانای وەرگرتووە •

باسی دەرسوتنەوەی مەولانا

وەك پێشان وتمان مەولانا بە زیرەکیـیەکی زۆری خۆی و بە ڕەنجو تەقەلای فەقێیەکی بەڕاسـتی حەز لە خوێندن کردوو ، لـە خزمەتی مەلا گەورەکانی کوردسـتاندا خوێندوویەتیو لـە هەموو ئـەو عیلمە عەقلیو

نەقڵی‌یانەدا کە خوێندنیان لەو سەردەمەدا باو بووە ، بووە بە سەرامەد و ، سەرەنجام لای شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخەیی ئیجازەی تەدریسی وەرگرتووە •

ئوسووڵ وایە کە فەقێ ئیجازە وەرئەگرێ پەیمان و گفت ئەدا بە ماموستاکەی کەوا بە ڕاستی و ڕێك و ڕەوانی لەسەر ڕێ و شوێنی شەریعەت بجووڵێتەوە و دەرس بە فەقێ بڵێتەوە و خزمەتی عیلم و دین بکا • مەولانایش بەپێی ئەم گفت و پەیمانە دەستی کردووە بە دەرس وتنەوە و قسەی خۆی بردووەتە سەر •

مەولانا لە سولەیمانی لەپێشاندا ، وەك باسمان کرد ، لە مزگەوتی سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجەیی دانیشتووە و دەستی کردووە بە دەرس‌وتنەوە و لە هەموولایەکەوە فەقێی زیرەك و تێگەیشتووی هاتوونەتە لا • پاش سەفەری هیندستان و گەڕانەوەی لە هیندستانیش لە شوێنی پێشووی و لە خانەقا دەرسی وتوەتەوە ، بەڵام ئەوەندەی جاران نەپەرژاوەتە سەر ئەم بابەتە چونکە مەسەلەی ئیرشادی طەریقەت بەشێکی زۆری وەختی داگرتووە • لەگەڵ ئەوەشدا لەلاوە دەرسی بە مرید و مەنسووبە خوێندەوارەکانی هەر وتووە • بۆ نموونە شێخ ئیسماعیلی هەنارانی کە خەلیفەی بووە و پاش خۆی جێی گرتووەتەوە و مەلایەکی پایەبڵندیش بووە ، پازدە ساڵ لەگەڵ مەولانا بووە لەم ماوەیەدا سوودی زۆری لە مەیدانی زانستیشدا لێ وەرگرتووە •

شێخ هیدایەتوڵڵای هەولێری کە تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانادا وەرگرتووە ، فەقێ بووە • لەگەڵ ئەوەشدا سولووکی تەریقەتی تەواو کردووە و ئیجازەی خەلافەتی موطلەقەی لێ وەرگرتووە • جارێکیان مەولانا پێی‌فەرمووە : هیدایەتوڵڵا ! سەردەمێکی‌وا دێ بەسەرتا ئەگەر دەرسی عولوومی عەقڵی و نەقڵی نەڵێیتەوە لە وڵاتی خۆت دەرت‌ئەکەن و ،

فەرمانی‌داوەتێ کە لە هەر کتێبێ هەندێکی لە سەرەتاکەیەوە بخوێنێ ٠ شێخ هیدایەتوڵڵا بەمجۆرە لە خزمەتی مەولانا خۆیدا دەست‌ئەکا بە خوێندن و پاشان ئیجازەی تەدریسیشی لا وەرئەگرێ ٠ پاش وەفاتی مەولانا بە ماوەیەك میر موحەممەد بەگی ڕەواندز هەولێر ئەگرێ و ، لەبەرئەوە کە زۆر ئارەزووی لە خوێندن و خوێندەواری بووە فەرمان ئەدا هەر مەلایەك لە مزگەوتێ یا لە تەکیەیەکدا بێ ، دەرس بڵێتەوە بە فەقێ ئەگینا ئەبێ وڵات بەجێبێڵێ ٠ بەپێی ئەم فەرمانە شێخ هیدایەتوڵڵایش دەست‌ئەکا بە تەدریس لە هەموو عیلمەکانی مەلایەتیدا بە جۆرێ کە مەلاکانی هەولێر سەرسام ئەبن لە پایەی زانستی و لەو تەحقیق و تەدقیقەی کە لە دەرسدا ئەیکا ٠ میر موحەممەد ئەمە ئەبیستێتەوە و حالی ئەبێ کە ئەمە کەرامەتی ئەولیایە ، داوای لێبووردنی لێ‌ئەکا بەرابەر بە قوصووری ٠ بەڵام شێخ هیدایەتوڵڵا هەر بەردەوام ئەبێ لەسەر دەرس‌وتنەوەی خۆی شان‌بەشانی ئیرشادکردنی خەڵك ، تا پاشان ئەگوێزێتەوە بۆ بەغدا و لەوێیش هەر بەردەوام ئەبێ تا لە بەغدا کۆچی دوایی ئەکا و لە قەبرستانی ئیمامی ئەعظەم لەتەنیشت قەبری مەلا یەحیای مزووری و لەنزیك قەبری شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی شێخ عوثمان سیراجوددینی تەوێڵەوە کە پێشتر وەفاتیان کردووە ، ئەسپێررێ بە خاك ٠

شێخ شەهابوددینی ئالووسی خاوەنی تەفسیری (روح المعانی) لە کتێبی (أصفی الموارد)دا نووسیویە ئەڵێ : «ئەوەی ئێمە دیومانە لە ئەحوالی حەزرەتی مەولانا لەبارەی دەرس‌وتنەوەوە ئەوەیە کە خەریکی دەرس وتنەوەی کتێبی فیقهـ ئەبوو وەکو (نهایە)ی ڕەمەلی لە مەذهەبی شافیعیدا ، یا وەکو شەرحی عەقایدی نەسەفی و حاشیەی خەیالی و حاشیەی عەبدولحەکیم لە ئوصوولی دیندا و نزیکەی دە جوزء تەعلیقاتی لەسەر

عەبدولحەکیم هەبوو • هەروا ئەمانبیست کەوا نەهیی لە موتالآی هەندێ کتێبی موتەصەوویفە ئەکرد وەکوو (الفتوحات المکیة) و (فصوص الحکم)ی ئیبنو عەرەبی و ئەم جۆرە کتێبانە • لە هەمان کاتیشـــدا ئەگەر لەبـارەی هەندێ تەدقیقاتی موتەصەوویفەوە پرسیاری لێ بکرایە ، لە وەڵامدا وەکو دەریا شەپۆلی ئەدا و گوێگرانی بە مەعنای بەرز و ناسك تەنویر ئـەکرد و دڵیانی ڕوون ئەکردەوە •

هەروەها شێخ شەهـابوددین ئەفـەرموێت لەکاتێـکا حاشـیەکانی عەبدولحەکیمی سیالەکووتیم بەسەر خەیالییەوە ئەخوێند ، نەقڵێکم دی لە مـوحەققیقی دەووانییەوە لە شەرحی عەقایدی عەضودییە کە ئەفەرموێت بزانە مەسئەلەی زیادەی صیفاتی خوای تەعالا لەسەر ذات و نازیادییان لەو ئوسوولآنە نییە کە کافرکردنی (احد الطرفین)ی پێوە بەسترێ • لە هەندێ پیاوانی خوایشم بیستووە کەوا ئەم جۆرە باسانە بە کەشف نەبێ دەرناکەون و خراپەیـەك لەوەدا نییە کە ئینسان باوەڕی بە هەرلایـەکی نەفی یا ئیسبات هەبێ لەم مەسئەلەیەدا • لەم مولاحەظەیەوە ئارەزووم هەبوو ئەم مەسئەلەیە لێك بدەمەوە و ویستم لە مەولانا بپرسم تا ڕاستیی مەسئەلەکەم پیشان بدا ، بەڵام شەرمم ئەکرد لەوە کە بچمە لای و لە حوزووریدا قسە بکەم • بـە چەند شیعرێك پرسیارم لێکرد و ناردمە خزمەتی • کە شیعرەکانی خوێندەوە ناردی بەدوامدا و فەرمووی نزیك بکەومەوە لێی • ئەنجا پێیفەرمووم ڕەوا نییە ئینسان لە وەرگرتنی زانست و لە مەیدانی فێربووندا شەرم بکا • منیش کتێبەکەم کردەوە و عیبارەتەکەم بۆ خوێندەوە • مەولانا سەری نزیك کردەوە بۆ سەر کتێبەکەم و فەرمووی ئەوەی کە ڕاستە و پشـتی پێ ئەبەسـترێ ئەوەتە کە بڵێین صیفات زیادن لە ذات و عەینی ذات نین و چەنـد بەڵـگەی عەقلییوای بەیانکرد کە نەمبیستبوون و بە بیرمـدا نەهاتبـوون و زووی شوبهەی موعتەزیلەکانی ڕەد کردەوە تا ئەوەی حەق و ڕاستە بە سافی لـە

دڵمدا جێ‌گیر بوو • جا فەرمووی هیچــت لە شوبهــەی ئەوان لا مــاوە ؟ عەرزم‌کرد نەخەیر ، خوا بتهێڵێ و بە ژیــانت سوودمــەند و بە بەرەکــەتت نوورانیمان بکات • ئەمجار لە ڕووی تەواضوع و خــۆ بە کەم زانینــەوە فەرمووی گومان نەبەی من لە ڕووی کەشفەوە ئەم مەسەلەیەم زانــیوە ، نەخەیر لە کتێبی زانا موحەققیقەکانم وەرگرتووە ، منیش دەستم ماچ‌کرد و گەلێ دوعــای لەش ساغیم بۆ کرد • مەولانا لەم جۆرە تەحقیقاتەی ئەوەندە هەن نازمێررێن •

مەولانا کە چوویشەتە شام گەلێ لە زاناکانی ئەوێ بە حەڵقە دەرسی نیهایەی ڕەمەلی‌یــان لا خوێنــدووە لــەگەڵ لێکدانەوەیــەکی نــایابدا • لەوشوێنانەشدا کە لەنێوان ڕەمەلی و ئیبنو حەجەرو خەطیبدا خیلاف هەیە و قسەیان ناکەوێتەیەك ، مەولانا دەفعی خیلافــەکەی ئــەکردن و قسەکانیانی کۆئەکردەوە بە جۆرێ کە هەموان لایان پەسەند بوو •

بیستوومە مەولانا حەڵقەیەکی دەرس‌وتنەوەی صــەحیحی بوخــاریی شەریفی لە شام بووە گەلێ لە زانایانی شام لەو حەڵقەیەیدا حازر بوون • لەو سەردەمەدا زانایەك خەریکی شەرح‌کردنی بوخاری ئەبێ ، کە باسی ئــەم حەڵقەی دەرسی مەولانایە ئەبیســێ ، چەند ڕۆژێك دێت بۆ گوێ‌گرتن • ئیتر دەس لە شەرح کردنەکەی خۆی هەڵئــەگرێ و ئەبێ بــە گوێ‌گری هەمیشەی حەڵقەی دەرسەکەی مەولانا • یەکێ لە دۆستانی لێی‌ئەپرســێ بۆچی وازی لە شەرح‌کردنەکەی بوخاری هێناوە ؟ ئەویــش لە وەڵامــدا ئەڵێت پێویستە ئینســان ئینســافی بێ • ئــەوەی من لە شەرحــەکەمدا ئەینووسم لە هەندێ لە تەقریرەکانی مەولانادا هەیە ، ئەوی‌تری تەقریرەکانی هەمووی سوودی زیاتری ئەوتۆن لای غەیری مەولانا دەست‌ناکەون • بۆیە ئەگەر حازری دەرسەکەی ئەو نــەبم و گوێی بۆ ڕانــەگرم ، لە دەستــم دەرئەچێ و پێویستیشم پێ‌یەتی •

ئەمە شتێکی زۆر نایابە عالمێك لە کوردستانا پێگەیشتبێ و خوێندنی تەواوکردبێ ، ئەوەندە شـارەزای عیلمی حەدیث بێ ، چونکە وتنەوەی حەدیث لە کوردستاندا باو نییە •

ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە (المجد التالد)دا لە باسی مەناقیبی مەولانادا نووسیویە ئەڵێ : زانای پایە بڵند شێخ عەلیی سووەیدی کە لە گەورەترینی حەدیث گێڕەوەکانی بەغدا بووە ، ڕۆژێکیان دێت بۆ خزمەتی مەولانا بۆ تاقیکردنەوەی لە عیلمی حەدیثدا • کە ئەگاتە بەرەوە موصافەحەی لەگەڵ ئەکا و هەر بە ڕاوەستانەوە حەدیثێك لە ئەحادیثی ئەووەلییە ئەخوێنێتەوە • لەکاتێکا کە هێشتا دەستیان لەناو دەستی یەکدا بووە • هەر لەوکاتەدا مەولانایش حەدیثێکی لەو چەشنە ئەخوێنێتەوە • کە دائەنیشن شێخ عەلی سووەیدی بە ژمارە سێ حەدیث لە حەدیثەکانی شەش صەحیحەکە ئەخوێنێتەوە و ئیسنادەکانیان هەڵئەگێڕێتەوە ، یەعنی ئیسنادی حەدیثی ئەدا بە حەدیثێکیتر و بەمجۆرە بەنیازی تاقیکردنەوە ، جا پاشئەوە تەواویان ئەکا • حەزرەتی مەولانا ئەو حەدیثانە هەریەکی بە عەینی ئیسنادی ڕاستی خۆیەوە ئەخوێنێتەوە ، جا شێخ عەلی ئەکەوێ بەسەر دەستی حەزرەتی مەولانادا و داوای لێبووردنی لێئەکا •

کە شێخ عەلیی سووەیدی لای مەولانا هەڵئەستێ و ئەڕوا ، ئەڵێ ئەم ذاتە لە ئەولیا گەورەکانی خوایە و عولوومی ظاهیر و باطینی پێکەوە لە خۆیدا کۆکردووەتەوە و وەك دەریای بێ لێوار وایە و ئێمەمانان لەچاو ئەودا وەك دڵۆپە ئاوێکین لە چاو دەریایەکدا و پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین بۆ سوود وەرگرتن لە عولوومی ڕەببانی و ئەنفاسی قودسیی ئەم پیاوە •

مەولانا بەدرێژایی ماوەی خەریكبوونیشی بە ئیرشادەوە • دەرسی بە فەقێ هەر وتووەتەوە ، هەرچەند جاروبار دەرەتانی بۆ دەرس وتنەوەکە هەندێك کەم بووە • هەر بۆیەشە کە خەریکی عولوومی ظاهیر و باطین بووە

لای زانایان و خواپەرستان بە (ذو الجناحین) واتە (خاوەنی دوو باڵی ظاهیر و باطین) ناوی دەرکردووە • بەڕاستی وەك چۆن جەنابی (جونەیدی بەغدایی) بە (سید الطائفتین) واتە (گەورەی هەردوو هۆزەکە) ناوی دەرکردووە ، چونکە شانبەشانی خەریکبوونی تەصەووف دەرسی فەقێکانیشی پشت گوێ نەخستووە ، مەولانایش لە سەردەمی خۆیدا (سید الطائفتین) بووە و جیهانی ئیسلامی بە نووری ظاهیر و باطین نوورانی کردووە ، بەلام نوورانیکردنێکی دەوامدار ، چونکە لەوڕۆژەوە تائێستا ئیرشادکردنی موسوڵمانان لەناو مرید و مەنسووبەکانیدا بەردەوامە و سوودیان لێ وەرئەگیرێ •

ئەو کتێبانەی کە مەولانا دایناون

بەپێی ئەوەی لە هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوی وەك (الشیخ معروف النودهی)یەکەی شێخ موحەممەدی خاڵدا نووسراوە ، مەولانا گەلێ تەئلیفاتی هەیە کە ئەمە ناوەکانیانە لەگەڵ وردە باسێکیاندا :

(١) شەرحی لەسەر (اطباق الذهب)ی زەمەخشەری بە فارسی •

(٢) شەرحی لەسەر مەقاماتی حەریری ، بەلام تەواوی نەکردووە [١] •

(٣) حاشیەی لەسەر عەبدولحەکیمی سەیالەکووتی کە مەشهوورە بە (تتمة) ، چونکە حاشیەکەی عەبدولغەفووری لاری کە تا (اصوات) ڕۆیشتووە و بەس ، عەبدولحەکیم بۆی تەواوکردووە • ئەمە لەپێش سەفەری هیندیدا بووە •

(٤) جالیة الاکدار ، في تقلبات الامصار •

---

(١) لە کتێبخانەی شێخ موحەممەدی خاڵدا نوسخەیەکی دەسنووسی مەقامات هەیە مەولانا بە فارسی بە خەتی خۆی تەعلیقاتی لەسەر نووسیوە .

(٥) تەعلیقاتی مودەووەنەی لەسەر حاشیەی (خەیاڵی) لەسەر شەرحی عەقایدی نەسەفی و لەسەر عەبدولحەکیمی خەیاڵی لە عیلمی کەلامدا کە لە ساڵی ١٣٠٧ی هیجرەت ، ڕێکەوتی ١٨٨٩ی میلادیدا لە ئەستەموول چاپکراوە •

(٦) العقد الجوهري ، في الفرق بين كسبي الماتريدي والاشعري ، لە عیلمی کەلامدا • شێخ عەبدولحەمیدی خەرپووتی شەرحی لەم ڕیسالەیە کردووە و ناوی ناوە (السمط العبقري ، في شرح العقد الجوهري) • ئیبراهیم فەصیح حەیدەرییش شەرحی لەسەر کردووە •

(٧) کتێبە بچکۆلەیەك لە باسی عیباداتدا ، بۆ ئەو مریدانەی کە حەنەفی مەذهەب بوون و چوونەتە سەر مەذهەبی ئیمامی شافیعی خوایان لێ ڕازی بێ •

(٨) حاشیەی لەسەر (نهایه)ی ڕەمەلی لە فیقهی شافیعیدا ، تا باسی نوێژی جومعەی لەسەر ڕۆیشتووە لە دوو بەرگدا •

(٩) شەرحی لەسەر عەقایدی عەضودییە لە عیلمی کەلامدا •

(١٠) حاشیەی مودەووەنەی لەسەر کتێبی (جمع الفوائد ، من جامع الاصول و مجمع الزوائد من كتب الحديث) کە موحەممەدی کوڕی سولەیمانی مەغریبی حەدیثەکانی چواردە موسنەدی تیا کۆکردووەتەوە •

(١١) شەرحی لەسەر حەدیثی (ئیمان) بە زمانی فارسی ، عەقایدی ئیسلامی تیا کۆکردووەتەوە و ناوی ناوە (فرائد الفوائد) [٢] •

(١٢) جلاء الأكدار ، والسيف البتار بالصلوة على النبي المختار • لەم کتێبەدا ناوی ئەصحابی غەزای بەدری بەپێی حەرفەکانی ئەلفوبێ کۆکردووەتەوە •

---

(٢) دانەیەکی دەستنووسی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی شێخ موحەممەدی خالدا هەیە •

(١٣) كتێبه بچكۆلەیەك لە ئادابی ذیكردا لە طەریقەتی نەقشبەندیدا ، ئەم كتێبه لەگەڵ نامه عەرەبی‌یەكانیدا لە كتێبی (بغیة الواجد)دا كۆكراوەتەوە.

(١٤) كتێبه بچكۆلەیەك لەبارەی ئادابی مریدەوە لەگەڵ شێخی مورشیدیا ، لەم دوایی‌یەدا لە شاری قازانی پایتەختی تاتارستان لەچاپدراوە.

(١٥) كتێبه بچكۆلەیەك بۆ ئیسباتی (رابطه) ، لە كتێبی (بغیة الواجد)دا چاپكراوە .

(١٦) نامه عەرەبی‌یەكانی كە ئەسراری تەصەووفی تیایاندا باس كردووە، ئەسعەد صاحێبی برازای لە بەرگێكی گەورەدا كۆی كردووەتەوە .

(١٧) نامه فارسی‌یەكانی كە ئەسعەد صاحێب لە بەرگێكی گەورەدا كۆی كردوونەتەوە [٣] .

(١٨) دیوانی شیعری بە سێ زمان كوردی و فارسی و عەرەبی لە ١٢٦٠ی هیجرەت ، رێكەوتی ١٨٤٤دا لە ئەستەمووڵ لەچاپدراوە [٤] .

ئەو كتێبانەی لە ستایشی پایەی مەولانادا نووسراون

مەولانا وەك زانایەكی گەورەی ئایین و وەك مورشیدێكی پایە بڵندی طەریقەت ، لەبارەی ژیان و رەوشت و دەرزوتنەوەیەوە بە فەقێكانی و ئیرشادكردنی بۆ مرید و مەنسووبەكانی ، هەروەها بۆ داكۆكی لێ‌كردنی

---

(٣) هەندێ لەم نامانە لای شێخ موحەممەدی خاڵ و هەندێكیشیان لە كتێبخانەی ئەسعەد صاحێبدان لە شام . مەولانا نامەی‌تریشی بووە كە بۆ ئەم و ئەوی نووسیوە ، بەڵام فەوتاون و نەكەوتوونەتە ناو كۆمەڵەی مەكتووباتە عەرەبی و فارسی‌یەكانیەوە .

(٤) جگە لەو شیعرانەی كە لە دیوانەكەیدا لەچاپدراون ، مەولانا شیعری‌تریشی هەیە لەملا و لەولا بەدەگمەن دەسگیر ئەبن . دیارە ئەبێ وەك هەر شاعیرێكی‌تری كورد شیعری زۆریشی فەوتابێ .

بەرابەر بەو هێرشە ناڕەوایانەی کە کراونەتە سەری ، گەلێ کتێب نووسراوەو وا لێرەدا ناوی ئەو کتێبانە ئەهێنین :

(١) أصفى الموارد في سلسال احوال الامام خالد ، تأليف الشيخ عثمان ابن سند الوائلي النجدي نزيل البصرة [١] .

(٢) الفيض الوارد ، على روضة مرثية مولانا خالد ، تاليف ابى الثناء محمود الآلوسي [٢] .

(٣) المجـد التالد ، في مناقب مولانا خـالد ، تاليف ابراهيم فصيح الحيدري البغدادي [٣] .

(٤) سلّ الحسام الهندي ، لنصرة مولانا خالد النقشبندي ، تأليف الشيخ محمد امين الشهير بابن‌عابدين [٤] .

(٥) الأساور العسجدية ، في المآثر الخالدية ، تأليف الشيخ حسين بن احمد البصري الدسوري .

(٦) الحديقة الندية والبهجة الخالدية ، تأليف الشيخ محمد بن سليمان الحنفي البغدادي [٥] .

(٧) النشر الوردي ، باخبار مولانا خالد النقشبندي الكردي ، تاليف الشيخ ابى‌بكر محمد الحنفي الاحسائي [٦] .

---

(١) بەڵگەیەکی ئەوتۆم دەسگیر نەبوە لێیەوە بزانم ئاخۆ ئەم کتێبە لە چاپ دراوە یا لە چاپ نەدراوە .
(٢) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٢٧٨ی هیجرەتدا لەچاپدراوە .
(٣) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٢٩٢ی هیجرەتدا لە ئەستەموول لەچاپدراوە .
(٤) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٣٠١ی هیجرەتدا لە چاپخانەی (معارف الولاية) لە شام لەچاپدراوە .
(٥) ئەم کتێبە لە پەراوێزی کتێبی (اصفى الموارد)ەوە لەچاپدراوە .
(٦) دانەیەك لەم کتێبە لە کتێبخانەی گشتیی ئەوقافی بەغدادا هەیە ، نمرەی (٤٨٢٠)ە .

(٨) القول الصواب ، برد ما سمى بتحرير الخطاب ، تأليف محمد امين مفتى الحلة .

(٩) السهم الصائب ، لمن سمى الصالح بالمبتدع الكاذب ، تأليف محمد امين السويدي البغدادي .

(١٠) البهجة السنية ، في آداب الطريقة العلية الخالدية ، تأليف محمد ابن عبدالله الخانى [٧]

(١١) حصول الأنس ، في انتقال حضرة مولانا خالد الى حضرة القدس، تاليف السيد اسماعيل الغزي العامري مفتى الشافعية بدمشق الشام .

(١٢) رياض المشتاقين ، في مناقب مولانا خالد ضياءالدين ، تأليف الملا حامد البياري الشهرزوري [٨] .

(١٣) مسلّى الواجد و مثير النواجد ، في تشطير مرثية مولانا خالد ، للشيخ داود بن سليمان بن جرجيس [٩] .

(١٤) بغية الواجد ، في مكتوبات مولانا خالد ، للشيخ محمد اسعد صاحب [١٠] .

(١٥) نور الهداية والعرفان في سر الرابطة والتوجه وختم الخواجگان للشيخ محمد اسعد صاحب زاده [١١] .

(١٦) الفيوضات الخالدية ، للشيخ محمد اسعد صاحب زاده [١٢] .

---

(٧) ئەم کتێبە لە ١٣٠٣ی هیجرەتدا لەچاپدراوە .
(٨) دانەیەك لەم کتێبە لە کتێبخانەی خانەقای بیارەدا هەبوو .
(٩) دانەیەك لەم کتێبە لە کتێبخانەی گشتیی ئەوقافی بەغدادا هەیە ، نمرەی (٥٧٦٥)ە .
(١٠) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٣٣٤ی هیجرەت ، ڕێکەوتی ١٩٢٤ی میلادیدا لە دیمەشق چاپکراوە .
(١١) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٣١١ی هیجرەتدا لە چاپخانەی عیلمییە لە قاهیرە لەچاپدراوە .
(١٢) ئەم کتێبە لە پەراوێزی کتێبی (نور الهداية والعرفان)ەوە لەچاپدراوە .

(١٧) جمع القلائد و مجمع الشوارد ، في فرائد حضرة مولانا خالد ، للشيخ محمد اسعد صاحب زاده •

(١٨) الرحمة الهابطة ، في ذكر اسم الذات والرابطة ، تاليف الشيخ حسين بن احمد الدسوري ، صاحب كتاب الأساور العسجدية في المآثر الخالدية •

(١٩) الأنوار القدسية ، في مناقب السادة النقشبندية ، لمحمد بن احمد الرخاوي [١٣] •

گەلێ خاوەن هونەر و ناوداری‌تریش لە باسی سیرەتی پیرۆز و ڕەوشتی بەرزی مەولانادا تەئلیفیان کردووە وەك سەیید عوبەیدوللای حەیدەری و شێخ ئەحمەدی طەرابلوسیی ئەرواوی و شێخ ئیسماعیلی کوڕی عەلیی دوورەکی و حاجی شوکری ئەفەندیی ڕۆمیی ئەستەمووڵی و کەسانی‌تریش •

هەروەها باسی سیرەتی مەولانا و خووڕەوشتی لە گەلێ کتێبی‌تریشا هاتووە کە تەرخان نەکراون بۆ باسی ئەو ، وەك (جامع الكرامات)ی شێخ یۆسفی کوڕی ئیسماعیلی نەبهانی و ، (الأعلام)ی خەیروددینی زەرکەلی و ، (نشوة الشمول) و (نشوة المدام) و (غرائب الاغتراب)ی ئەبوولثەنای ئالووسی و ، (عنوان المجد)ی ئیبراهیم فەصیح حەیدەری و ، (قاموس الاعلام)ی شەمسوددین سامی و ، (المسك الأزفر ، في علماء القرن الثالث عشر)ی مەحموود شوکری ئالووسی و ، (السعادة الابدية ، في ما جاء به النقشبندية) و (الحدائق الوردية ، في حقائق اجلاء النقشبنديه)ی عەبدولمەجیدی کوڕی موحەممەدی خانی و ، (معجم المؤلفين)ی عومەر ڕەضا کەحالە و ، (منتخبات التواريخ)ی دیمەشقی و ، (المقامات السعدية)ی

---

(١٣) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٣٤٤ی هیجرەت ، ڕێکەوتی ١٩٢٥ی میلادی لە میصر لەچاپدراوە •

شێخ موحەممەد مەظهەری مەعصوومی و ، (القافلة)ی دادیار مەحموودولعەبطە و ، (مشاهير الشرق في القرن التاسع‌عشر)ی جورجی زەیدان و ، (هدية العارفين ، في اسماء المؤلفين)ی ئیسماعیل پاشای بەغدایی بابانی و ، (معجم المطبوعات العربية)ی یووسف ئێلیان سەرکیس و ، (حديقة الأولياء)ی خواجە زادە ئەحمەد حیلمی و ، (الكشاف ، في مخطوطات خزائن الاوقاف)ی دوکتۆر موحەممەد ئەسعەد طەلس و ، (مطالع السعود)ی شێخ عوثمانی ئیبنولسەنەد و ، (تنوير القلوب)ی شێخ موحەممەد ئەمینی هەولێری و ، (حسب حال السالك)ی ئەحمەد شەوکەت و ، (التراث‌الروحي)ی موحەممەد عەبدولمونعیمی خەفاجی و ، (مجمع الأدباء)ی مەستوورە خانمی ئەردەڵان و ، (التعريف بمساجد السليمانية و مدارسها)ی شێخ موحەممەدی قزلجی و ، (خلاصة تاريخ الكرد و كردستان) و (مشاهير الكرد و كردستان) و (تاريخ السليمانية وانحائها)ی (١٤) موحەممەد ئەمین زەکی و ، (الاكراد في بهدينان)ی ئەنوەر مائی و ، (مفتي زەهاوی)ی شێخ موحەممەدی خاڵ و گەلێ کتێبی‌تری جگە لەمانە •

وا بۆ نموونە دوو پارچە لە دوو لەو کتێبانە ئەنووسمەوە کە یا بۆ داکۆکی لە مەولانا نووسراون ، یا باسی ئەویان تیایە • پارچەی یەکەمیان لە کتێبی (سل‌ّ الحسام الهندي ، في نصرة مولانا خالد النقشبندي) وەرئەگرم کە موحەممەد ئەمینی ئیبنوعابیدین دایناوە کە خۆی یەکێ بووە لە مەنسووبەکانی مەولانا • ئیبنوعابیدین ئەڵێ :

« هو الامام الشهير ، والعارف الكبير ، الذي ورث من العوارف والمعارف كل طارف و تالد ، ولم ينكر فضله الا الجاحد المعاند والكابر الحاسد ، الامام الأوحد والعلم المفرد ، الهمام الماجد ، حضرة سيدي الشيخ

---

(١٤) ئەم سێ کتێبە لە ئەسڵدا بە کوردین ، بەڵام ئێمە وەرگێڕراوە عەرەبی‌یەکانیانمان لابوو •

خالد ، الذي غدا قطب العارفين في سائر الآفاق ، وملاذ المريدين على الاطلاق، واشتهرت به سائر الطريقة النقشبندية في عامة البلاد الاسلامية ، مع ما حاز من علوم باهرة بهية ، وتأليفات شائقة شهية ، فلاتبدو نفائس لآلى التحقيق من بحار التدقيق الا بغواص افكاره ، ولا تجلى عرائس جوارى الترقيق على منصات التنميق الا لخطاب انظاره فلذا شاع صيته وذاع ، وعم النواحي والبقاع ، وتليت آيات فضائله على السنة الأصائل والبكور ، ونشرت رايات فواضله على رماح الظهور ، وظهر ظهور البدر التام ، معتقدا بين الخاص والعام . ثم ان حضرة هذا الامام الافخم ، قد تفضل الله به على اهل الشام وأنعم ، حيث جعلها محل قراره ، ومحط رحاله وتسياره ، ودخلها سنة ثمان وثلاثين والف ومأتين ، بخدمه وحشمه وجملة من الخلفاء والمريدين ، فغصت ابوابه بالزحام ، وهرع الى خدمته الخاص والعام ، يتبرك بزيارته الامراء والحكام ، نافذ الكلمة فيهم بلا نقض ولا ابرام ، تتوارد عليه المكاتبات من اعيان الدولة المنصورة ، وامراء عامة الاقطار المعمورة ، وهو مع ذلك لم ينشغل عن نشر العلوم الشرعية ، ورفع شعار الطريقة النقشبندية ، وارشاد السالكين ، وتربية المريدين ، واحياء كثير من مساجد دمشق الشام ، التي قد آلت الى الاندراس والانهدام ، باقامة الصلوات والأوراد والاذكار وارشاد الخلق الى طريق السادة الأبرار ، حتى صار المشار اليه من بين اهلها والمعول عليه في رفع الملمات وحلها ، الى ان أصيبت بعين الزمان ، ورميت بطوارق الحدثان ، بسبب الطاعون الداعى الى الهلاك والحتف ، الواقع عليه عام اثنين واربعين ومئتين والف ، فلبّى داعيه المجاب الى دار المقام ، في ليلة الجمعة لاربع‌عشرة خلون من ذي‌القعدة الحرام من ذلك العام . ولقد زرته يوم الثلاثاء الحادي‌عشر من ذي‌القعدة قبل الغروب من ذلك اليوم ، فذكرت له انى رأيت منذ ليلتين في النوم ان سيدنا عثمان بن عفان ميت وانا واقف اصلّى عليه ، فقال لي أنا من أولاد عثمان . فكأنه يشير الى أن هذه الرؤيا تومىء اليه ، ثم

أخبرت انه لما صلى العشاء التفت الى مريديه ، فاستخلف وأوصـــى ، وفعل ماأراد واستقصى ، ثم دخل الى بيته فطعين في تلك الليلة ليفوز بقسم الشهادة، وينال الحسنى وزيادة ، فروح الله روحه ، ونور مرقده وضريحه ، وقلت فيــه اندبه وأرثيه ، وأذكر بعض فضائله الجمة ، بقصيدة جعلتها للخاتمة تتمة » •

پارچەی دووهەمیــش لــه کتێبی (غرائــب الاغــتراب)ی سەییــد شەهابوددین مەحموودی ئالووسی ومرثەگرین کە بۆ باسی پیر و مامۆستاکانی خۆی دایناوە • ئالووسی ئەڵێ :

« وقرأت مسألة الصفات من الخيالي ، على حضرة مولى لايصل الى حقيقة فضائله خيالي ، حضرة مولانا ضياءالدين الشيخ خالد النقشبندي ، وهو صاحب الاحوال الباهرة والكرامات الظاهرة ، والانفاس الطاهرة ، الذي تواتر حديث جلالته ، وأجمع المنصفون على ولايته ، وعمت بركاته الحاضر والبادي ، وانتشر صيته في كل واد ونادي ، امتدت في المقامات والأحوال باعه ، وعمرت بالفضل والافضال رباعه ، كان حريصا على سلوك طريق اهل السنة والجماعة ، لايعرف من اوقاته ساعة ، في غير حل دقيقة علم او طاعة ، حسن السمت والسيرة ، نير القلب والسريرة ، ان توجه الى قلب مريد ملأه نورا ، او ربط على اكرام معدم أفعم واديه بأيدى اياديه سرورا •

الامامُ الجليلُ غوثُ البرايا
غيثُها المرتجى ندى احسانِه

ذو سجايا مثلَ الرياضِ سقاها
وابلُ القطرِ من ندى هتّانِه

بحرُ جودٍ له جداولُ عشرٌ
في يديهِ تدفّقتْ من بنانِه

سارَ في الخافقينِ ذكرَ علاه
وعلا قدرُه على كيوانِه

فائضُ العلمِ عن رويّة فكرٍ
كاد يجلو سرُّ القضا بعيانِه

ثاقبُ الذّهنِ كم خَفايا علومٍ
قد جَلاها بالكشفِ عن بُرهانِهِ
فهوَ كشّافُ مشكلاتِ مَعانٍ
جَلَّ ألفاظِها بديعُ بيانِه

وبالجملة ما حوى احد في عصرنا من فضله ، لم أر مثلا له ، واظن انه هو ايضا ما رأى مثله ، وانكار بعض الاجلة عليه ، وتوجيههم سهام الطعن (وحاشاه) اليه ، كان بعضه محض نفسانية ، وبعضه الآخر كان من غير روية على ان ذلك انما نقص قدر من آذاه ، ولم ينقص قدر ذرة من شامخ علاه •

من كانَ فوقَ محلِّ الشمسِ رتبتُهُ
فليْسَ يرفَعُهُ شيىءٌ ولايَضَعُهُ

چەردەیەك لە مەناقیبی مەولانا

وەك ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە (المجد التالد)دا ئەیگێڕێتەوە مەولانا ذاتێ بووە هەمیشە بەپێی پێڕەوی قورئـان و سـوننەت جوولاوەتـەوە • بەدرێژاییی ژیانی تەرکی نوێژی جەمـاعەتی نەکردووە • لە هـەر شـوێنێ نیشتەجێ بووبێ پێش نوێژی خۆی بووە کە لە خەلیفە و مەنسووبە گەورەکانی بوون • مەولانـا هەمیشە شـەونوێژی کردووە و سبـەینان زوو لە خـەو هەستاوە و بەردەوام خەریکی ذیکر و فـکر و تاعـەت و ئامـۆژگاری و ئیرشادی موسوڵمانان بووە و هەرگیز لە سوننەتی پێغەمبـەر لای نەداوە • ئیبراهیم فەصیح ئەڵێ شەخصێك ماوەی سـاڵێك موراقەبـەی مەولانـای کردووە نەیدیوە تاقە جارێ لە سوننەت لابدا • سەرنجی داوە هەرچەنـد ئەچێتە ناو مزگەوتێکەوە پێی ڕاستی پێش ئەخا و کە دێتە دەرەوە پێی چەپی پێش ئەخا •

مەولانا لەگەڵ ئەو هەموو ئیـش و کارەی کە بوویـەتی هـەرگیز

دەس‌بەرداری دەرسی فەقێکانی نەبوە ، دەرسی تەفسیر و حەدیثی شەریف و فیقهـ و ئوصوولی دین و ئوصوولی فیقهی وتوەتەوە • فەقێکانی دەرسی تەربی‌یەی ڕۆحی و مریدەکانی دەرسی عولوومی ظاهیری‌یان لا وەرگرتووە •

مەولانا ئینسانێکی زاهید بووە ، هەرچی‌یەکی بووبێ صەرفی هەژارەکانی تەکیە و خانەقاکەی و هەتیو و بێوەژن و هەژارانی دەوروپشتی کردووە • قەرزی قەرزارانی لێ داوەتەوە و یارمەتیی ئەوانەی داوە کە موحتاجی یارمەتی بوون •

مەولانا کەسێکی بە صەبر و تەحەممول بووە • دەرد و ئازارێکی زۆری لە دەوروبەری خۆی هەڵگرتووە چ هیی قسە و چ هیی کردەوە • سەرەنجامیش نیشتمانی خۆی بەجێ‌هێشتووە و چووە بۆ دوورولاَت تەنها لەپێناوی بیروباوەڕ و خواناسیدا و بۆئەوەی موسوڵمانان بەهۆی ئەوەوە تووشی دەرد و مەینەت نەبن • لەگەڵ ئەوەش هەمیشە ئامادە بووە بۆ چاوپۆشی لەوانەی ئەزیەتیان داوە و بۆ لێ‌خۆش‌بوونیان ، وەك هیچ ڕووی نەدابێ •

عیزەتی نەفس و لە دنیا دووری و دەس‌بلاَویی مەولانا

(١) پێشتر باسی ئەوەمان‌کرد کە مەولانا لە خورماڵ لە مەدرەسەی مەلا جەلالی خورماڵیدا فەقێ بووە ، کابرایەکی هیندی ڕێی کەوتووەتە خورماڵ و لەوێ نەخۆش‌کەوتووە • مەولانا لە ڕێگای خوادا خزمەتی ئەو کابرایەی کردووە و چیی پێویست بووبێ بۆی هێناوەتەدی • کابرا کە ئومێدی ژیانی ئەبڕێ ، بانگ ئەکاتە مەولانا و دەست‌ئەبا توورەکەیەك لە باخەڵی دەرئەهێنێ ئەیداتێ ، پێی ئەڵێ ئەمە ئیکسیرە هەڵی‌بگرە بۆ

خۆت ، هەر کاتێ کە پێویستی‌یەکت بوو بە پارە ئەوەندەی دەنکە گەنمێکی لێ بکەرە ناو پیاڵەیەك ئاوەوە ئەیکا بە زێڕ • پـاش مردنی کابرا مەولانـا ئەکەوێتە مەراقەوە کە ئەگەر قسەی ئەم کابرا ڕاست بێ و ئەم تۆزەی لـەم توورەکەدایە ئاو بکا بە زێڕ ، ئەو چی بکا لەو زێڕە و چۆن خۆی لەو داوی دنیایە ڕزگار بکا ؟ ئەچێتە قەراخ چەمی زەڵم و بۆئەوەی بەجارێ لە خەیاڵی دنیا و دنیاداری ڕزگار ببێ توورەکەکە ڕەپ‌وڕاست فڕێ‌ئەداتـە نـاو چەمی زەڵمەوە و ئەگەڕێتەوە بۆسەر خوێندنەکەی •

(٢) لەگەڵ ئەوەشدا کە مەولانا لای بابانەکان زۆر بەقەدر و حورمەت بووە و ولاتەکەش ئاوەدان و ڕازاوە بووە ، مەولانا ڕووی لە دنیا نەکردووە و بەدوای ئەوەدا گەڕاوە کە مورشیدێکی تەواو و شایانی دەسگیر ببێ لـە دنیای دووربخاتەوە و ، هەر کە ئیشارەتی سـەفەری وەرگرتووە ولات و ڕێ و شوێنی خۆی بەجێ‌هێشتووە و ڕێگای هیندستانی گرتووەتـەبەر و ڕۆیشتووە •

(٣) کە دواجار بڕیاری سەفەری شام ئەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لـە کوردستاندا مرید و مەنسووبێکی زۆری بووە و مەحموود پاشای بابـان زۆری لەگەڵ هەوڵداوە کە بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و زۆر دڵی ئەداتەوە و هەموو هۆیەکی ڕەحەتیی دڵ و دەروون و ژیانی باشی بۆ ئامادە ئەکا ، مەولانا بۆئەوەی کە بەهۆی ئەوەوە هەرا و ئاشووبە لە سولەیمانیدا نەبێ و نێوانی موسوڵمانان تێك نەچێ هەموو داواکانی پاشا ڕەت‌ئەکاتەوە و بڕیاری سەفەر ئەدا و ولات بەجێ‌دێڵێ و ئەڕوا بۆ شام •

(٤) مەولانا لە سەردەمی ئیرشادیدا ، وەکوو شێخەکانی‌تر ، دیـاری و خزمەتی خەڵکی قوبووڵ نەکردووە ، بەڵکو بە دەرامەتی کەمی ئـەملاکی خۆی قەناعەتی کردووە و ، گەلێ‌جاریش قەرزی لەسەر بووە بە بار و هەندێ لە مەنسووبەکانی بە بێ‌ئاگاداریی خۆی قەرزەکانیان بۆ بژاردووەتەوە •

(٥) ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە (المجد التالد)دا نووسیویە : وائەبوو مەولانا بەجارێ پتر لە صەد هەزار قرووشی ئەبەخشی • بۆنموونە کاتێ کە عالمی گەورە و خواناس سەیید ئیبراهیمی بەرزنجەیی لە بەغدا وەفاتئەکا پەنجا هەزار قرووش قەرزار ئەبێ • خاوەنقەرزەکان سەیید موحەممەدی کوڕی هەڵئەپێچن بۆ ئەو قەرزە • ئەویش غەیری ئەو ماڵەی تیا ژیاون و هەندێ کتێبی باوکی هیچی لەدەستدا نابێ • هاوار ئەبا بۆ مەولانا • مەولانایش خاوەنقەرزەکان بانگ ئەکا و سەنەدیان بۆ ئەنووسێ کە لە ماوەی مانگێکدا قەرزەکانیان بداتەوە • مانگەکە پڕنابێتەوە هەموو قەرزەکانیان بۆ ئەبژێرێتەوە •

(٦) لە زەمانی داوود پاشادا سوپای عەجەم بەهۆی هەندێ بابانییەوە دەوروپشتی سولەیمانی تالآن ئەکا • لەو تالآنەدا کتێبخانەی مەلایەکیش لە دێیەکدا سەری تیا ئەچێ • مەلاکە ئەچێ بۆ بەغدا بۆ شکات لای مەولانا• مەولانا ئەفەرموێت هەرچی کتێبی کتێبخانەکەی خۆی هەیە بیدەن بەو مەلایە • مەلایش دەستی مەولانا ماچئەکا و کتێبەکان ئەبات و ئەگەڕێتەوە •

(٧) عەبدولباقی عومەری لە مووسڵەوە بە فەرمانی یەحیا پاشای والیی مووسڵ دێت بۆ بەغدا بۆلای داوود پاشا بۆ هەندێ کاروبار و لە ماڵی موحەممەد ئەفەندیی حیسابداری خەزێنە دائەبەزێ • ماوەیەکی پێئەچێ ئیشەکەی بۆ جێبەجێ نابێ ، خەرجیی پێ نامێنێ • ڕۆژێکیان خزمەتکارەکەی پێیئەڵێ ئەم مەولانا خالیدە کە تۆی ئەوەندە خۆشئەوێ ، ئەگەر شێخ بێ ئەبێ هەندێ خەرجیت بۆ بنێرێ • لەم قسانەدا ئەبن ئەدرێ لە دەرگا • خزمەتکارەکەی عەبدولباقی دەرگاکە ئەکاتەوە ئەبینێ خزمەتکارێکی مەولانایە دەستەسڕێکی سپیی بەدەستەوەیە ، لە بەردەرگاکەدا ڕاوەستاوە • کابرا دەستەسڕەکە لە بەردەمی عەبدولباقیدا دائەنێ و ئەڵێ مەولانا ئەمەی بۆ ناردوویت • کە کابرا ئەڕوا عەبدولباقی دەستەسڕەکە ئەکاتەوە ، ئەبینێ

بیست هەزار قرووشی تیایە • زۆری پێ خۆش ئەبێ و ئەڕوا بۆلای مەولانا بۆ سوپـــاس •

خەلیفەکانی مەولانـــا

لەگەڵ ئەوەشدا کە ناحەزان و گومڕاهان بەوپەڕی توند و تیـــژی بەربەرەکانێی مەولانایان ئەکرد و تەگەرەیان ئەهێنایە ڕێی و ئەیانویســـت نەهێڵن ڕێگای شەریعەت و طەریقەت پیشـــانی موسوڵمـــانان بـــدا ، بەڵام ئەستێرەی بەختی مەولانا لە تاریکاییی شەوی نەزانی و گومڕاهیدا هەر لـــە درەوشانەوەدا بوو ، تا سەرەنجـــامی کار زۆر لەوانـــەی هەڵخەڵەتێنرابوون گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و زۆر لە ستەمکاران لە ستەمی خۆیـــان پەشیمان بوونەوە و زۆریتریش لە طالیبانی نووری طەریقەت بـــە بەرەکەتی ئەرواحی ئەولیا دڵیان لە گەردی دنیا پاكبووەوە • خەلیفەکانی مەولانا لـــە هەمووڵایەك مووەففەق بوون هێز بە حەقیقەتی ئیسلامەتی بدەن و بوونیان بوو بە چرای ڕوونکەرەوەی ڕێگای تاریکی ژیانی خەڵك و بە نیشانـــەی پایەی بڵند و بیری بەرز و دڵ و دەستی خاوێنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی•

ژمارەی ئەم خەلیفانەی مەولانا بە من نـــاکرێ ، بەڵام ئەوانەیـــان کە ناویان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراودا نـــووسراوە ، ناویـــان ئەنووســـم و هەرچەندیش لە مێژووی ژیانی هەرکامیان بزانم بەیانی ئەکەم • ئەوانـــەش کە ناویان نازانم یا ئاگاداری مێژووی ژیانیان نیم با بمێننەوە بۆ لەمەوپاش بەڵکو کەسیوا هەڵکەوێ بتوانێ تۆزی گەردوونیان لەسەر ڕوو داتەکێنێ و ڕووی ڕووناکیان پیشانی خوێندەواران بـــدا •

خەلیفە کوردەکانی مەولانا ئەمانە بوون :

(١) شێخ عوثمان سیراجوددین •

(٢) مەلا موصطەفای کوڕی مەلا جەلالی خورماڵی •
(٣) سەییدئەحمەدی مەشهور بە سەرداری خەڵکی سەرگەڵوو •
(٤) شێخ عەبدولقادری بەرزنجەییی سەرگەڵوویی •
(٥) شێخ مەحموود صاحێبی برای باوکی و دایکیی خۆی •
(٦) شێخ ئیسماعیلی بەرزنجەییی کونەکۆتری •
(٧) شێخ ئیسماعیلی هەنارانی •
(٨) حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی •
(٩) شێخ مەلا عەبباسی کۆیی •
(١٠) شێخ مەلا موحەممەدی قزلەری •
(١١) مەلا عەبدولغەفووری کەرکووکی •
(١٢) شێخ مەلا هیدایەتوڵڵای هەولێری •
(١٣) شێخ ئەحمەدی خەطیبی هەولێری •
(١٤) شێخ مەلا بەکری کوردیی گەلاڵی •
(١٥) شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی •
(١٦) شێخ ئیسماعیلی شیروانی •
(١٧) شێخ موحەممەد حافظی ئۆرفەلی •
(١٨) شێخ مەلا عەبدولڕەحمانی کوردی •
(١٩) شێخ مەلا موحەممەدی مەجذووب •
(٢٠) سەیید طاهای نەهری‌یە •
(٢١) شێخ عەبدولقادری شەمزینی •
(٢٢) شێخ خالیدی حەریری •
(٢٣) شێخ موحەممەدی فیراقی •
(٢٤) مەلا ئەحمەدی کۆلەسارەیی •
(٢٥) سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری •

(٢٦) شێخ طاهیری عەقرەییی بامەڕنی •

(٢٧) مەلا ڕەسووڵی سابڵاخی •

(٢٨) شێخ عومەری قەرەداغیی مەشهوور بە شێخ هۆمەر •

(٢٩) شێخ مەسعوودی ئامێدی •

(٣٠) مەلا ئەحمەدی هەکاری •

(٣١) شێخ مەحموودی کوڕی عومەری سووسێیی •

(٣٢) شێخ موحەممەدی قەرمەشلی •

(٣٣) شێخ مەلا خـالید •

(٣٤) شێخ خالیدی کوردی •

خەلیفەکانیشی لە غەیری کورد ئەمانە بوون :

(١) شێخ عەبدوڵڵای ئەفغانیی هەراتی •

(٢) سەیید عەبدولغەفووری مەشاهیدیی بەغدایی •

(٣) شێخ موحەممەدولجەدیدی بەغدایی •

(٤) شێخ مووسای جبووری •

(٥) شێخ موحەممەدی ئیمام •

(٦) مەلا ئەبووبەکری بەغدایی •

(٧) شێخ ئیسماعیلی بەصری •

(٨) سەیید ئیسماعیلی غەززی •

(٩) شێخ مەعرووفی تیکریتی •

(١٠) شێخ موحەممەد ناصیح •

(١١) شێخ عەبدولقادری دیملانی •

(١٢) شێخ مووسای بەندەنیجی •

(١٣) شێخ عیسای بەندەنیجی •

(١٤) سەیید مەحموود ئەفەندیی گەیلانی •

(١٥) شێخ موحەممەدی خانی •
(١٦) شێخ ئەحمەدی سەمین •
(١٧) شێخ حەسەنی قۆزانی •
(١٨) شێخ عەبدوللای فەرد •
(١٩) شێخ موحەممەدی کوڕی سولەیمانی طەرابلوسی •
(٢٠) شێخ موحەممەدی کوڕی سولەیمان •
(٢١) شێخ موحەممەد صالح •
(٢٢) شێخ عەبدوللای ئەرزەنجانی •
(٢٣) شێخ موحەممەدی عاشقی میصری •
(٢٤) شێخ یۆسفی ئیسلام یولی •
(٢٥) شێخ فەیزوللای ئەرزڕۆمی •
(٢٦) شێخ ئەحمەدی ئاگرەبۆزی •
(٢٧) شێخ عەلیی بالوولی •
(٢٨) خواجە عومەر ڕاسیم ئەفەندی •
(٢٩) شێخ ئەحمەدی قەسطەموونی •
(٣٠) حاجی حوسەین ئەفەندی •
(٣١) شێخ جەودەت ئیبراهیم •
(٣٢) شێخ موحەممەدی هەراتی •
(٣٣) سەیید ئەحمەد ضیائوددینی گوومشخانی •

ئەم ذاتانە هەموویان ئیجازەی ئیرشادی عامیان لە مەولانا وەرگرتووە و خاوەنی پایەی بەرز بوون لە تەصەووفدا و بە ڕیاضەت کێشان و عیبادەت و شوێن‌کەوتنی کیتاب و سوننەت لەبەر تەوەججوهات و بەرەکەتی مەولانـا پێگەیشتوون و دڵیان بووە بە مەظهەری تەجەللای نووری خوا • لەنـاو ئەمانەدا هەندێکیان لە هەندێکی‌تریان مووەففەق‌تر و سەرکەوتووتر بوون

وەك شێخی سیراجوددین و سەیید طاهای نەهری و شـێخ عەبدولقـادری شەمزینی و شێخ طاهیری بامەرنی و شێخ ئەحمەدی سەردار و هەندێکێشیان بەمجۆرە مووەففەق نەبوون •

ئەحوالّ و مەناقیبی ئەو خەلیفانەی مەولانا کە ئاگام لە ئەحوالّ و مەناقیبیانە

یەکەم ــ شێخ عوثمان سیراجوددینە کە لە سالّی ١١٩٥ی هیجرەتدا لـە دێی تەوێلّەی سەر بە قەزای هەلّەبجە لەدایك‌بووە • باوکی نـاوی خـالید ئـاغای کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی عـەبدوللاّ ئاغـای کوڕی سـەیید موحەممەد دەروێشی کوڕی سەیید طاهیری کوڕی سەیید جومعەیـە • وەك مەشهوورە ئـەم سەیید جومعەیە لە ساداتی (نعێم) و لە نـەوەی حـەزرەتی حوسەینە • وەختی خۆی لە دەوروبەری چیای چیمرینەوە هاتووە بۆ دێـی تەوێلّە و لەوێ ماوەتەوە • دایکی ناوی (حولەیمە)ی کچی فەقێ ئەبووبەکری تەوێلّەیی‌یە کە لەناو خەلّکا بە (فەقێ هەی‌بەکر) مەشهوور بووە • ئـەم فەقێ ئەبووبەکرە لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزایی‌یە کە ئەویش لە ئەولادی شێخ زەکریای کاکۆ زەکەریایی و لە نەوەی شێخ ئەبولحەسەنی شاذلی‌یە کە ئەویش ئەچێتەوە سەر حەزرەتی حەسەن [1] •

شێخ عوثمان لە حەوت سالّیدا نراوەتە بەر خوێندن و قورئانی پیرۆز و هەنـدێ وردە کتێبی خوێندووە • ئەنجا بۆ وەرگرتنـی دەرسی عەرەبی و شەریعەت تەوێلّـەی بەجێ‌هێشتـووە • لە بیـارە و خەرپـانی و خورمـالّ خوێندوویەتی • پاشان بۆ خوێندن چووە بۆ بەغدا و لەوێش لە تـەکیەی

(١) شێخی سیراجوددین و ئەولادی خۆیان بە ئیدیعای سەییدی‌یەوە خەریك نەکردووە ، بەلاّم ئەم شەجەرەیان کە ئێمە باسمان‌کرد ڕاستە و تا سەر سەیید جومعە بە خەتی شێخی ضیائوددین نووسراوە .

حەزرەتی غەوث زۆری خوێندووە ٠ هەر لەوێ‌یش تەصادوفی مەولانا خالیدی کردووە و بووە بە خەلیفەی و گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان و دەستی کردووە بە ئیرشاد تا لە ١٢٩٥ی هیجرەتدا وەفاتی کردووە ٠

دووهەم : مەلا موصطەفای کوڕی مەلا جەلالی خورماڵی کە لە کتێبی (المجد التالد)دا زۆر بەقەدر و حورمەتەوە ناوی هێنراوە و ، لە سەردەمی باوکی و پاش وەفاتی ئەویش سەرەڕای بڵاوکردنەوەی طەریقەت خەریـــکی تەدریسی فەقێکانیشی بووە ٠

سێهەم : سەیید ئەحمەدی سەرگەڵوویی بەرزنجەیی کە مەشهـــوور بووە بە سەیید ئەحمەدی سەردار ٠ پاش‌ئەوەی مەولانـــا لە هیندستـــانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و دەست‌ئەکا بە ئیرشاد و مرید لە هەمووولایەکەوە دێن بۆ خزمەتی ، ناحەزان ئەیانەوێ زیانی پێ‌بگەیەنن ، سەیید ئەحمەدیش بەم‌نیازە لە سەرگەڵووەوە دێت بۆ سولەیمانی ٠ مەولانایش لە ڕۆژی جومعەدا لەپاش نوێژی جومعە کە لە مزگەوتی گەورە دێتە دەرەوە تەوەججوهێکی لێ ئەکا و ، ئەویش جەذبە ئەیگرێ ٠ لەمەوە تەریقەت لەسەر دەستی مەولانادا وەرئەگرێ و دەست‌ئەکا بە سولووك‌کردن لای تا بە پایەی خەلیفەیی ئەگاو ئیجازەی ئیرشاد وەرئەگرێ ٠ مەولانا لە نووسراوەکانیدا بە (اخونا احمد) ناوی سەیید ئەحمەد دێنێ ٠ ئەم ذاتە خزمەتێـــکی زۆری لـــە ژیانیـــا بـــە موسوڵمانان کردووە ٠

چوارەم : شێخ عەبدولقادری بەرزنجەیی سەرگەڵوویی ٠ ئەم ذاتە لـــە کوردستانەوە هیجرەتی کردووە بۆ مەدینەی مونەووەرە و لەوێ نیشتەجێ بووە و پاشان ئینتیسابی کردووە بە مەولانا و ماوەیەك هەمیشە هەر لەگەڵی بووە و خەریکی سولووکی طەریقەت بووە تا پێگەیشتووە ، ئەنجا مەولانـــا کردوویە بە خەلیفە و ئیجازەی ئیرشادی پێ‌داوە و لە مەدینـــەی مونەووەرە خەریکی ڕێگا پیشاندانی موسوڵمانان بووە تا کۆچی دوایی کردووە ٠

پێنجەم : شێخ مەحموود صاحێبی برای باوك و دایکیی مەولانا • ئەم ذاتە لە ١١٩٧ی هیجرەتدا لە قەرەداغ لەدایك‌بووە و پێش ئەوە کە بالغ بێ باوکی کۆچی دوایی کردووە ، جا کەوتووەتە ئیدارەی مەولاناوە کە بەخێوی کردووە و پەروەردەی کردووە و قورئانی پیرۆز و وردە کتێبە سەرەتایی‌یەکانی پێ خوێندووە • پاشان بەرنامەی خوێندنی فەقێیانی لای مەولانا خوێندووە و مەلایەکی موناسبی لێ دەرچووە •

پاش‌ئەوەی کە مەولانا گەیشتووەتە پایەی ئیرشاد ، مەحموود صاحێب تەریقەتی لەسەر دەستیا وەرگرتووە و مەولانایش ئیجازەی ئیرشادی پێ‌داوە و کردوویە بە خەلیفەی خۆی • پاش‌ئەوەش کە مەولانا چووە بۆ بەغدا ، ئەم لە خانەقای سولەیمانیدا ماوەتەوە لەگەڵ شێخ عەبدوڵڵای هەراتی و لەوێ دەوامی کردووە • پاش ئەوەش کە مەولانا کۆچی کردووە بۆ شام شێخ مەحموود هەر لە خانەقای سولەیمانی ماوەتەوە و خەریکی ئیرشاد و ڕێگا پیشاندانی موسوڵمانان بووە • پاش وەفاتی مەولاناش لە شام شێخ مەحموود تا ماوەی پێنج ساڵ لە سولەیمانی خەریکی ئیرشاد بووە بەڵام بەتەنها خۆی چونکە شێخ ئەحمەدی هەراتی پاش وەفاتی مەولانا چووە بۆ شام • پاش ئەو پێنج ساڵە ئەمیش چووە بۆ شام و لە مزگەوتی (عەدداس) دەستی کردووە بە ئیرشاد و خەڵك ڕوویان تێ‌کردووە • لەم ماوەیەدا موڵك و ماڵ و وەقفی خانەقای مەولانای لە شام بەڕێوەبردووە کە گەلێکی زاڵم پاش وەفاتی مەولانا داگیریان کردبوو بۆ خۆیان • پاشان لە شامەوە چووە بۆ مەککەی موکەڕڕەمە و حەوت ساڵ لەوێ لەپاڵ ماڵی کەعبەدا خەریکی ڕیاضەت‌کێشان و عیبادەت بووە ، جا هاتووەتەوە بۆ شام و وەك جاران دەستی کردووەتەوە بە ئیرشاد و مەنسووبی لە گەلێ لای وڵاتانی ئیسلامەوە هاتوونەتە لا و گەلێ خەلیفەی پێ‌گەیاندووە وەك شێخ خەلیلی مووسڵی و شێخ سەلیم خەڵەفی حومصی و شێخ موحەممەدی هەراتیی دانیشتووی

(ئەدلەب) و سەیید موحەممەد تەقی‌بوددینی دیمەشقی و کەسانی‌تر •
لەم‌ماوەیەدا هەر شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی بەسەر خانەقای مەولاناوە
بووە لە شام •

لە ١٢٥٩ی هیجرەتدا سولتان عەبدولمەجیدی عوسمانی فەرمان دەرئەکا
بە دانانی شێخ مەحموود صاحێب بە مورشید و مودەڕزیسی خانەقای مەولانا
لە شام و شێخ مەحموود صاحێب لە شوێنی جارانیەوە ئەگوێزێتەوە بۆ
خانەقا و تا لە مانگی ڕەجەبی سالی ١٢٨٣دا کۆچی دوایی ئەکا (٢) لەم
وەزیفەیەدا ئەمێنێتەوە • شێخ مەحموود صاحێب بۆیە ناونراوە بە صاحێب
چونکە هەمیشە هاوڕێی مەولانا بووە •

شەشەم : شێخ ئیسماعیلی بەرزنجەییی کونەکۆتری • ئەم ذاتە لەوانە
بووە کە هەمیشە لەگەڵ مەولانا بوون ، لەپێش سەفەری مەولاناوە بۆ
هیندستان لە تەمەنی منداڵیی ئەمەوە و تا وەفاتی مەولانا • لە خزمەتی
مەولانایشدا خوێندوویەتی و خوێندنی تەواو کردووە و بەهرەیەکی گەورەی
لە زانستەکانی شەرع و عەرەبی و ئەدەبدا بووە و لەگەڵ ئەوەشدا قورئانی
پیرۆز و مەقاماتی حەریریی لەبەر بووە • خەتی زۆر خۆش بووە ، گەلێ
کتێبی بۆ مەولانا نووسیوەتەوە • پاش سولووکی تەریقەتی نەقشبەندی بووە
بە خەلیفەی مەولانا بەڵام ئیرشادی نەکردووە ، هەر خەریکی حاڵی خۆی
بووە • چەند جارێکیش زیارەتی حەرەمەینی شەریفەینی کردووە • لەپاش
وەفاتی مەولانا لە بەغدا نیشتەجێ بووە و گەلی سەفەریشی کردووە بۆ شام•
ئیبراهیم فەصیح حەیدەری ئەڵێ گەلێ دەرسی شەرعم لە خزمەتیدا
خوێندووە • هەروا ئەڵێ ذەوقی شیعر وتنی زۆر بووە • گەلێ شیعر و

---

(٢) مێژووی کۆچ‌کردنی بە حرووفی ئەبجەد بەم ڕستەیە داڕێژراوە : (طاب
في الفردوس في شهر رجب) .

پەخشانی بەنرخی بە زمانی عەرەبی و فارسی نووسیوە • لە بەغدا وەفاتی کردووە و قەبری لەوێیە •

ئیبراهیم فەصیح ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : جارێکیان شێخ ئیسماعیل بە سەفەر چووبوو بۆ سولەیمانی • لەو ڕۆژانەدا کە ئەو لـە ماڵەوە نابێ دو کوڕی حەوت ساڵە و هەشت ســاڵەی لەگەڵ لەلەکەیان لـە دەرەوەی ماڵ ئەبن ، ئەکەونە ناو قەرەباڵغێکەوە لەو قەرەباڵغەدا ئەبن بە ژێر پێوە و کۆچی دوایی ئەکەن • پاش دە ڕۆژ لـەو ڕوودواوە شێخ ئیسماعیل لە ســەفەر دێتەوە • ئێمەیش لە خزمەتی زانای سەردەم شێخ عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانیو هەموو فەقێکانی تەکیەی خالیدییەدا چووین بەپــیریەوە و چووینە ماڵیان • پاش سەعاتێ شێخ ئیسماعیل هاتە ناومان ، ئێمەیش لەبەریهەستاین و دەستیمان ماچکرد و بە خەمباری لـە خزمەتیا بێدەنگ دانیشتین ، هیچمان نەئەوت • ئەویش کە سەرنجی ئەمەی دا ، فەرمووی بۆچی وا بێدەنگ دانیشتوون ، چی قەوماوە بۆچی وا خەمبــارن ؟ ئەگەر لەبــەر مردنی مناڵەکانمە ، خــۆ ئەوانە لای من لە مەولانا عەزیزتر نین و من پاش وەفاتی مەولانا بە مردنی کەس زویر نابم • ئیبراهیم فەصیح ئەڵێ کە سەیید ئیسماعیل ئەم قسانەی کرد گەلێ لە دانیشتووانی مەجلیسەکە دەستیانکرد بە گریان و جەذبەیان لێهات• ئەنجا شێخ ئیسماعیل فەرمووی کە ئەبێ هەموومان بە قەزاوقەدەری خودا ڕازی بین و نەیهێشت هەڵسین تا هەموو نانمان خوارد • هــەر لەو مەجلیسەدا بووین موحەممەد نەجیب پاشای والییش هات بۆ پرسە و شێخ ئیسماعیل هەر بەوجۆرە لەگەڵ ئەویش قسەیکرد •

حەوتەم : شێخ ئیســماعیلی هەنارانی • ئەم ذاتە پاشــی گەڕانەوەی مەولانا لە هیندستان و تا ڕۆژی وەفاتی لە خزمەتیا بووە و خەریکی ئادابی تەریقەت بووە • پاش تەیکردنی مەقاماتی سولووك مەولانا کردوویە بــە بە خەلیفەی موطلەقی خۆی بۆ ئیرشــاد و لە سەردەمی خۆیدا لە شــام لە

مزگەوتی (عەدداس) بووە و تەماشای ئەحواڵی مرید و مەنسووبی مەولانای کردووە • کە مەولانـا تووشی نەخـۆشیی تـاعوون بـووە کردوویە بـە یەکەم جێگەداری خۆی و کاروباری مرید و مەنسـووب و ماڵ و خێزانی خۆی پێ سـپاردووە و فەرموویەتی مادەم شـێخ ئیسماعیلم لـەناوتاندا بەجێ‌هێشتووە وەك نەمردبم وایە • شێخ ئیسماعیلیش پاش وەفاتی مەولانا لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو لەسەر بەرماڵی ئیرشـاد دانیشتووە و خەریکی ئیرشاد بووە ، بەڵام ئاکام مەیدانی نەداوە و پاش مەولانا بە ٢٤ ڕۆژ تووشی تاعوون بووە و وەفاتی کردووە و لە نزیکی مەولاناوە لەسەر گردی قاسیوون لە شام سپێرراوە بە خاك •

هەشتەم : حاجی مەلا عەبدوڵلای کوڕی حاجی مەلا عەبدولڕەحمانی کاکی جەلی• ئەم ذاتە لە خزمەتی باوکیا خوێندنی تەواو کردووە و لە ١٢١٧ی هیجرەتدا لە جێگەی باوکیا دانیشتووە لەو مزگەوت و مەدرەسـەیەدا کە عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە کۆیە بۆی دروست کردوون •

کە مەولانا لـە هیندستان ئەگەڕێتەوە بۆ سـولەیمانی و ناوبانگی ئیرشادی بڵاو ئەبێتەوە ، حاجی مەلا عەبدوڵلا ئەچێتە خزمەتی [٣] و تەریقەتی لەسەر دەستدا وەرئەگرێ و دەستئەکا بە سولووك‌کردن لای تا پێ‌ئەگا و ئەبێ بە خەلیفەو ئیجازەی ئیرشاد وەرئەگرێ •

ئیبراهیم فەصیح حەیدەری پاش تەعریف‌کردنێکی زۆری حاجی مەلا عەبدوڵلا ، ئەڵێ لەپاش طەریقەت وەرگرتنی لەسەر دەستی مەولانادا چووە بۆ حەج و زیارەتی قەبری پێغەمبەری (د) کردووە • پاش گەڕانەوەشی لـە حەج مەولانا ئیجازەی ئیرشـادی داوەتێ و ئەویـش دەستی‌کردووە بـە ئیرشادکردن •

---

(٣) لە (الشيخ معروف النودهی)یەکەی شێخ موحەممەدی خاڵدا نووسراوە حاجی مەلا عەبدوڵلا لە ١٢٣٣ی هیجرەتدا چووەتە لای مەولانا .

بەگوێرەی بەڵگە دەسنووسەکانی بنەماڵەی جەلی خۆیان ، حاجی مەلا عەبدوڵڵا پاش بوونی بە خەلیفەی مەولانا ، بە فەرمانی مەولانا خۆی شەش مانگ لە خانەقا دانیشتووە لە سولەیمانی ، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سەر مزگەوت و مەدرەسەکەی لە کۆیە • حاجی مەلا عەبدوڵڵا هەرگیز دەس بەرداری دەرس وتنەوە نەبووە بۆ تەریقەت و تەنانەت لەترسی بڵاوبوونەی تاعوون کۆڕی ئامۆژگاری کردنی موسوڵمانانیشی بەجێ نەهێشتووە •

حاجی مەلاعەبدوڵڵا چەند تەئلیفێکی بەنرخی هەیە کە ئەمە ناوەکانیانە :

١ـ حاشیەی لەسەر قەسطەلانی شەرحی بوخاری •

٢ـ حاشیەی لەسەر (انسان العیون) •

٣ـ حاشیەی لەسەر (جامع الأصول)ی ئیبنولئەثیر •

٤ـ کتێبێك بە شیعر لە سیرەتی پێغەمبەردا بە ناوی (وسیلة الوصول لساحة عنایة الرسول) •

٥ـ کتێبێك لە باسی عولوومی قورئاندا لەسەر شێوەی (الاتقان)ی سیووطی کە لە ژیانی خۆیدا ونبووە •

نەزانراوە ئاخۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە چ ساڵێکدا هاتووەتە دنیاوە ، بەڵام کۆچی دوایی کردنی لە ١٢٤٦دا بووە • بیستوومە کە ژنێکیشی لە بنەماڵەی مەولانا هێناوە ، لاموایە یا کچی حەمەخان یا شێخ مەحموود صاحێبی برای مەولانا بووبێ •

نۆهەم : شێخ مەلا عەبباسی کۆیی • ئەم ذاتە پاش سولووك و ڕیاضەکێشانێکی زۆر بووە بە خەلیفەی مەولانا و ئیجازەی خەلافەتی موطڵەقی لێ وەرگرتووە • لە شاری کۆیە دانیشتووە ، ئیجازەی دەرس وتنەوەشی هەر لە مەولانا وەرگرتووە ، لە ژیانیا ئازارێکی زۆری تووش بووە • مەولانا لەبارەیەوە چەند نامەیەکی بۆ مەنسووبەکانی نووسیوە لە کۆیە ، بەڵام وەك مەشهوورە (با بخت جدل نمیتوان کرد) •

دەهەم ـ شێخ مەلا موحەممەدی قزلەری ، ئەم ذاتە زانایەکی پایەبڵند بووە ، ماوەیەکی زۆریشی لە حوضووری مەولانادا بەسەربردووە و خەریکی ڕیاضەتکێشان و موجاهەدەی نەفس بووە و ڕەوشتێکی بەرزی بووە ، بەوجۆرە پێگەیشتووە و مەولانا کردوویە بە خەلیفەی خۆی و ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ ، ئەویش خەریکی سوود گەیاندن بووە بە موسوڵمانان لە عولوومی ظاهیر و باطیندا و ، خەڵك سوودێکی زۆریان لێوەرگرتووە و هەموو دانیان بە فەضڵ و گەورەییدا ناوە ،

یازدەهەم ـ مەلا عەبدولغەفووری کەرکووکی کە ئەمیش زانایەکی پایەبڵند بووە و ماوەیەکیش لە خزمەتی مەولانادا سولووکی کردووە تا مەولانا کردوویە بە خەلیفە و ئیجازەی ئیرشاد و تەدریسی داوەتێ ،

دوازدەهەم ـ شێخ مەلا هیدایەتوڵڵای هەولێری کە پێشتریش باسمانکرد ، ئەمیش ماوەیەك لە حوزووری مەولانادا سولووکی کردووە و پاشان ئیجازەی ئیرشاد و تەدریسی لێ وەرگرتووە ،

سیازدەهەم ـ شێخ ئەحمەدی خەطیبی هەولێری ، شەرحی حاڵی ئەم ذاتە لە کتێبی (الحدائق الوردیة)ی شێخ عەبدولمەجیدی خانیدا نووسراوە ، زانایەکی گەورە و شاعیرێکی بەدەسەڵات بووە ، زاهیدێکی واریع و خاوەن تەقوا بووە ، لەوکاتەوە کە بووە بە مەنسووبی مەولانا تا کۆچی دوایی ئەو هەر لەگەڵی بووە ، ئەوەندە جێگای باوەڕ و متمانەی مەولانا بووە ، مەولانا پێش کۆچکردنی خۆی بۆ شام ، ناردوویە بۆ ئەوێ و لە مزگەوتی موعەللەق دانیشتووە و خەریکی ئیرشاد بووە و لەم ڕێگایەوە لەوێ ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە و بووە بە مایەی ئەوە کە خەڵك زیاتر ئارەزوو پەیدا بکەن کە مەولانا بچێ بۆلایان ،

پاش چوونی مەولانا بۆ شام ، شێخ ئەحمەد بووە بە خەلیفەی مەولانا لە

(یاغوشیه)و مەولانا بەتایبەتی خەتمی (خواجەگان)ی کە جۆرە خەتمێکی تەریقەتی نەقشبەندی‌یە حەوالەی ئەو کردووە • ئەمیش بۆ بەجێ‌هێنانی ئەم خەتمە لـە مزگەوتی (عەدداس) دانیشـتووە کە جێـگای کۆبوونەوەی خەلیفەو مریدەکان بووە • شێخ ئەحمەد پاش وەفاتی مەولانا لە خزمـەتی حەرەمی مەولانادا چووەتەوە بۆ عێراق بۆ سولەیمانی•پاش ئەوە لە سولەیمانی نیشـتەجێ بووە • شـێخ ئـەحمەد شـێخ عوثمان سـیراجوددینی زۆر خۆش‌ویستووە و گەلێ‌جار چووە بۆ لای و سەری لێ‌داوە • شێخ عوثمان لەو سەردەمەدا ماڵی لە بیارە بووە • شێخ ئەحمەد لە دوا سەفەریدا بۆ بیارە نەخۆش کەوتووە و لە ١٢٥٠ی هیجرەتدا لەوێ کۆچی دوایی کردووە[٤] •

شێخ ئەحمەد دوو کوڕی بەناوبانگی بووە ، یەکەم شێخ عەبدوڵڵا کە لە مزگەوتی مەشهوور بە مزگەوتی شێخ عەبدوڵڵای هەولێری دانیشتووە لە سولەیمانی و دووهەم شێخ فەتاح کە مریدی شێخی سیراجوددین بووە و لە ناوچەی جوانڕۆ دانیشتووە لە کوردستانی ئێران •

چواردەهەم ــ شێخ مەلا بەکری کوردیی گەلاڵی کە لە شام ژیاوە و لە ١٢٦٩ی هیجرەتدا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە • ئەم ذاتـە کوڕی

---

(٤) ئەگێڕنەوە لەم سەفەرەدا شێخ ئەحمەد ، مەلا زوبەیر ناوێکی لەگەڵ بووە [ئەم مەلا زوبەیرە باوکی مەلا صالحی صەحافی خانەقای حـاجی مەلا عەلی بووە لە سولەیمانی] . کە شێخ ئەحمەد وەفات ئەکا مـەلا زوبەیر کەل‌وپەلەکانی ئەدا بە کۆڵی وڵاخەکەی [وڵاخەکەی شـێخ ئەحمەد]دا و دێتەوە بۆ سولەیمانی کە ئەگاتە لای گردی سەیوان وڵاخەکە بەرەڵڵا ئەکا و خۆی ئەچێ بۆ خانەقای حاجی مەلا عەلی .
وڵاخەکە بە بارەکەیەوە ئەڕواتەوە بۆ ماڵی شێخ ئەحمەد . ماڵ و منداڵی شێخ ئەحمەد کە وڵاخەکە بەوجۆرە ئەبینن سەرسام ئـەبن ، ئەکەونە گەڕان و پرس‌کردن تا مەلا زوبەیر ئەدۆزنەوە . مـەلا زوبەیر هەواڵی مردنی شێخ ئەحمەدیان ئەداتێ . کە ماڵ و منداڵی شێخ ئەحمەد گلەیی ئەوەی لێ ئەکەن بۆچی زووتر خەبەری نەداێ و وڵاخەکەی بەرەڵڵا کرد، مەلا زوبەیر لە وەڵامدا ئەڵێ : « بابە ! خەبەری ناخۆش ، ناخۆشە . من چۆن شتی‌وا ئەکەم ! »

ئەحمەدی کوڕی داوود بووە، زانایەکی پایەبڵند بووە • تەفسیرێکی قورئانی نووسیوە ناوی ناوە (صفوة التفاسیر) • ئەبێ پوختەی هەموو تەفسیرە بەناوبانگەکانی تا سەردەمی خۆی بێ • لە (روض البشر)دا نووسراوە لە عولوومی عەقلی‌و نەقلیدا دەستێکی بالای بووە و گەلێ لە زانایانی شام لای ئەو پێگەیشتوون وەك موفتی سەیید مەحموودی حەمزاوی و شێخ سەلیمی عەططار و شێخ ئیبراهیمی عەططار و شێخ ئەحمەد عابیدین • وەزیفەی تەدریس و ئیمامەتی بەجێ‌هێناوە لە (جامع الورد) • جگە لە تەفسیرەکەی کە تەواوی نەکردووە ، کتێبێکی‌تریشی هەیە ناوی (تنبیه الغافلین ، فی رد من خطّأ أئمة الدین)ە • لە قەبرستانی گەڕەکی (شالق) لە بازاڕی (ساروجار) نێژراوە •

پازدەهەم ـ شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی کە یەکێ بووە لەوانەی مەولانا بۆ جێگەداریی خۆی دیاری کردوون وەك پێشتر باسمان‌کرد •

شازدەهەم ـ شێخ ئیسماعیلی شیروانی کە بەتایبەتی هاتووە بۆ خزمەتی مەولانا و تەریقەتی لەسەر دەستیدا وەرگرتووە و پاش ڕیاضەت و سولووکێکی زۆر ئیجازەی ئیرشاد و تەدریسی لا وەرگرتووە • ئەم‌ذاتە خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستیا پەروەردە بوون و پێگەیشتوون و قازانجێکی زۆری بە موسوڵمانان گەیاندووە •

حەفدەهەم ـ شێخ موحەممەد حافظی ئۆرفەلی • ئەم ذاتە لەکاتێکەوە مەولانا دەستی کردووە بە ئیرشاد لە سولەیمانی ، هاتووە بۆ خزمەتی و تەریقەتی لێ وەرگرتووە • ئیتر لێی جیا نەبوەتەوە نە لە سولەیمانی و نە لە بەغدا و نە لە شام و بە هەموو جۆرێ بە دڵسۆزی‌یەوە خزمەتی کردووە • مەولانایش ئیجازەی ئیرشادی موطڵەقی داوەتێ و بڕیاریشی داوە تا ئەو هەبێ هیچ خەلیفەیەکی‌تر لە شاری ئۆرفەدا ئیرشاد نەکا و ئەم نامەیەی بۆ نووسیوە :

« بسم الله الرحمن الرحيم

« حسبنا الله ونعم الوكيل ، وعليه توكلنا .

« برادر طريقه . و مخلص على الحقيقه ، حافظ محمد افندی‌را بارشاد عباد و تسليك طلاب مجاز و مأذون نموديم . هركس از ياران اين ناتوان به شهر (عرفـاء) وارد ميشوند ، بترغيب خلق بر افندى معزو اليـه مشغـول باشند . اصلا علاقهء ارشاد نكنند . والسلام ختم الكلام . اضعف العباد : خالد النقشبندی المجددی » .

هەروا مەولانا مێزەری سەری خۆی و جلێکی ئیمامی ڕەببانی شێـخ ئەحمەدی فاروقیی سەرهیندی کە لای بووە ، بە خەلات داونی بە شێـخ موحەممەد حافظ ڕەحمەتی لێ بێ .

ئەم شێخ موحەممەد حافیظە زانایەکی گەورەو شاعیرێکی لێهاتوو و ئەدیبێکی بەرز بووە . زوربەی ئەحوالی حالەتی (جـەلال) بـووە . لـە ئامۆژگاریی ئایینیدا لە کەس نەترساوە و سوودێکی زۆری بۆ موسولمانانی دەوروپشتی بووە .

هەژدەهەم ــ شێخ مەلا عەبدولڕەحمانی کوردی . ئەم ذاتە لەوکاتەوە کە مەولانا لە سولەیمانی بووە بە مودەڕڕیس هـەر لـەگەڵی بووە و لـە خزمەتیشیا چووە بۆ هیندستان و لەگەڵیا گەڕاوەتـەوە بۆ سولەیمـانی . هەروا لەگەڵیشی چووە بۆ بەغدا و هاتووەتەوە بۆ سولەیمـانی و پاشـان لەگەڵیشی چووە بۆ شام و حەجی دووهەمیشی لەگەڵ کردووە. مەولانایش ئیجازەی طەریقەت دادانێ و تەدریسی داوەتێ . کە لەگەڵ مەولانا چووە بـۆ شام ، ئیتر نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لەوێ کۆچی دوایی کردووە .

نۆزدەهەم ــ شێخ مەلا موحەممەدی مەجذووب کە زانـایەکی گەورە بووە و (سەیدا)یان بانگ‌کردووە . ئیجازەی علمی لای مەلا یەحیای مزووری

وەرگرتووە • خەڵکی ئامێدی (عمادیە) بووە• پاش تەواوکردنی خوێندن تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانادا وەرگرتووە و خەریکی سولووك بووە و مەجذووب و خاوەنسۆز بووە • لەئەنجامی ڕیاضەتکێشان و موجاهەدەی نەفسدا مەولانا خەلافەتی موطڵەقەی داوەتێ و ئیجازەی ئیرشادی پێ بەخشیوە • لە (المجد التالد)دا نووسراوە ئەم ذاتە گەیشتووەتە پایەی بەرز و زۆرتری ئەحواڵی ئیستیغراق بووە لە موراقەبە و حوضووردا و لەبەر غەلەبەکردنی حاڵی خۆی بەسەریدا کەمجار توانای ئیرشاد و تەدریسی بووە•

بیستەم ــ سەیید طاهای نەهریٚ • ئەم ذاتە لە ئەولادی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (حەزرەتی غەوث)ە • شێخ عەبدولعەزیز وەختی خۆی هاتووەتە ئاکرێ (عقره) لە کوردستان و لەوێ نیشتەجێ بووە • یەکێ لە ئەولادەکانی ئەمیش کە ناوی (شمس‌الدین) بووە ، چووەتە شوێنێ لە کوردستانی سەروو ئاوەدانی کردووەتەوە و بە ناوی خۆیەوە ناوی ناوە و پاشان مەشهوور بووە بە (شەمزین) • ئێستا نەوەی ئەم ذاتە (شەمزینی)یان پێ ئەڵێن•سەیید طاها یەکێك بووە لە نەوەکانی ئەم ذاتە و زانایەکی موناسب بووە • تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانادا وەرگرتووە و مەولانایش ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی داوەتێ • پاشان گەڕاوەتەوە بۆ نەهرێ و دەستی کردووە بە ئیرشادی موسوڵمانان •

بیست و یەکەم ــ شێخ عەبدولقادری شەمزینی • ئەم ذاتە ، وەك شێخ موحەممەدی خاڵ نووسیویە ، لە ١٢٢٩ی هیجرەتدا چووە بۆ بەغدا بۆ خزمەتی مەولانا و تەریقەتی لەسەر دەستیدا وەرگرتووە و پاش سولووك و موجاهەدە گەیشتووەتە پایەی ئیرشاد و مەولانا ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی داوەتێ و ئەویش ئیتر گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و دەستی کردووە بە ئیرشادی موسوڵمانان •

بیست و دووهەم ــ شێخ خالیدی جەزیرەیی کە پاش سولووك و موجاهەداتێکی زۆر ئیجازەی ئیرشادی موطڵەقی لە مەولانا وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی و خەریکی دەرس‌وتنەوە بە فەقێ و ئیرشادی موسوڵمانان بووە و گەلێ‌کەس لە بەردەستیا پێ‌گەیشتوون و بەهرەدار بوون • ئەم ذاتە بە یەکێك لە خەلیفە گەورەکانی مەولانا ئەژمێررێ •

بیست و سێهەم ــ شێخ موحەممەدی فیراقی • ئەم ذاتە ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی مەولانادا سولووکی کردووە تا گەیشتووە بە پایەی ئیرشاد و ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی موطڵەقی وەرگرتووە • زۆرتری ئەحواڵی ئەم ذاتە جەلال و جەذبە و سوکر بووە و ، لە شاری دیاربەکر خەریکی ئیرشادی موسوڵمانان بووە و خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستیا پێگەیشتوون • ئەم ذاتە لە ساڵی ١٢٨٢ی هیجرەتدا وەفاتی کردووە •

بیست و چوارەم ــ مەلا ئەحمەدی کۆڵەسارەیی ، لە خاکی بێڵەوار لەنێوان کرماشان و سنەدا • ئەم ذاتە وەختی خۆی لەگەڵ شێخ عوثمان سیراجوددین لە بەغدا پێکەوە بوون لە تەکیەی حەزرەتی غەوث و پێکەوە خەریکی خوێندن و عیبادەت بوون • کە مەولانا لە سولەیمانی دەستی کردووە بە ئیرشاد ، ئەمیش لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ سولەیمانی و تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانادا وەرگرتووە و پاشان مەولانا ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ • پاش ئەوە مەلا ئەحمەد گەڕاوەتەوە بۆ (کۆڵەسارە) و لەوێ خەریکی ئیرشاد بووە •

بیست و پێنجەم ــ سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری کە موفتیی حەنەفییەکانی بەغدا بووە • ئەم ذاتە لە بنەماڵەی حەیدەری‌یە و لەو لقەیانە کە لە کوردستانەوە چوونەتە بەغدا • پێشتر باسی ئەم بنەماڵەیەمان بەکورتی کرد • یەکەم کەسی ئەم بنەماڵەیە کە چووەتە بەغدا سەیید صیبغەتوڵڵا

ئەفەندی بووە • بەهۆی بوونی ئەم ذاتەوە لە بەغدا گەلێ فەقێی بەقابیلەتی کورد چوونەتە بەغدا بۆ خوێندن و گەلێ زانای گەورەی کوردستان لە بەغدا جێ گیر بوون •

لەوکاتەوە کە مەولانا چووەتە بەغدا سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری تەریقەتی لەسەر دەستیدا وەرگرتووە و لێی جیا نەبوەتەوە و تەنانەت لەگەڵیشی هاتووەتەوە بۆ سولەیمانی و گەلێ جۆرە مەینەتی لەپێناویدا قوبووڵ کردووە • کە مەولاناش گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا ئەمیش دیسانەوە لەگەڵی گەڕاوەتەوە • پاشانیش لەگەڵیدا چووە بۆ شام • صیبغەتوڵڵا ئەفەندی وەك لە عولوومی دیندا سەرامەد بووە لە تەریقەتیشدا وا پێش کەوتوو بووە•هەروەك سولووکی تەریقەتی کردووە هەروا دەرسیشی بە فەقێکانی وتوەتەوە • سەیید عوبەیدوڵڵا ئەفەندی لەگەڵ ئەوەشدا کە لە خێزانێکی پایەبەرز و ڕێ و شوێن‌دار بووە ، بەجۆرێ نەفسی خۆی کوشتووە بە هەموکەس ناکرێت ، وەك تەرکی پۆشاکی جوان و نەخواردنی شتی خۆش • بە فەرمانی مەولانا بیست ڕۆژ بەسەر شانی خۆی ئاوی هەڵگرتووە و لە بازاڕی بەغدادا ئاوی داوە بە موسوڵمانان بەخۆڕایی • پاش ئەوەش دە ڕۆژ ئاوی بە خەڵك فرۆشتووە لە بازاڕدا • ئەمە هەموو بۆ ئەوە کە نەفسی خۆی لە خۆپەرستی پاك بکاتەوە •

سەیید عوبەیدوڵڵا ئەفەندی یەکەم خەلیفەی مەولانا بووە لە بەغدا • هەرچی خەلیفەی‌تری مەولانا بووە لە بەغدا لەپێشا لای سەیید عوبەیدوڵڵا سولووکیان کردووە تا پایەیان سەرکەوتووە و پاشان مەولانا ئیجازەی خەلافەتی داونەتێ •

مەولانا باسی ئەوەی کردووە کەوا سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری گەیوەتە ئەوپەڕی پایەی (فەنا و بەقا) کە لە عورفی ئەهلی تەریقەتدا نیهایەتی

پایەی سولووکی مریدانە • هەروەهـا فەرموویـەتی هاوتـای سـەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەری و سـەیید عەبدولغەفووری مەشـاهیدی و شـێخ مووسای جبووری و شێخ موحەممەدولجەدید ، مەگەر لە حەڵقەی شـاهی نەقشبەندیدا دەسگیر بووبن •

مەناقیبی ئەو خەلیفانەی مەولانا
لە غەیری کورد
کە ئاگام لە مەناقیبیانە

یەکەم ــ زانای پایە بەرز و خاوەن فەضڵ شێخ عەبدوڵڵای ئەفغـانیی هەراتی • کە مەولانا لە ڕێگای سـەفەری هیندستـانیدا ئەگاتـە شـاری (هەرات) ، شێخ عەبدوڵڵا لەوێ فەقێ ئەبێ ، بە خزمەتی مەولانـا ئەگات و پرسیاری لێ ئەکا کەوا بۆ کوێ ئەچێ • مەولانایش لە وەڵاما ئەفەرموێـت ئەچم بۆ خزمەتی شاهی ئەولیا شێخ عەبدوڵڵای دیهلەوی بۆ چاککردنـی وەزعی حاڵی خۆم • شێخ عەبدوڵڵا ئەڵێ منیش لە خزمەتتدا دێم • مەولانـا ئەڵێ تۆ چاوەڕوانی بکە تا من دێمەوە • شێخ عەبدوڵڵا ئەڵێ مادەم وایـە من ئەڕۆم بۆ عێراق و لەوێ چـاوەڕوانیت ئەکەم • کە مەولانـا هـەرات بەجێ‌دێڵێ شێخ عەبدوڵڵایش بەجێی‌دێڵێ ، ئەو بۆ هیندسـتـان و ئەم بـۆ عێراق • شێخ عەبدوڵڵا دێتە مووسڵ دەسـت‌ئەکا بە خوێنـدن تا هەواڵی گەڕانەوەی مەولانای پێ ئەگا کەوا هاتوەتەوە و لە سولەیمـانی خەریـکی ئیرشادە • شێخ عەبدوڵڵا لە مووسڵەوە ئەچێ بۆ سولەیمانی و ئەگاتە خزمەتی مەولانا و داخڵی تەریقەت ئەبێ و بە هەموو جۆرێ هەمیشە لەگەڵیا ئـەبێ بۆ هەرکوێ بچێ و لە هەرکوێ دانیشێ ، مەگەر مەولانا پێی‌بڵێ بمێنێتەوە ، وەك ئەو کاتە کە ئەچێ بۆ شام و پێی ئەڵێ لە سولەیمانی بمێنێتەوە لە جێی ئەو دانیشێ •

ئەم ذاتە ئیجازەی ئیرشادی لە مەولانا وەرگرتووە و هەر لە خزمەتی خۆیدا خەریکی پەروەردەکردنی موسوڵمانان بووە و تا مردن بێ عەلاقە و پێوەند ماوەتەوە و ژنی نەهێناوە • وەك وتیشمان مەولانا پێش وەفاتی وەسیەتی کردبوو کە سەیید ئیسماعیلی هەنارانی ببێ بە جێ‌نشینی و پاش ئەویش شێخ عەبدوڵڵای هەراتی • بەپێی ئەم وەسیەتە پاش وەفاتی سەیید ئیسماعیلی هەنارانی شێخ عەبدوڵڵای هەراتی لە سولەیمانی‌یەوە چووە بۆ شام و بووە بە جێ‌نشینی مەولانا و دەستی‌کردووە بە ئیرشاد و خەڵکێکی زۆر لە بەردەستیا پێگەیشتوون •

شێخ عەبدوڵڵا بە دڵسۆزی‌یەکی زۆرەوە لە شام خزمەتی ماڵ و منالی مەولانای کردووە و کە خێزانی مەولانا دێتەوە بۆ بەغدا و هەولێر شێخ عەبدوڵڵا لەگەڵی دێت • پاشانیش لەگەڵی ئەگەڕێتەوە بۆ شام • ئەم ذاتە لە ١٢٤٥ی هیجرەتدا وەفاتی کردووە •

لە (روض البشر ، في اعیان القرن الحادي‌عشر)دا نووسراوە کەوا شێخ عەبدوڵڵای هەراتی لەسەر ئارەزووی سەیید ئیسماعیلی غەززیی ژنبرای مەولانا ، شێخ موحەممەدی خانیی لە جێگەی خۆیدا داناوە بۆ ئیرشاد گوایە لەسەر بناغەی جێ‌نشینیی مەولانا و، شێخ عەبدولفەتتاحی ئاکرەییی دانەناوە• بەڵام وەك پێشتریش نووسیم ئەم قسەیە جێگەی ئیعتیبار نی‌یە ، چونکە دیاری‌کردنی شێخ عەبدولفەتتاح لەپاش شێخ عەبدوڵڵای هەراتی وەسیەتی مەولانا خۆی بووە و هەموو خەلیفە و مەنسووبەکان لەمە ئاگادار بوون • دیارە لە حاڵی‌وادا شێخ عەبدوڵڵای هەراتی ناتوانێ بەپێچەوانەی وەسیەتەکەی مەولانا بجوولێتەوە • ئەوپەڕەکەی ئەوەیە وەك چۆن شێخ عەبدولفەتتاح لەسەر تەکیەی مەولانا دانیشتووە ، ڕێی تێ‌ئەچێ شێخ عەبدوڵڵا لەناو مریدەکاندا باسی پایە و مەقامی شێخ موحەممەدی خانی‌یشی کردبێ و ئەوە وا مەعنای لێ درابێتەوە کە ئەم ذاتە ئەبێ بە جێ‌نشینی شێخ عەبدوڵڵا • لە

کتێبەکەی شێخ موحەممەدی خالیشدا نووسراوە کەوا شێـخ ئیسمـاعیلی هەنارانی وەصیی یەکەم و شێخ عەبدوڵلای هەراتی وەصیی دووهەم بووە و شێخ موحەممەد ناصحیش وەصیی سێهەم بۆئەوە کە لەسەر تەکیەی شـام لە جێی مەولانا دابنیشن و ناوی ویصایەتی شـێخ عەبدولفەتتاحی ئاکرەیی نی‌یە • جا ئەگەر ئەم نووسراوەی شێخ موحەممەدی خاڵ لەسـەر بناغەی ڕاستکردنەوە بێ ، ئەوە زۆر بـە جێگەیە ، یەکەم لەبەر ئەوە کە شـێخ موحەممەد ناصیح چەند ڕۆژێ پاش وەفاتی سەیید ئیسماعیلی هەنارانی بـە تاعوون وەفاتی کردووە و ئیتر وەصی لەئـارادا نەمـاوە • ئەگەر شێـخ عەبدوڵلای هەراتی‌یش کە وەصیی دووهەم بووە شێخ موحەممەدی خانیی تەرشیح کردبێ بۆ ئیرشاد ، هیچ عەیبێکی شەرعی و هیچ موخالەفەیـەکی مەولانا ڕوونادا • بەتایبەتی کە شێخ عەبدولفەتتاح ویصایەتی نەبێ ، دانیشتنی شێخ مەحموود صاحێبیش لەسەر تەکیەی مەولانا لە ساڵی١٢٥٩دا لە سەردەمی شێخ عەبدولفەتتاحی ئاکرەییدا مەعقوول و مەشرووع ئەبێ • بەڵام ئەگەر شێخ عەبدولفەتتاح وەصیی چـوارەم بووبێ ، مەیـدانی دانیشتنی شـێخ مەحموود صاحێب لەسەر تەکیەی شام نامێنێ مەگەر بڵێین لەسەر تەنازولی شێخ عەبدولفەتتاح بووە یا لەبەر دەرچوونی فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجید بۆ دانیشتنی شێخ مەحموود صاحێب لە تەکیەدا •

بە هەرحاڵ من لاموایە ئەوکەسـانەی کە وەصی بوون لە فەرمـانی مەولانا لایان نەداوە و فەرموودەی ئەویان بەجێ‌هێناوە •

دووهەم ــ سەیید عەبدولغەفووری مەشاهیدی بەغدایی• ئەم ذاتە لەسەر دەستی سەیید عوبەیدوڵلای حەیدەریدا داخڵی تەریقەتی نەقشبەندی بووە و لای ئەو سولووکی کردووە و پاش پێگەیشتن حەزرەتی مەولانا کردوویـە بە خەلیفەی خۆی و ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ کە لە بەغـدا ئیرشـاد بکا • ئەگێڕنەوە ئەوەندە خەریکی سولـووك بووە و لە سـولووکدا ونبووە ،

سەیید ئیبراهیمی برای هاتووە بۆ خزمەتی ، نەیناسیوەتەوە و لێی پرسیوە کێیت و ناوت چی‌یە • بەڵکو خێزانیشی کە خوشکی شێخ موحەممەدولجەدید بووە چەند جار هـاتووەتە هۆدەکەی ، ئەم نەیناسیوەتەوە و لێی پرسیوە : تۆ کێیی ؟ ئەویش ناوی خۆی وتووە و وتوویە فلانکەسی خێزانتم •

مەولانا سەیید عەبدولغەفووری زۆر خۆش‌ویسـتووە • تەنـانەت ڕۆژێکیان پاش نوێژ لە مزگەوت دەرئەچێ ، لە دەرگای مزگەوتا تـووشی ئەبێ • مەولانا دەستی ئەگرێ و ماچی ئەکا و ئەفەرموێت دەستت بەرنادەم تا گفتم نەدەیتێ کەوا لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ خۆت بمبەی بۆ ژێر ئالای باپیرت کە فەخری عالەمە درووودی خوای لەسـەر بێ • لەوێـدا سـەیید عەبدولغەفوور هاوارێك ئەکا و لە هۆشی خۆی ئەچێ ، پاش سێ سەعـات هۆشی دێتەوە بەخۆیدا •

سێهەم ــ شێخ موحەممەدی بەغدایی کە مەشهـوور بووە بە شـێخ موحەممەدولجەدید و مەولانا وای بانگ‌کردووە • ئەم ذاتە یەکێك بووە لـە گەورەترین خەلیفەکانی مەولانا و لە مەلا بەناوبانگەکانی بەغـدا بـووە و پێیان وتووە (ئەبوویووسفی دووهەم) • لە تەکیـەی خـالیدییە دەرسی وتوەتەوە و لەگەڵ ئەوەدا خەریکی تەریقەتیش بووە • دەرسی شـەرع و حەدیث و تەفسیر و تەصەووفی وتوەتەوە • هەموو ڕۆژێ تا پاش نوێـژی عیشا لە تەکیە بووە و لەوەپاش چووەتەوە بۆ ماڵ کە دیواری ماڵی بەپـاڵ تەکیەوە بووە • مەلایانی بەغدا پۆل پۆل هـاتوونەتە لای بۆ چارکردنـی گیروگرفتەکانی عیلم و شەرع و بۆ دەرس خوێندن لە خزمەتیا و بۆ بەرەکەت لێ وەرگرتنی •

ئەم ذاتەیش لە سەرەتاوە لە خزمەتی سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەریدا سولووکی کردووە و پاش ئەوە گەیشتووە بە پایەی ئیرشاد • حەزرەتـی

مەولانا کردوویەتی بە خەلیفە و ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ و کردوویــەتی بە جێ‌نشینی خۆی لە تەکیەی خالیدییە پاش سەیید عوبەیدوڵلای حەیدەری و، فەرمــانی داوە بە هەموو خەلیفــەکانی وەکوو ســەیید عەبدولغــەفووری مەشاهیدی و شێخ مووسای جبووری و غەیری ئەوانیش کە لەژێر فەرمانی شێخ موحەممەدولجەدیددا بن و لــە قسەی دەرنەچــن و وەك مورشیــد تەماشای بکەن • لەسەر ئەم قسەیە خەلیفەکان وەکوو مەولانا تەماشایــان کردووە ، تەنانەت سەیید عەبدولغەفوور کە لە خەلیفــە ئیجازەدراوەکان و (مطلق الارشاد) بووە ، بە فەرمانی مەولانا لەگەڵ شێخ موحەممەدولجەدیددا لە یەك زاویەدا دانیشتوون • ئەم زاویەیــە لە ڕۆژهەڵاتی بەغــدادا بووە و خــانووی نیشتەتەنیی سەیید عەبدولغەفوور لــە ڕۆژئاوای بــەغدا بووە • سەیید عەبدولغەفوور هەموو ڕۆژێ لەگەڵ بەرەبەیانا خــۆی گەیــاندووەتە زاویەکە بۆ خزمەتی شێخ موحەممەدولجەدید و پاش نوێژی عیشا ڕوخسەتی لێ وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی و ، ئەگەر ڕێگای گەڕانەوەی نەدابێ هەردوکیان لە زاویەکەدا ماونەتەوە و شەو لەوێ نووستوون •

ئەم دوانە بەیەکەوە ئیرشــادیان کردووە و پێــکەوە تەوەججوهیــان کردووە لە یەك حەڵقەدا لە مریدەکان ، بەڵام شێخ موحەممەد (خــەتمی خواجەگان)ی خوێندووەتەوە • هەموو شــەوێکی سێ‌شــەممە و جومعە تەوەججوهیان لە حازرانی حەڵقەی خەتم کردووە ، شێخ موحەممەد لــەلای ڕاستەوە و سەیید عەبدولغەفوور لە لای چەپەوە ، تا بە تەوەججوه کردن بە یەك گەیشتوون • زۆرتر شێــخ موحەممەدولجــەدید داوای تەوەججــوهی کردووە لە سەیید عەبدولغەفوور و گەلێ کاتیش سەیید عەبدولغەفوور داوای تەوەججوهی لە شێخ موحــەممەد کردووە ، جــا کە لە تەوەججــوه کردن بوونەتەوە دەستی یەکتری‌یان ماچ کردووە •

کاتێ که ئەم دوو ذاته له یەك زاویەدا بوون ، شێخ موحەممەدیان لەو حوجرەدا دانیشتووه که پێشتر مەولانای تیا دانیشتووه و سەیید عەبدولغەفووریان له حوجرەیەکیتردا .

زوربەی حاڵی شێخ موحەممەد (جەلال) بووه و زوربەی حاڵی سەیید عەبدولغەفوور (جەمال) بووه . شێخ موحەممەد مەنعی مریدەکانی ئەکرد لەوه که له حوجرەی یەکتردا دانیشن و ئەیفەرموو هەرکەس بەتەنیا له هۆدەی تایبەتیی خۆیدا خەریکی ذیکر و فیکر و سولووك بێ و خۆیشی موراقەبەی ئەکردن بۆئەوەی هەمیشه خەریکی سولووك بن .

شێخ موحەممەد به مریدەکانی ئەفەرموو که خەریکی خوێندنی عولوومی دین بین و کاتی تایبەتیی بۆ دائەنان که دەرسی شەرع و عەقاید و تەصەوفی تێدا بخوێنن و وەختەکانیتریان لەپاش نوێژەکان خەریکی ذیکر و ئادابی سولووك بن و وەصیەتی ئەکرد بۆ مەنسووبەکانی که هەرگیز پیاوی عالم و زانا نەبێ نەیکەن به خەلیفه چونکه نەخوێندوار تەریقەتەکه به شەرعی نابا به رێوه و ئەغلەب وائەبێ بیدعەتی تێکەڵ ئەکا .

شێخ موحەممەدولجەدید پاش کۆچکردنی مەولانا بۆ شام له بەغدا ئیرشادی کردووه ، ئەمیش پاش مەولانا هەر به نەخۆشیی تاعوون کۆچی دوایی کردووه . پاش وەفاتی ، مریدەکانی شێخ عەبدولفەتتاحی ئاکرەیییان له ئاکرەوه هێناوه بۆ بەغدا و له تەکیەی خالیدییه له جێی شێخ موحەممەد دایاناوه بۆ ئیرشادکردن .

چوارەم ــ شێخ مووسای جبووری که دانیشتووی بەغدا بووه . ئەم ذاته پاش ئەوه که چووەته تەریقەتی خالیدییەوه له بەردەستی سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەریدا سولووکی کردووه تا گەیشتووەته پایەی خەلافەت، جا مەولانا کردوویه به خەلیفەی خۆی و ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ . ئەم ذاته

وەکو ئیرشادی تەریقەتی کردووە دەرسیشی بە فەقێ وتوەتەوە • حەڵقـەی ئـامۆژگاری‌یشی بووە و قەرەباڵغێـکی گەورە لـە مەجلیسی وەعـظ و ئامۆژگاریی ئەودا دانیشتووە و دانیشتـوانی مەجلیسـەکەی گەلێ‌جـار دەستیان‌کردووە بە گریان •

شێخ مووسای جبووریی بەغدایی لە تەکیەکەی خۆیـدا لە ڕۆژاوای بەغدا ئیرشادی کردووە • لەوێ زاویەیەکی بووە هیی خۆی بووە و لەگەڵ ئەمەیشدا هەرگیز لە فەرمانی شێخ موحەممەدولجەدید دەرنەچوە • هەفتەی جارێك لە تەکیەی خۆیەوە هاتووە بۆ تەکیەی مەولانا لە ڕەصافە لە قـەراخی دیجلە لە گەڕەکی (رأس القريـة) و شـێخ موحەممەدولجەدید و سـەیید عەبدولغەفووری مەشاهیدی لەگەڵ مەنسووبەکانی‌تردا چوون بە پیری شێخ مووساوە تا بە خزمـەتی گەیشتوون و لە خزمەتیـا هاتوونەتـە تەکیـەی خالیدییـە •

شێخ مووسای جبووری گـەلێ خەلیفەی هەڵکەوتووی بووە وەکو شێخ عەبدولجەبباری حەنبەلیی نەجدی کە خەلیفەی بووە لە بەصرە و شێخ عەلیی عومانی کە خەلیفەی بووە لـە عومان و شـێخ داوودی بەغدایی کە خەلیفەی بووە لە بەغدا و شێخ عەبدولڕەحمانی خەطیب لە تەکیەی خالیدییەی بەغدا و شێخ موحەممەد سەعیدی هەولێری و کەسـانی‌تریش • بەڵام ئەو خەلیفەیەی کە لە جێگایدا دانیشتووە شێخ ئیبراهیمی مەشاهیدی بووە • پاش وەفاتی شێخ ئیبراهیم شـێخ عەبدولفەتتاحی ئاکوەیی لـە شوێنیدا دانیشتووە و شێخ عەبدولفەتتاح فەرمانی داوە بە شێخ داوود کە (خەتمی خواجەگان) بخوێنێتەوە • هەروا ئیذنی داوە کە تەوەججوھ لە مریدەکان بکا بە وەکالەتی ئەوەوە • شێخ مووسا لە تەکیەکەی خۆیدا لە بەری کەرخ نێژراوە •

پێنجەم ــ شـێخ موحەممەدی ئیمام • ئـەم ذاتە لەپاش طەریقەت وەرگرتن و سولووك کردن و ڕیاضەت کێشانێکی زۆر گەیشتووەتە پایەی ئیرشاد ، جا مەولانا ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ و کردوویە بـە خەلیفـەی خۆی و تا مەولانا لە تەکیەی خالیدییە بووە ، ئەم پێش‌نوێژیی بۆ کردووە و مەولانا تەرجیحی داوە بەسەر خەلیفەکانی‌تریدا بۆ پێش‌نوێژی• کە وەفاتیشی کردووە ، لە قەبرستانی کەرخدا نێژراوە لەپاڵ مەرقەدی (سید الطائفتين) شێخ جونەیدی بەغدادیدا •

شەشەم ــ مەلا ئەبووبکری بەغدایی • ئەم ذاتەیش پاش چوونە ڕیزی تەریقەت لە مەولانا جیانەبوەتەوە و بۆ کوێ چووبێ لەگەڵی بووە و ڕووت بووە لە هەموو پێوەندی‌یەکی دنیا و پاش وەفاتی شێخ موحەممەدی ئیمام بووە بە پێش‌نوێژی مەولانا • ئەڵێن قورئانی لەسەر شێوەی ئوبەیی کوڕی کەعب خوێندووە و ئەوەندە دەنگی خۆش بووە وتوویانە خوا کردوویە بـە هاوبەشی حەزرەتی داوود لە دەنگ خۆشیدا • بە شەو و بە ڕۆژ خەریکی عیبادەت بووە و گەلێ ڕیاضەتی کێشـاوە و جیهادی نەفسـی کردووە • مەولانایش ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی داوەتێ • کە مەولانا لـە بەغدا کۆچی کردووە بۆ شام ، ئەمیـش لە خزمەتیـا چـووە و لە شـام کۆچی دوایی کردووە و لە نزیکی مەولاناوە لەگەڵ شێخ ئیسماعیلی هەنارانی و شێخ عەبدوڵڵای هەراتیدا سپێرراوە بە خاك •

حەوتەم ــ سەیید ئیسماعیلی غەززەیی • ئەم ذاتە ، وەك لـە کتێبی (روض البشر في اعيان القرن الثالث عشر)دا نووسراوە بینا لەسەر تەرجەمە حالی کە سـەیید صـالح ئەفەندیی کوڕەزای نووسـیویە کـە موفتیی شافیعی‌یەکان بووە لـە شام ، ئیسـماعیلی کـوڕی عەبدولغەنیی کوڕی موحەممەد شەریفە ، زانایەکی پایەبەرز و ئەدیبێکی بەدەسـەڵات بووە ، لە

ساڵی۱۲۰۷ی هیجرەتدا لەدایكبووە و لای شێخ عەبدولڕەحمانی کەزبەری و شێخ حامیدی عەتتار و لای مەولانا و کەسانیتریش خوێندوویەتی ٠

ئەم ذاتە لەسەر دەستی مەولانادا تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرتووە و ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی پێدراوە و مەولانا خوشکی ئەمی خواستووە کە تەنیا کچێکی لێ بووە شووی کردووە بە شێخ موحەممەدی خانیی دیمەشقی کە ئەویش خەلیفەی مەولانا بووە ٠

ئەمە نموونەیەکی شیعری ئەم ذاتەیە لە تەعریفکردنی مەولانادا نووسیویە :

یا حسنَ فوّارةٍ تبدی لنا عجَباً
حکَت قوامَ فتاةٍ صیغَ من برَدِ
ناشدتها بالذی قد زانَ طلعتَها
و قد کسا جسمَها درعا من الزَّردِ
ما بالكِ تنهمی منکوسةً ابداً
لا ترفعی الراسَ او تصغی الی احدِ
فانشدَتْ بلسانِ الحال قائلةً
هذا خضوعی لذی العرفانِ والمدَدِ

هەروەها قەسیدەیەکیشی هەیە ناوی موجەددیدەکانی هەر دوازدە قەرنەکەی ئیسلامی تێدا هۆنیوەتەوە و دواییانی بە مەولانا هێناوە ، لەم قەسیدەیەدا ئەڵێ :

وبعدَهم من قد رقی المراقی
مُحدّثُ الشامِ کذا العراق
ومرشدُ الخلقِ لدین الحق
بالفیض والارشاد والترقی
اعنی ضیاءَالدینِ وهو خالد
غوثُ الوری ابو البهاءِ الماجد
بارِك لنا یا ربّنا فی مَدَدِه
واقسِم لنا منْ نفحاتِ مَدَدِه

ئەم ذاتە نامیلکەیەکی لەبارەی مەولاناوە نووسیوە ناوی ناوە (حصولُ الأنسِ ، في انتقالِ حضــرةِ مولانا الى حظيرةِ القدسِ) • ئەم ذاتــە لە سەفەری حەجدا لەنێوان مەککە و مەدینەدا لــە ١٢٤٧ی هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە •

هەشتەم ــ شێخ مەعرووفی تیکریتی • ئەم ذاتە تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانا خۆیــدا وەرگرتووە و ماوەیــەکی زۆر خەریــکی خواپەرستی و ڕیاضەتکێشان و موجاهەدەی نەفس بووە تا گەیشتووە بە پلەی مورشیدانی پایەبەرز و مەولانا کردوویە بە خەلیفەی خۆی و ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ، بەڵام لەبەر خەریك بوونی بە تەجەللیاتی خۆی و زۆریی جەذبە لێهاتنیەوە کەمتر توانیویە خەریــکی ئیرشادکردن بێ • لەنــاو مریدان و مەنسووبانی مەولانادا زۆر بەڕێز بووە •

نۆهەم ــ شێخ موحەممەد ناصیح کە یەکێ بووە لە گەورە گەورانی مەنسووبینی مەولانا • وەك پێشتریش باسمانکرد ، لە (روض البشر)دا نووسراوە ئەم ذاتە وەصی بووە کە پاش سەیید ئیسمــاعیلی هــەنارانی و شێخ عەبدوڵڵای هەراتی لە جێگای مەولانادا ئیرشاد بکا ، بــەڵام (المجد التالد) ئەمەی باس نەکردووە • ئەم ذاتە پاش مەولانا بە ماوەیەکی کەم بە تاعوون کۆچی دوایی کردووە و لە نزیکی مەولانادا سپێرراوە بە خاك •

دەهەم ــ شــێخ عەبدولقادری دیملانی • ئــەم ذاتە لەگەڵ شــێخ موحەممەد ناصیح پێکەوە ســولووکیان کردووە لــە خزمەتی مەولانادا و پێکەوەش ئیجازەی خەلافەتیان لا وەرگرتووە و ئەمانیش تا مردن هەر لێی جیانەبوونەتەوە و لــە شــامدا پێکەوە بــە ئــەمری مــەولانا خەریــکی پەروەردەکردنی خەڵك بوون •

یازدەهەم ــ شێخ مووسای بەندەنیجی (مەندەلاوی) • ئەم ذاتە پاش

سولووك كردن و ڕیاضەتکێشانێکی زۆر و هاوڕێیەتی‌یەکی دڵسۆزانەی مەولانا و مانەوەی ماوەیەکی درێژ لە خزمەتیا ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی لێ وەرگرتووە و دەستی کردووە بە ئیرشادی موسوڵمانان و بووە بە هۆی گەڕانەوەی زۆرکەس لە خراپە و بیدعەت و سوودێکی زۆری بە موسوڵمانان گەیاندووە •

دوازدەهەم ــ شێخ عیسای بەندەنیجی • ئەم ذاتەش بەپێی ئەوەی لە کتێبی (الانوار القدسیە)دا نووسراوە خەلیفەی مەولانا بووە ، بەڵام ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە ڕیزی خەلیفەکانی مەولانادا نەیژماردووە • زانایەکی بەرز و شاعیرێکی باش بووە • مامۆستای مەدرەسەی حەزرەتی غەوث بووە • گەلێ لە مەلا گەورەکانی بەغدا وەك عەبدولسەلامی شەوواف کە پاش ئەم بووە بە مامۆستا لە مەدرەسەی حەزرەتی غەوث ، لای ئەم خوێندنیان تەواو کردووە • قەبری ئەم ذاتە لە بەغدایە لە مزگەوتی بەندەنیجی لە نزیك مزگەوتی حەزرەتی غەوثەوە و هێشتا نەوەی لەو مزگەوتەدا ماون •

سیازدەهەم ــ شێخ موحەممەدی خانی • وەك لە (روض البشر)دا لە (الحدائق الوردیة في حقایق الاجلاء النقشبندیة) گێڕراوەتەوە ، ئەم ذاتە کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موصطەفای خانیی شافیعی‌یە • لە ١٢١٣ی هیجرەتدا لە (خان شەیخوون) لەنێوان (حەما) و (حەلەب) لەدایك‌بووە • منداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە و دایکی بەخێو و پەردەردەی کردووە و ناویەتە بەر خوێندن • پاشان بردوویەتی بۆ (حەما) و لەوێ لای شێخ خالیدولسەیید و لای شێخ عەبدولڕەحیمی بوستانی خوێندوویە • بەشێکی عیلمی نەحوی لای شێخ حەممود زوهەیر خوێندووە ، جا تەریقەتی قادریی لەسەر دەستی شێخ موحەممەد سەعدی گەیلانیدا وەرگرتووە و لە مزگەوتی شێخ عەلوان لە حەما دەستی کردووە بە ئیرشاد و دەرس وتنەوە •

که مەولانا هاتووە بۆ شـــام هاتوەتە خزمەتی و تەریقەتی لەســـەر دەستدا وەرگرتووە و دەستی کردووە بە سولووك کردن و ڕیاضەت کێشان •

لە ساڵی ١٢٤١ی هیجرەتدا بە فەرمانی مەولانا بەماڵەوە لە (حەما)وە گوێزاویەتەوە بۆ دیمەشق و لە مزگەوتی (عەدداس) دانیشتووە و هەرچەند مەولانا دەرسی بە فەقێ وتبێتەوە ئەو بووە بە (موعید)ی دەرسەکانی ، تـــا خەلیفەی مەولانا لە مزگەوتی (مرادییە) لە (سویقە) کۆچی دوایی کردووە • پاش ئەوە مەولانا لەو مزگەوتەدا دایناوە و ئیجازەی خەلافەتی موطلەقەی داوەتێ کە ئیرشاد بکا ، لەوێ لەسەر ئیرشاد ماوەتەوە تا شێخ عەبدوڵلای هەراتی وەفـــاتی کردووە ، جا لـــە جێگەی ئەودا لەســـەر تەکیەی مەولانا دامەزراوە بە فەرمانی شێخ عەبدوڵلای هەراتی •

ئەم ذاتە لەناو مرید و مەنسووبەکانا زۆر بەڕێز و حورمەت بووە و ، ئەمیش بەشێوەیەکی جوان و بەرز ئیرشادی موسولمانانی کردووە • لـــە ١٢٤٥دا چووە بۆ حەج و لە ١٢٥٣دا کتێبی (البهجة السنية في آداب الطريقة الخالدية)ی داناوە کە لە ١٣٣٠دا لە قاهیرە لەچاپدراوە • سێ جاری‌تریش هەروا چووەتەوە بۆ حەج ، جارێکیان لە ١٢٥٩دا و جارێکیان لە ١٢٦٠دا و جاری چوارەمیان لە ١٢٧٤دا لەگەڵ دوو کوڕی و گەلێ تەبەعەیدا • میرحەج لەو سەردەمەدا صەفوەت پاشای والیی دیمەشق بووە ، زۆر حورمەتی شێخ موحەممەدی گرتووە • شێخ موحەممەد لە ١٢٦٦یشدا زیارەتی قودســـی کردووە و لـــە ١٢٧٠دا ســـەفەری ئەستەموولی بووە • لەوێ زۆر ڕێزی لێ‌گیراوە • پاش ئەو سەفەرە گەڕاوەتەوە بۆ شـــام و خەریکی ئیرشـــاد و تەدریـــس کردنی خـــۆی بووە • گەلێ‌کەس لەسەر دەســـتی ئـــەم ذاتەدا پێگەیشتوون و پەروەردە بوون و ســـوودێکی زۆری بـــە موسولمانان گەیاندووە •

ئەم ذاتە لە دوازۆژەکانی ژیانیدا سەفەرێکی (حەما)ی کردووەتەوە و لەوێ نەخۆش کەوتووە و لە ڕۆژی دووشەممەی ١٩ی صەفەری ١٢٧٩ی هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شام و لـە چیای قاسیوون لە نزیکی مەرقەدی مەولاناوە سپێرراوە بە خاك •

ئەم ذاتە چوار کوڕی لێ بەجێماوە ، شـێخ موحەممەد کە زانایەکی گەورە و زاوای مەولانا بووە و پاش باوکی جێگەکەی ئەوی گرتووەتەوە و لە ١٣١٦دا کۆچی دوایی کردووە • ئەو سێ کوڕەکەشی شـێخ ئەحمەد و شێخ مەحموود و شێخ عەبدوڵلا کە هەرسیانیان بەر لـە ١٣٣٥ی هیجرەت کۆچی دوایی‌یان کردووە •

چواردەهەم ــ شێخ ئەحمەدی سەمین • ئەم ذاتە مامۆستای مەدرەسەی ئیمامی ئەعظەم بووە لە بەغدا •

پازدەهەم ــ شێخ عەبدوڵلای فەردە• ئەم ذاتە پاش وەرگرتنی ئیجازەی خەلافەت لە قودس دانیشتووە و ئیرشادی موسوڵمانانی کردووە •

شازدەهەم ــ شێخ موحەممەدی کوڕی سولەیمان • ئەم ذاتە خاوەنی کتێبی (الحديقة الندية)یە •

حەڤدەهەم ــ شێخ موحەممەد صالح•ئەم ذاتە پێشەوای شافیعی‌یەکان بووە لە شاری مەککە •

هەژدەهەم ــ شێخ عەبدوڵلای ئەرزەنجانی‌یە • ئەم ذاتـە ئینسانێك بووە بەجارێ دەستی لە دنیا داشتووە و وڵاتی خۆی بەجێهێشتووە و لەپاڵ ماڵی خوادا لە مەککە دانیشتووە بۆ خواپەرسـتی • گەیشتووەتە خزمەتی مەولانا و ئیختیاری تەریقەتی نەقشبەندیی لەسەر دەستی ئەودا کردووە و لەسەر سولووك کردن و ڕیاضەت کێشان و جیهادی نەفس بەردەوام بووە تا ئیجازەی ئیرشـادی موطڵەقی دراوەتێ و بووە بە خەلیفە • لـە گەورە

گەورانی خەلیفەکانی مەولانا بووە و مەقامی (صەحو) و (بەقا)ی بووە • گەلێ لە پیاوی گەورە و زانایانی سەردەم تەریقەتیان لەسەر دەستیدا وەرگرتووە و بەهرەمەند بوون لای • مەولانا زۆری خۆش‌ویستووە ، تەنانەت لە یەکێ لە سەفەرەکانی حەجیدا پێی‌وتووە ئەمجارە لەبەر خاتری تۆ هاتووم بۆ مەککە ، عەبدوللّا ! ئەویش لە خۆشی‌یاندا کەوتووە بەسەر دەست و پێی مەولانادا • لەنێوان ئەم ذاتە و سەیید عەبدولغەفووری مەشاهیدیدا گەلێ نامە و نامەکاری بووە کە پڕ بوون لە دۆستایەتی و مەحەببەت و گفتوگۆی ڕۆحی و باطینی ، وەك لەنێوان دوو قوتابیی قوتابخانەیەکدا •

نۆزدەهەم ــ شێخ موحەممەد عاشقی میسری • ئەم ذاتە لە شام بە خزمەتی مەولانا گەیشتووە و داخلّی تەریقەت بووە و سولووکی کردووە تا گەیشتووە بە پایە و مەولانا ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی داوەتێ• ئیبراهیم فەصیح حەیدەری ئەڵێ وەکو شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی خەبەری داومەتێ ئەم شێخ موحەممەد عاشقی میسری‌یە دوا خەلیفەی مەولانا بووە و ، کە لە ١٢٨٠ی هیجرەتدا لە سەفەری حەج گەڕامەوە و لە میسر لامدا بە خزمەتی گەیشتم • لەو سەردەمەدا لە خەلیفەکانی مەولانا خۆی تەنها ئەم ذاتەیان مابوو • ئەمە قسەی شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی‌یە ، بەلّام ئەو دیارە ئاگای لەوە نەبوە کە شێخ عوثمان سیراجوددین لە تەوێلّە تا ١٢٨٣ ژیاوە •

بیستەم ــ شێخ فەیضوللّای ئەرزڕۆمی‌یە • ئەم ذاتە کە ناوبانگی مەولانای بیستووە هاتووە بۆ سولەیمانی و لەوێ بە خزمەتی مەولانا گەیشتووە و تەریقەتی لەسەر دەستیدا وەرگرتووە و خەریکی موجاهەدەت و سولووك و ڕیاضەت کێشان بووە تا هەموو مەقاماتی طەی کردووە • ئەوجا مەولانا ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ و کردوویە بە خەلیفەی خۆی • پاش ئەوە

چووە بۆ ئەستەمووڵ و زۆر لە موسوڵمانانی ئەوێ لە بەرەکەتی بەهرەمەند بوون •

بیست و یەکەم ــ شێخ ئەحمەدی ئاگرەبۆزی‌یە • ئەم ذاتە پاش ئەوە کە تەریقەتی نەقشــبەندیی وەرگرتووە ، ماوەیەك لــە خزمەتی مەولانادا ماوەتەوە و عومری خۆی لە ســولووك‌کردن و جیهادی نەفسدا بەســەر بردووە و لە خزمەتی سەیید عوبەیدوڵڵای حەیدەریدا دەرســی عولوومی خوێندووە • لە تەکیەی خالیدییەدا ژوورێکی تایبەتیی بووە لەپاڵ ژووری سەیید عەبدولغەفووری مەشاهیدی و شێــخ موحەممەدولجەدیدیدا و لــە هاوڕێیەتیی ئەوان سوودی وەرگرتووە تا ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی دراوەتێ • لە بەغــدا ژنی هێناوە و خەریــکی ئیرشاد بووە • پــاش ئەوە چووە بۆ وڵاتی ڕۆم و لە شــاری ئیزمیر دانیشتووە و ئیرشــادی تالیبانی تەریقەتی کردووە و خەڵکێکی زۆر لە فەیض و بەرەکەتی بەهرەمەند بوون• ئەم ذاتە لای مەولانا زۆر خۆشەویست بووە و بە یــەکێ لە گەورە گەورانی خەلیفەکانی ژمێرراوە •

شایانی وتنە شێخ موحەممەد ناوێــکی ئاگرەبۆزییش هەیە مەنسووبی مەولانا بووە ، نەك خەلیفەی و لە خانوویەکدا نێژراوە لە باکووری مزگەوتی حەزرەتی غەوثەوە •

مەنسووبەکانی مەولانا

مەولانا وەك ئەو هەموو خەلیفەیەی بووە ، کۆمەڵێ مەنسووبیشی بووە کە بێ‌گومان دیارە ژمارەیان گەلێ لە ژمارەی خەلیفەکانی زیاتر بووە • وا لێرەدا ناوی هەندێ لەم مەنسووبانەیش ئەنووسین لە کورد و لــە غەیری کورد • لە سەرەتادا ئەمە ناوی هەندێ لە مەنسووبە کوردەکانی :

١ـ مەلا یەحیای مزووری [١] ،

(١) پێم خۆش‌بوو بمتوانی‌بایە لەبارەی سەرگوزەشتەی ژیانی مەنسووبەکانی مەولاناشەوە ، چەندم بۆ هەڵسووڕێ ، بنووسم . بەڵام ئەوەم پێ‌نەکرا . لەگەڵ ئەوەشدا لەناو ئەوانەدا دوانیان کە مەلا یەحیای مزووری و مەلا شێخ عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانین، لەبەرئەوەی کە حەقی مامۆستایەتی‌یان بەسەر کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە زۆرە ، بە پێویستم زانی چەردەیەکیان لەبارەوە بخەمە سەر کاغەز .

مەلا یەحیا کوڕی خالیدی خەڵکی مزووری‌یە . وەك فەقێکانی سەردەمی خۆی ئەم‌لا و لای کوردستان گەڕاوە بۆ خوێندن . زوربەی خوێندنی لای سەیید عاصمی حەیدەری بووە کە مامی صیبغەتوڵڵا ئەفەندیی گەورەی حەیدەری بووە کە چووەتە بەغدا. لای زانای بەناوبانگ سەیید صالحی حەیدەریی ئامۆزای صیبغەتوڵڵا ئەفەندیش ئیجازەی وەرگرتووە .

مەلا یەحیا پایەیەکی بەرزی لە زانستدا بووە و بە (شیخ الکل في الکل) بەناوبانگ بووە . شەهامەت و غیرەتێکی زۆری بووە و لە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپەدا لە کەس نەسڵەمیوەتەوە . لە زانستی حەدیثدا واریثی شێخی بوخاری و لە فیقهی شافیعیدا جێ‌نشینی ئیبنوحەجەر بووە .

حاشیەیەکی مودەووەنی بەسەر (توحفەی ئیبنوحەجەر)ەوە هەیە تا باسی نوێژی جەماعەت . ئەوەی موتالای بکا ئەزانێ پایەی عیلمی لە چ‌پلەیەکدا بووە . نوسخەیەکی ئەم کتێبە لە خانەقای بیارە هەبوو مەلا حامیدی کاتبی شێخی سیراجوددین نووسیبوویەوە . من زۆر جار ئاواتی ئەوە ئەخوازم کە ئەم حاشیەی مەلا یەحیایە و ، حاشیەی یووسفی ئەصەم لەسەر توحفە کە نوسخەیەکی لای شێخ موحەممەدی خاڵ هەیە و، حاشیەی حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشە لەسەر کیتابی نیکاح و تەڵاقی توحفە کە لای مەلا نیظامەددینی نۆدشەیی‌یە لە نۆدشە و ، حاشیەی مەلا عەبدولعەظیمی سنەیی کە ئەویش لای مەلا صدیقی موجتەهیدی‌یە لە سنە، هەموو پێکەوە لە یەك دوو جەڵدێکدا کۆئەکرانەوە و لەچاپ‌ئەدران، چونکی حەللی گیروگرفتی توحفە هەر بەم‌جۆرە مەلایانە کراوە و ئەکرێت. من ئەم ئاواتەی خۆم وەك وەسیەتێك لێرەدا ئەنووسم بۆ هەرکەسێ خوا تەوفیقی بدا ئەم ئەرکە جێ‌بەجێ بکات بۆ خزمەتی شەریعەتی ئیسلام و بە زیندوو ڕاگرتنی یادی مەلایانی کوردەواری .

ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە (المجد التالد)دا نووسیویە : مەولانا

. . . .

مەلا یەحیای مزووری لە گەورە گەورانی ئوممەتی موحەممەدە و لە فیقهدا گەیشتووەتە پایەی تەرجیح . سەرەڕای ئەوە وەك دەریا بووە لە عولوومی عەقلی و نەقلیدا و لە حیکمەت و فەلەکیات و ڕیاضیاتدا دەستێکی باڵای بووە . زنجیرەی ئیجازەی گەلێ لە مەلایانی کوردستان ئەگەڕێتەوە سەر ئەم و هیی ئەمیش ئەچێتەوە سەر حەیدەری‌یەکان .

ئەم ذاتە پاش گەڕانەوەی مەولانا لە هیندستان و نیشتەجێ بوونەوەی لە سولەیمانی ، لەسەر پێشنیهادی زانایان و مەشایخی سولەیمانی ، بەنیازی تاقی‌کردنەوەی مەولانا هاتووە بۆ ئەم شارە و گەلێ لە فەقێکانی خۆی لەگەڵ خۆی هێناوە . کە گەیوەتە بەرەوە ڕاستەوخۆ چووە بۆ لای مەولانا و لای ئەو دابەزیوە و گەلێ پرسیاری موهیممی لە دڵی خۆیدا ئامادە کردووە بی‌یانپرسێ لە مەولانا . پاش حەسانەوە چاوی بە مەولانا ئەکەوێ . بێ‌ئەوەی ئەم هیچ بپرسێ مەولانا وەڵامی پرسیارەکانی بە باشی بۆ ڕوون ئەکاتەوە . کۆڕی دانیشتنەکەی لای مەولانای زۆر بە دڵ ئەبێ و دڵی بەتەواوی ئەکرێتەوە و ویژدانی قەناعەت ئەکا کە مەولانا یەکێکە لە هەڵکەوتووەکانی ئوممەتی پێغەمبەر . تەریقەتی لەسەر دەستدا وەرئەگرێ و ئەچێتە ڕیزی مەنسووبەکانیەوە و نەصیحەتی مەلاکانی هاوڕێیشی ئەکا کە تەریقەتی لەسەر دەستدا وەربگرن . مەلا یەحیا پاش ئەم سەفەرە ئەبێ بە (جانانە)ی مەولانا و مەولانایش زۆری خۆش ئەوێ . ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە زمانی شێخ ئیسماعیلی بەرزنجی‌یەوە ئەیگێڕێتەوە کەوا وتوویەتی لە خزمەتی مەلا یەحیای مزووریدا بووم لە حوجرەیەکدا . پێش نیوەڕۆ بوو ، مەلا یەحیا نووستبوو . دیم وا مەولانا لە حوجرەکەی خۆیەوە هەستا و هات بۆ حوجرەکەی ئێمە ، منیش لەبەری هەستامەوە و چووم بە پیریەوە و عەرزم‌کرد کەوا مەلا یەحیا نووستووە . فەرمووی خەبەری مەکەرەوە . مەولانا هاتە حوجرەکە و دەمی مەلا یەحیای بە نووستووی ماچ‌کرد و فەرمووی (متعنا الله بحیاتك) و لە حوجرەکە تەشریفی دەرچوو ، مەلا یەحیا هێشتا هەروا نووستبوو .

مەلا یەحیا پاش تەریقەت وەرگرتنی لەسەر دەستی مەولانادا ناوبانگ و شۆرەتی گەلێ زیاتر بووە و پلەی زانستی گەلێ بەرزتر بووەتەوە . ئەم ذاتە ئەولادەکانیشی مەلا ئەحمەد و مەلا موحەممەد سەلیم و مەلا عەبدوڵلا و مەلا موصطەفا هەموو مریدی مەولانا بوون . کوڕێکی‌تریشی بووە ناوی عەبدولڕەحمان بووە ، بە دەستی یەکێ لە یەزیدی‌یەکان

شەهید بووە . ئەگێڕنەوە کە هەواڵی کوشتنی ئەم کوڕەی ئەدەنێ ، کە زۆریش مەلا چاك بووە ، هەر ئەوەندە ئەڵێ (حسبنا الله ونعم الوكيل) .

ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە (المجد التالد)دا نووسیویە : کە سەیید ئەسعەد صەدرەددینی حەیدەریی باپیرم وەفاتی کرد ، مەلا یەحیا میوانی ماڵی ئێمە بوو لە بەغدا ، فەرمووی من سەیید ئەسعەد صەدرەددین ئەشۆم . هەستا و شۆردی . سەیید عوبەیدوڵڵای مامم ئاوی ئەکرد بە دەستیا . پاشان نوێژی جەنازەشی لەسەر کرد لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان و صالحانی بەغدا . مەلا یەحیا ئەم جۆرە کارانەی بە واجبی خۆی ئەزانی و ئەیوت ڕشتەی حەیدەری‌یەکان حەقی زۆریان لەسەرمە و پێویستە خزمەتیان بکەم .

هەروەها ئیبراهیم فەصیح ئەڵێ : لەکاتێکا کە من فەقێ بووم مەولانا یەحیا لە بەغدا بوو ، صەحیحی بوخاری و شەرحی نوخبە لە ئوصوولی حەدیثدا کە ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دایناوە و (الاشباه والنظائر)ی جەلالەددینی سیووطیم لە خزمەتیدا خوێند . ئەویش ئیجازەی حەدیث و تەفسیر و عیلمەکانی‌تری پێ‌دام و فەرمووی ئەوە ئەمانەتی خۆتانم دانەوە . مەبەستی لە عیلم بوو چونکە ئەو خۆی موجازی حەیدەری‌یەکان بوو .

مەلا یەحیا صەد ساڵێك ژیاوە و لە بەغدا وەفاتی کردووە . مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی حازری جەنازەی بووە . ئیبراهیم فەصیح ئەڵێ : من و مەلا حوسەینی کوڕی مەلا جامی و سەیید موحەممەد ئەمینی کوڕی سەیید عەبدوڵڵای حەیدەری و سەیید صالحی برای سەیید عەبدوڵڵا شۆردمان . مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان و پیاو چاکانی بەغدا نوێژی جەنازەیان لەسەر کرد و لە قەبرستانەکەی باخچەی بەردەمی مەرقەدی حەزرەتی غەوثدا ناشتمان .

منیش ئەڵێم ڕێکەوتێکی باشە کەوا شێخ مەلا هیدایەتوڵڵای هەولێری خەلیفەی مەولانا خالید و حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی شێخ عوثمان سیراجوددین هەرسیانیان لەپاڵ یەکدا نێژراون و کەسیان لەنێواندا نی‌یە .

پاش وەفاتی مەلا یەحیا مەلا ئەحمەدی کوڕی بووە بە جێگەداری و پاش ئەویش مەلا عەبدولهادیی کوڕی (کوڕی مەلا ئەحمەد) لە ئوتروش بووە بە مەلا . مەلا عەبدولهادی لە ١٣١٢ای هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە . مێژووی ئەم بنەماڵەیە پێویستی بە دەفتەرێکی گەورەیە . ئەگەر خوا یارمەتیم بدا شتێکی موناسبیان لەبارەوە ئەنووسم .

٢ــ مەلا موحەممەد سەلیمی کوڕی مەلا یەحیا •
٣ــ مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا یەحیا •
٤ــ مەلا مصطەفای کوڕی مەلا یەحیا •
٥ــ مەلا عەبدوڵلای ئامێدی •
٦ــ ڕەسووڵی ذەکی •
٧ــ مەلا مەحموودی شەمزینی •
٨ــ شێخ موحەممەد قەسیمی سنەیی •
٩ــ شێخ مەلا طاهای حەریری •
١٠ــ مەلا ئەحمەدی عومەر گونبەدی کە لای مــەلا یەحیا ئیجازەی وەرگرتووە •
١١ــ مەلا مەحموودی عومەرگونبەدی •
١٢ــ مەلا موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کۆیی •
١٣ــ مەلا ئەبووبەکری کوچك مەلا ، باپیری مەلا ئەفەندیی هەولێر •
١٤ــ مەلا موحەممەدی هەولێری •
١٥ــ مەلا موصطەفای هەولێری
١٦ــ مەلا ئەسعەد ئەفەندیی جەلیی کۆیی •
١٧ــ مەلا ئەحمەدی گەلاڵی •
١٨ــ مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس کوڕی مەلا جەلالی خورماڵی •
١٩ــ مەلا مەحموودی مودەڕڕیس کوڕی مەلا جەلال •
٢٠ــ مەلا عەبدولکەریمی کوڕی شێخ عومەری مودەڕڕیسی مزگەوتی گەورەی سولەیمانی •
٢١ــ سەیید عەلیی بەرزنجی قاضیی سولەیمانی •
٢٢ــ سەیید عەبدولقادری بەرزنجیی مودەڕڕیس •
٢٣ــ سەیید عەبدولعەزیزی بەرزنجی برای نەقیبی سولەیمانی •

٣٤ـ سەيید عەبدوللای بەرزنجی برازای نەقیب •

٣٥ـ سەیید ئیسماعیلی بەرزنجی برازای نەقیب •

٣٦ـ سەیید عەبدولقادری بەرزنجی •

٣٧ـ سەیید موحەممەدی بەرزنجی •

٣٨ـ سەیید عەلیی بەرزنجیی مودەڕڕیس

٢٩ـ مەلا شێخ عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی[٢] •

---

(٢) ئەم ذاتە لە مەلا گەورەکانی سەردەمی خۆی بووە. لە عەشرەتی ڕۆژبەیانی‌یە کە لە ناوچەی کەرکوك ئەژین . بە ئوسوولی فەقێیەتی لە کەرکوك و دەورو پشتی خوێندوویەتی و پاشان کە نزیك بووە ببێ بە مەلا ، چووە بۆ بەغدا بۆ خزمەتی سەیید صیبغەتوللا ئەفەندیی حەیدەری و لە خزمەتی ئەودا خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی لا وەرگرتووە و لە مزگەوتی (ئەحمەدی) لە (مەیدان) لە قەراخی دیجلە ، بووە بە مودەڕڕیس .

مەلا عەبدولڕەحمان مەلایەکی زۆر گەورە بووە و گەلێ تەئلیفاتی بەکەڵکی هەیە وەکو حاشیەی لەسەر ڕیسالەی (اثبات الواجب)ی جەلالوددینی صیددیقیی دەووانی و ، حاشیەی لەسەر (حکمة العین) و گەلێ زانای بەرز لە مەدرەسەکەیدا پێگەیشتوون وەکو زانای بەناوبانگ مەلا موحەممەدی بانەیی ماموستای مەلا عەلیی قزلجی و وەکو مەلا موحەممەدی خەطێ کە مودەڕڕیسی میر موحەممەدی ڕەواندز بووە کە مەشهوورە بە (میرە کۆرە) . ئەم مەلا موحەممەدە ماموستای حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و مەلا عومەری خەیلانی بووە کە مودەڕڕیس بووە لە ڕەواندز . ئەم مەلا عومەرەیش ماموستای حاجی عومەر ئەفەندیی هەولێریی باوکی مەلا ئەبووبەکر ئەفەندیی هەولێر بووە کە مەشهوورە بە (مەلا گچکە) .

لەسەر نووسینی ئیبراهیم فەصیح ، ئەم مەلا شێخ عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی‌یە ماموستای تەکیەی خالیدی‌یەیش بووە . وادیارە ئەمە پێش ئەوە بووە کە ببێ بە مودەڕڕیسی مزگەوتی ئەحمەدی. مەلا عەبدولڕەحمان لە ١٢٧٠دا وەفاتی کردووە و دوو کوڕی لەپاش بەجێماوە مەلا موحەممەد و مەلا ئەحمەد. مەلا ئەحمەدیان بووە بە مودەڕڕیسی مزگەوتی ئەحمەدی لە جێی باوکیدا .

٣٠ــ مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانیی کوڕی مەلا شێخ عەبدولڕەحمان •

٣١ــ مەلا موحەممەدی ڕۆژبەیانی •

٣٢ــ سەیید عەبدوللەطیفی بەرزنجی •

٣٣ــ مەلا عەبدولقادری شێخەڵمارێنی •

٣٤ــ مەلا حوسەینی پژدەری •

٣٥ــ مەلا عومەری عەسکەری •

٣٦ــ مەلا ئووەیسی عەسکەری •

٣٧ــ سەیید ئەسعەد صەدرەددینی حەیدەری •

٣٨ــ سەیید صیبغەتوڵڵای حەیدەری •

٣٩ــ سەیید عەبدولقادر صیدقیی حەیدەری •

٤٠ــ سەیید عەبدولسەلامی حەیدەری •

٤١ــ سەیید عەبدولغەفووری حەیدەری •

شاعیری عێراق عەبدولباقی عومەری دوو قەسیدەی بۆ لاواندنەوەی مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی وتووە ، لەو قەسیدەیاندا کە دوا حەرفی حەرفی (تێ)یە ئەڵێ :

قدْ قَضى عمرَهُ بزُهدٍ و تقوى
و صَلوةٍ مشفوعةٍ بصِلاتِ
ببَنانِ البَيانِ في البحثِ كم قد
حلَّ للطالبينَ من مُشكلاتِ
و بقطرِ العراقِ محوَرُ فضلٍ
مثلُهُ لا أتي و لا هو آتٍ
بعدَهُ أضحتِ المدارسُ حتى
من حُلى كلِّ فاضلٍ عاطلاتِ
رجعتْ مطمئنةٌ منه نفسٌ
وتسامتْ لأرفعِ الدَّرجاتِ
و ترقّى سُلّمِ العلمِ أرّخ
شانُ عبدِ الرحمنِ للجنّاتِ

(١٢٧٠)

٤٢ــ سەييد عەبدولڕەززاقی حەیدەری •
٤٣ــ سەييد عیسای حەیدەری •
٤٤ــ سەييد فەضڵولڵای حەیدەری •
٤٥ــ سەييد عەبدولحەکیمی حەیدەری •
٤٦ــ سەييد عەبدولحەلیمی حەیدەری •
٤٧ــ سەييد موحەممەدی حەیدەری •
٤٨ــ سەييد ئیبراهیم فەصیحی حەیدەری ، کە خۆی نووسیویە منداڵ بووم بە خزمەتی مەولانا گەیشتم و خۆم بە خاکسار و مەنسووب ئەزانم •

لە مەنسووبەکانیشی لە غەیری کورد ناوی ئەمانەمان ئاگا لێیە :

١ــ شێخ عوثمانی کوڕی سەنەدی نەجدی •
٢ــ سەييد ئەحمەدی دیملانی •
٣ــ سەييد مەحموودی دیملانی •
٤ــ سەييد موحەممەد ئەمینی مودەڕڕیس لە بەغدا •
٥ــ سەييد موحەممەد ئەمینی سووەیدی موفتیی حیللە •
٦ــ سەييد موحەممەد ئەسعەد موفتیی حیللە •
٧ــ سەييد موحەممەد سەعید موفتیی حیللە •
٨ــ سەييد شێخ موحەممەدی طەبەقچەلی •
٩ــ سەييد ئەبووبەکری هەوواری •
١٠ــ سەييد عەبدوڵڵای داغستانی
١١ــ سەييد مەحموود شەهابوددینی ئالووســی ، خاوەنی تەفسیری (روح المعانی) •
١٢ــ سەييد موحەممەدی کوڕی سولەیمانی بەغدادی •
١٣ــ سەييد موحەممەدی کوڕی حوسەین نەظیف •
١٤ــ سەييد سولەیمانی کوڕی سەييد جورجیس •

١٥ــ سەیید موحەممەد ئەمینی ئیبنو عابیدینی دیمەشــقی ، خاوەنی کتێبی (ابن عابدین) لە شەرعی حەنەفیدا ٠

١٦ــ عومەر ئەفەندیی غەززی موفتیی شافیعیەکانی شام ٠

١٧ــ شێخ عەبدولڕەحمانی کەزبەری حەدیثزانی شام ٠

١٨ــ شێخ عەبدولڕەحمانی طیبی ٠

١٩ــ عەبدوللا پاشای حاکمی عەککا ٠

٢٠ــ داوود پاشای والیی بەغدا ٠

٢١ــ مەککی زادە موصــطەفا عاصــم ئەفەندی شێخولئیســلامی ئەستەموول ٠

٢٢ــ شێخ شامیلی داغستانی ٠

٢٣ــ شێخ فەوزیی سەیید ڕاغیب ئەفەندی ٠

٢٤ــ نەجیب پاشای والیی شام ٠

٢٥ــ عەینی ئەفەندی ٠

٢٦ــ سەیید عەبدولعەزیز ئەفەندیی گەیلانی نەقیبی ئەشرافی بەغدا ٠

٢٧ــ حاجی وەلیوددین پاشای والیی شام ٠

٢٨ــ سەیید عەبدولڕەززاقی حەیدەری ٠

٢٩ــ سەیید موحەممەد طاهیر ئەفەندیی حوسەینی موفتیی قودس ٠

٣٠ــ شێخ ئەبولخەیری دیاربەکری ٠

٣١ــ سەیید موحەممەد ئەسعەد ئەفەندیی کە بە (ابن النائب) بەناوبانگ بووە ٠

٣٢ــ شێخ صــەلاحی عەجلوونی کە بە (ابن ابی الفتح) بەناوبانگ بــووە ٠

٣٣ــ موحەممەد ئەفەندیی جونــدی موفتیی مەعەڕڕەتولنوعمان لــە حەلەب ٠

٣٤ــ شێخ عومەری موجتەهیدی دیمەشقی •

٣٥ــ سەیید خەلیلی سەمین نەقیبی ئەشرافی تەرابلوسی شام •

٣٦ــ سەیید حەســەن ئەفەندیی تەقی‌یوددینی حوسەینی ، موفتی و نەقیبی ئەشرافی دیمەشق •

٣٧ــ شێخ موحەممەدی ئاگرەبۆزی کە پێشتر ناومان هێنا •

زنجیرەی طەریقەتی مەولانا

وەك زانیمان مەولانا طەریقەتی نەقشبەندیی لــە تازەکەرەوەی قەڕنی سیازدەی هیجرەت (شاه عەبدوڵڵای دیهلەوی) وەرگرتووە کــە لەقەبی (غولام عەلی) بووە ، ئەویش لە (شێخ شەمسوددین جانی جانان حەبیبوڵڵای مەظهەر)ی وەرگرتووە . ئەویش لە (سەیید نوور موحەممەدی بەدەوانی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ سەیفوددین)ی وەرگرتووە ، ئەویــش لە (شێخ موحەممەد مەعصوومی موجەددیدی)ی وەرگرتووە کە مەشــهوور بووە بــە (العروة الوثقى) ، ئەویش لــە (شــێخ ئەحمــەدی فارووقیی سەرهیندی)ی باوکی وەرگرتووە کە تازەکەرەوەی ســەدەی دوازدەهەم بووە ، ئەویش لە (شێخ موحەممەد باقی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ موحەممەدی خواجەگیی سەمەرقەندی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (دەروێش موحەممەد)ی وەرگرتووە ، ئــەویش لە (شــێخ موحەممەد زاهیــد)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (خواجــە عوبەیدوڵڵا ئــەحرار)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ یەعقووبی چەرخی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لــە (شێخ موحەممەد موبارەك شــاهی بوخاری)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شــێخ عەلائەددینی عەططار)ی وەرگرتووە ، ئەویش لــە (شــێخ موحەممەدی ئووەیسیی بــوخاری)ی وەرگرتووە ، ئەویــش لە (شــاه موحەممەدی نەقشــبەند)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئەمیر کولال)ی وەرگرتووە ، ئەویش

له (شێخ بابا موحەممەدی سەمماسی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ عەلیی ڕامیتەنی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شـێخ موحەممەدی ئەنجیر فەغنەوی)ی وەرگرتووە، ئەویش لە (شێخ عارفی ڕیوەگەری)ی وەرگرتووە، ئەویش لە (شێخ عەبدولخالقی غەجدەوانی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ یووسفی هەمەدانی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شـێخ عەلیی فارمەدی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ ئەبولحەسـەنی خەرقانی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ ئەبولیەزیدی بەسطامی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئیمام جەعفەری صادق)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی حەزرەتی ئەبووبەکری صددیق)ی وەرگرتووە کە یەکێکە لە حەوت شەریعەت زانەکە (الفقهاء السبعة) ، ئەویش لە حەزرەتی (سەلمانی فارسی)ی وەرگرتووە کە یەکێکە لـە ئەصحابە ئەویش لـە (حەزرەتی ئەبووبەکری صیددیق)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (حەزرەتی موحەممەدولموصطەفا)ی وەرگرتووە ، ئەویش لـە ئەمینداری وەحی (حەزرەتی جوبرەئیـل)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە خوداوەندی گەورەو بێهەمتای وەرگرتووە .

ئەمە زنجیرەی طەریقەتی نەقشـبەندیی مەولانا . زنجیرەی طەریقەتی قادرییشی بەمجۆرەیە :

مەولانا طەریقەتی قـادرییشی هەر لە (شـاه عەبدوڵڵای دیهلەوی) وەرگرتووە ، ئەویش لـە (شێخ شـەمسوددین جانی جانان حەبیبوڵڵای مەظهەر)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ موحەممەد عابید)ی وەرگرتووە، ئەویش لە (شیخ موحەممەد سەعیدی خازین)ی وەرگرتووە ، ئەویش لـە (شێخ ئەحمەدی فاروقیی سەرهیندی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شاه ئەسکەندەری کەتیلی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شاه کەمالی کەتیلی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شاه فەضیل)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (سەیید گەدایی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (سەیید شەمسوددین)ی وەرگرتووە ،

ئەویش لە (سەیید عەقیل)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (سەیید بەهائوددین)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (سەیید عەبدولوەهھاب)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (سەیید شەرەفوددینی قەتتـــال)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ســەیید عەبدولڕەززاق)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئەبولحەسەن عەلیی کوڕی موحەممەدی قورەیشیی هەکاری)ی وەرگرتووە، ئەویش لە (ئەبولفەرەجی طەرسووسی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (عەبدولڕەحمانی تمیمی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (جونەیدی بەغدایی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (سەریی سەقەطی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (شێخ مەعرووفی کەرخی)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئیمام عەلی ڕەضا)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئیمام مووسای کاظم)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئیمام جەعفەری صادق)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە (ئیمام موحەممەدی بـــاقر)ی وەرگرتووە ، ئەویش لـــە (ئیمام عەلی زەینولعابیدین)ی باوکی وەرگرتووە ، ئەویش لە (حەزرەتی حوسەین)ی باوکی وەرگرتووە ، ئەویش لـــە (حەزرەتی عەلی)ی باوکی وەرگرتووە ، ئەویش لە (حەزرەتی پێغەمبەر)ی وەرگرتووە دروودی خـــوای لێ بێ ، ئەویش لە (حەزرەتی جوبرەئیل)ی وەرگرتووە ، ئەویش لە خوداوەنـــدی گەورەو بێهاوتای وەرگرتووە •

مەولانا هەروەها تەریقی (سوهرەوەردی)و (کوبرەوی)و (چەشتی)یشی وەرگرتووە •

☆ ☆ ☆